





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# نامیلکەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی: ١٧

بەشێک لەخۆپیشاندان، کۆبوونەو، پەیام، ئیدانەکردن، پشتیوانی لە دەرەوەی وڵات سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان،

رووح و رەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی ڕاپەرینی کوردستان و ئێران شاد بێ.

سپاس و پێزانین بۆ هەموو ئەم دڵسۆزانەی گەل و نیشتمانی لە دەرووەوە وڵات کە زۆر چالاکانە ئەرکی نەتەوایەتی و هاوخەم و پشتیوانی خۆیان لە شۆرشی (ژن، ژیان، ئازادی) بەجێ گەیاند، هەر سەلامەت و تەمەن درێژ بن.

کۆی نامیلکەکە ٢٥٢ لاپەڕەویە.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ناوەڕۆک:


- کورد لە دیاسپورا(وەک پێشەکی) ........................................ تەیموور مستەفایی .......... ٣
- مانگ خەرمانانی = سێپتەمبەر .................................................................... ٥
- مانگی ڕەزبەر = سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەر ............................................................ ١٩
- مانگی خەزەڵوەر = ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەر .......................................................... ١١٣
- مانگی سەرماوەز = نۆڤەمبەر و دێسەمبەر .......................................................... ١٨٨
- مانگی بەفرانبار = دێسەمبەر و جانێوێری ........................................................... ٢٣٩




سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# کورد لە دیاسپورا



**تەیموور مستەفایی**

**کوردەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە دیاسپورا بەسەر چوار دەستەدا دابەش دەبن:**

١- ئەو پێشمەرگە کەم ئەندامانەن کە بەهۆی لەدەستدانی بەشێک لەجەستەیان لەلایەن حیزبەکانیانەوە نێردراونەتەدەرەوە.

٢- ئەوانەی ساڵانێک پێشمەرگە بوون جا بە هەر هۆیەکەوە ڕوویان لە هەندەران کردووە.

٣- ئەو لاوانە کە لە ناوخۆی وەڵات بەهۆی سیاسیەوە مەترسی گیرانیان لە لایەن ڕێژیمەوە لەسەر بووە و نەیانویستووە ببنە پێشمەرگە و ڕویان لە دەرەوە کردووە.

٤- دەستەی چوارەم ئەو کەسانەن کە بەهۆی نەبوونی دەرەتانی کار و بێ ئاسۆیی ڕوویان لە دەرەوە کردووە.

وەک دەبینین ٢ دەستەلەوانەی ڕویان لەدەرەوە کردووە کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانن کە هەرکام لەچوارچێوەی ئەرکێکداکە پێیان ئەسپێردراوە خەریکی تێکۆشانن کە ئەم بابەتەی من پەیوەندی بەئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە هەیە.

زۆربەی هەرە زۆری ئەم هاوڕێیانەمان لە کومیتەکانی حیزب لە دەرەوە سازمان دراون و هەر وەک ڕابردوو دڵسۆزانە لە بۆنە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

حیزبییەکان و هەر ئەرکێکدا کە پێیان ئە سپێردراوە ئامادە ی ئەنجام دانی بوون. لەم ساڵانەی دواییشدا لەیاد ٣٠ ساڵەی ڕێبەرانی شەهید د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیدا لەهەموو وەڵاتەکانەوە چوونەتە بلژیک و برلین وبەم چەشنە یادی ڕێبەرانی شەهیدیان ڕێز لێگرتووە و پەیمانی وەفادارییان بۆ درێژە دان بەرێگاکەیان نوێ کردووەتەوە.

لە دەستپێکی ڕاسانی ڕۆژهەڵاتەوە بەئامادەبوونیان بۆ گەڕانەوە بۆناوخۆی وەڵات، بەشدارییان شانبەشانی پێشمەرگەکان لە شاخەکانی کوردستان و بەیارمەتییەکانیانیشیان لەدابین کردنی کەرەسە وپێداویستییەکانی پێشمەرگەکاندا دەورێکی گرینگیان گێڕاوە.

دەوری ئەندامانی حیزبەکەمان لە دەرەوەی وەڵات، لەم قۆناغەی خەباتیشدا، لەدژی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتییەکان بەبیروڕای گشتی جیهان جێگای ڕێزلێنان و ئافەرین پێگوتنە، ئەوان بە بەشداریە بەربلاوەکانیان لە ڕێپێوانەکانی دەرەوەی وەڵات سەنگ و وەزنی حیزبەکەمانیان بۆ دۆست و دوژمن زۆر بەباشی دەرخست.

وەک دەردەکەوێ بوونی ئەم هاوڕێیانەمان لە دەرەوەی وەڵات بۆ گەیاندنی دەنگی خەڵکەکەمان بەگوێی دونیای دەرەوە خاڵێکی پوزیتیڤ و کاریگەرە و لە ڕاستیدا نوێنەرایەتی لایەنێک لە خەبات دەکەن کە بۆ کورد پێویستە و دەبێ زیاتر گرینگی پێ بدرێ.

بوونی هاوڕێیانمان لە دەرەوە بۆ ئەوەی دەنگی خەباتەکەمان و زۆڵملێکراوی نەتەوەکەمان زیاتر لە پێشو بگوێی خەڵکی دونیا بگەیەنین و دۆست و هاوڕێ بۆ پشتیوانی لە خەباتە ڕەواکەمان پەیدا بکەین گرینگ و جێگای بایخە.

**پاش ئەم کورتە باسە دێمە سەر ئەو قسە نەشیاو و ناباوانە کە ڕۆژانە دەرحەق بە کوردانی دیاسپورا دەگوترێ. وەک :**

لەشوێنی گەرم دانیشتون، قاوەخۆرەکان، چی وچی کە ئەو ناو و ناتۆرانە بێگومان بریندارییان دەکات و پێی ناڕەحەت دەبن.

**هاوڕێیان!**

زیاتر لە ٩٥% لەو هاوڕێیانە بەردەوام لە خەمی خەبات بۆ بەرەوپێش چوونی دوزی نەتەوەکەمانن زۆر بێ جێ و زاڵمانەیە شێوەی ئاخاوتنمان ڕوو لەوان ناڕەفیقانە بێت. لە یادمان نەچێت زۆربەی هەرە زۆری ئەوان لەسەنگەری خەبات لە پێناوی ئازادیدا خوێنیان داوە و ئارەقەیان ڕشتووە و ئێستاش وەفاداری ڕێبازی شەهیدە نەمرکانمانن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مانگ خەرمانانی = سێپتەمبەر

# لە نیۆیۆرک خۆپیشاندان دژی کوشتنی ژینا ئەمینی و سەرکۆماری ئێران بەڕێوە چوو




**٢٨ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی دووشەممە ٢٨ی خەرمانان، ڕەوەندی ئێرانی بەشێویەکی بەرچاو لە شاری نیۆیۆرک وهاوکات لەگەڵ مانگرتن و ناڕەزایەتیی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، لە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دژی هاتنی ڕەئیسی، سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران و کوشتنی "ژینا ئەمینی" خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان بەڕێوە برد.

ئامادەبووان بە بەرزکردنەوری ئاڵای وڵاتەکانیان و وێنەی ژینا و پلاکاردی جۆربەجۆر دژی سیاسەتی کوشتار و تیرۆری ڕێژیمی ئێران دروشمیان وتەوە و داوایان لە دەسەڵاتدارانی ئێرانی کرد ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن و سیاسەتی کوردکوژی کۆتایی پێ بێنن و ڕوو بە جیهان خوازیاری ئەوە بوون دژی کۆماری ئیسلامی هەڵوێست بگرن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەو گردبوونەوەیەدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکرات لە ئامریکا و کانادا بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبوو؛ ئەوان لە ڕێگای ئاخاوتن و میدیاکانەوە سیاسەت و پیلانگێڕییەکانی ڕێژیمی ئێرانیان لەقاو دا و هەورەها پشتیوانیی خۆیان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات کردەوە.

لەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا کەسوکاری قوربانییانی خستنەخوارەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی و گیراوە سیاسییەکان و هونەرمەندانی ناسراوی ئێرانی بەشدار بوون و وتاریان پێشکەش کرد و بە ستایشەوە باسیان لە خەبات و خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان کرد.

"ڕەحیم ڕەشیدی" لەنێو ئاپۆرای ئێرانییەکاندا وتارێکی پێشکەش کرد وتی: "شانازی دەکەین کە لە ڕێفراندۆمدا وەکوو کوردستان دەنگمان بە کۆماری ئیسلامی نەدا، ڕێژیمی ئێران ئەوندە لەرزۆکە کە لەپرچی ژینا دەترسێ و ئەمەش ئاماژەیە بۆ لاوازیی ئەو ڕێژیمە."

ڕەشیدی لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد قەتڵی ژینا هەمووانی یەک خستووە و پێویستە ئەو یەکگرتوویە بپارێزین و پێکەوە هەوڵی ڕووخانی ڕێژیم بدەین.

ناوبراو لە درێژەدا باسی لەوە کرد کە کوردستان ئیدی هەست بە پەراوێزخستن و تەنیایی ناکات و خەباتی ئێمە لە ڕابردووشدا بۆ ئازادی و دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤ بووە تاکوو ژیناکان شکۆ و کەرامەتیان پارێزراو بێت.

بەرپرسی کۆمیتەی گشتیی حیزب لە ئامریکا، کۆماری ئیسلامیی بە شێری ماڵەوە و ڕێوی دەرەوە ناوزەد کرد کە تەنانەت بۆ کوشتنی باڵاترین مۆرەی خۆیان واتە قاسم سلێمانی نەیانوێرا هیچ کردەوەیەک لە خۆیان نیشان بدەن و ئەمڕۆ دەبا ڕەئیسی لە بەندیخانە بایە و ئێمە وەکوو نەتەوە ژێر ستەمەکانی ئێران ڕادەگەیەنین کە ناوبراو نوێنەرایەتیی ئێمە ناکات.

وتاری ڕەحیم ڕەشیدی لەگەڵ پێشوازی و چەپڵەڕێزانی بەردەوامی ئامادەبووان ڕووبەڕوو بوویەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## فینلاند، بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی ژینا ئەمینی و پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانەکانی ئێران و کوردستان




**٢٩ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە شاری تورکووی وڵاتی فینلاند کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بۆ شەرمەزارکردنی کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی جەنایەتکارانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکانی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی سێشەممە ٢٩ی خەرمانان، بەشێکی بەرچاو لە کوردستانیان و ئێرانییەکانی دانیشتووی شاری تورکوو لە وڵاتی فینلاند، کۆبوونەوەیێکی بەرینیان بۆ شەرمەزارکردنی کوشتنی خاتوو ژینا ئەمینی و پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەڕێوەبرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، بەڕێوەبەرانی بەرنامەکە بە سێ زمانی کوردی، فارسی و فینلاندی ئامانجی کۆبوونەوەکەیان خستە ڕوو، هەروەها پەیامێک ڕوو بە دەوڵەتی فینلاند لە سەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە زمانی فینلاندی پێشکەش کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەشداربووان لە درێژەی بەرنامەکانیاندا، بە زمانی کوردی و فارسی چەندین دروشمی پشتیوانی لە ژنانی کوردستان و ئێران و هەروەها  دژ بە کۆماری ئیسلامییان وتەوە.

لە بەشێکی  دیکەی بەرنامەکەدا سەید ئەحمەد حوسێنی وتارێکی بە زمانی کوردی پێشکەش کرد، ناوبراو ئاوڕی لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێران دایەوە و ڕایگەیاند گەلی کورد هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمەوە "نا"ی، بە کۆماری ئیسلامی وتووە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا باسی لە چۆنییەتی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی کرد کە زۆر بێبەزەییانە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا گیانی لە دەست داوە.

بەشێکی دیکەی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ هۆنراوە و سروودی شۆڕشگێری کە لەلایەن بەشدارانەوە پێشکەش کران.
کۆتا برگەی ئەم کۆبوونەوەیە بە سروودی ئەی شەهیدان کۆتایی پێهات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک بۆ مەحکوومکردنی کوژرانی ژینا ئەمینی لە وڵاتی سوئید




**٢٩ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کوردانی دانیشتووی شاری یۆتۆبۆری لە وڵاتی سوئید، لە گردبوونەوەیەکی جەماوەریدا، پاڵپشتیی خۆیان بۆ خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی و کوژرانی ژینا ئەمینی و لاوانی کوردیان مەحکووم کرد.

ڕۆژی سێشەممە، ٢٩ی خەرمانانی، کوردانی دانیشتووی شاری یۆتۆبۆری لە وڵاتی سوئید، لە گردبوونەوەیەکی جەماوەریدا پاڵپشتیی خۆیان بۆ خۆپیشاندانەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەربڕی و کوژرانی ژینا ئەمینی و لاوانی کوردیان بەدەستی بکوژانی ڕێژیمی ئێران مەحکووم کرد.

**لەم گردبوونەوەیەدا چەندین ڕێکخراو و لایەنی سیاسی بەشداربوون و پەیام و وتاریان پێشکەش کرد کە پێکهاتبوون لە:**

. ڕێکخراوی کۆمەڵەی ژنانی کورد لە یۆتۆبۆری کە لە لایەن "ژیلا فەرەجی"ـەوە پێشکەش کرا.

. پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە لە لایەن "ڕەزا لوتفی"ـەوە پێشکەش کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

. وتاری "کێنێت فۆرشلوند" بەرپرسی لیژنەی سیاسەتی دەرەوەی پارلەمانی سوئید.
. پەیامی یەکیەتیی ژنانی سۆسیال دیمۆکرات بە زمانی ئینگلیزی کە لەلایەن "کۆچەر وەلەدبەیگی"ـەوە پێشکەش کرا.
. پەیامی هێز و لایەنە سیاسییە کوردییەکانی شاری یۆتۆبۆری
. وتاری "ڤکتۆریا رۆکلۆند" ئەندامی شارەوانیی یۆتۆبۆری لە حیزبی سۆسیال دیمۆکرات
. پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانی سوئیدی کە لە لایەن "تریفە ئەمینی"ـەوە پێشکەش کرا
جێی ئاماژەیە کە نوێنەرانی پارلەمانی سوئید لەم گردبونەوەیەدا بەشدار بوون.

درێژەی گردبونەوەکە بە خوێندنی چەند سروودی نیشتمانی لە لایەن کۆڕی هونەریی کۆمەڵەی ژنانی کورد لە یۆتۆبۆری بەڕێوەچوو.

لە کۆتایدا بەشداران تێکڕا دروشمیان دا
"ئێمە کوردین ئەمێنین، تۆڵەی ژینا ئەسێنین"
"داگیرکەری ئێرانی، قاتڵی ژینامانی"



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دیداری بەرپرسی بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لە ئوسترالیا لەگەڵ نوێنەری پارلمانی فێدراڵی ئەو وڵاتە



**٣٠ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی خەرمانان، "سەلاح پوورئەسەد" بەرپرسی بەشی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لە ئوسترالیا وێڕای "مەسعوود پیران" لەگەڵ "گراهام پیریت" نوێنەری پارلمانی فێدراڵی ئوسترالیا کە هاوکات بەرپرسی مافی مرۆڤ لە پارلمان کۆ بوونەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا بە درێژی باسی ڕووداوی کوژرانی "ژینا ئەمینی" کرا کە چۆن جینایەتکارانە گیانی لێ ئەستێندراوە و هەروەها ڕووداوەکانی مانگرتنە سەرانسەرییەکەی ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان و خۆپێشاندانەکانی شارەکانی کوردستان و ئێران هاتنە بەر باس.

لەو کۆبوونەوەیەدا داوا لە حکوومەتی ئوسترالیا کرا کە وەک وڵاتانی ئامریکا و یەکیەتیی ئورووپا دژی سیاسەتە سەرکوتکارانەکانی ڕێژیمی ئێران هەڵوێست بگرێ و پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵک بکا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"گراهام پیریت"، وێڕای بەداخبوون لەو کارەساتە وتی لە کۆبوونەوەی بەشی مافی مرۆڤی پارلمان کە حەوتووی داهاتوو بەڕێوە دەچی ئەو پرسە دەخەمە بەر باس و وەزیری دەرەوەش بە وردی ئاگادار دەکەمەوە.

ناوبراو ڕایگەیاند کە ئاگاداری خۆپیشاندانەکانم و پشتیوانیی ئەو حەرکەتە ئازایانەی خەڵک دەکەم و خەفتباریشم بە گیانلەدەستدانی ژینا و خۆپیشاندەرە ئازادیخوازەکان.

پاشان نامەیەکی ئامادەکراو لەلایەن کۆمیتەی حیزبەوە کە بۆ وەزیری دەرەوە نووسرابوو درایە دەست بەڕێز گراهام پیریت کە بە دەستی وەزیر بگات.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر لە تێلێڤیزیۆن و ڕۆژنامە بەناوبانگەکانی ئوسترالیا هەواڵەکانی پەیوەندیدار بە کوژرانی ژینا و ڕووداوەکانی پاش ئەو کارەساتەیان وەک هەواڵ و ڕاپۆرت بڵاو کردووەتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئۆتریش، کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی بەڕێوە چوو




**٣٠ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

**ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی کۆبوونەوەیەک لەژێر ناوی "هاودەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران . ئۆتریش" بەمەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە کوژرانی "ژینا ئەمینی" و هەروەها بەشداریی "ئیبراهیم ڕەئیسی" سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبەردەم بینای نەتەوەیە یەکگرتووەکان لە شاری ڤییەن لە وڵاتی ئۆتریش بەڕێوە چوو.**

**یەکێکی دیکە لە ئامانجەکانی ئەو کۆبوونەوەیە، ناڕەزایەتی دژ بە دەرچوونی دەیان حوکمی لەسێدارەدان لەلایەن دەزگای قەزایی ڕێژیمی ئێران بۆ لاوانی بێتاوانی کوردستان بوو.**

**لەو گردبوونەوە ناڕەزایەتییەدا بە سەدان کەس لە نەتەوە جیاوازەکانی ئێرانیی دانیشتووی وڵاتی ئۆتریش بەتایبەت ڕێژەیەکی بەرچاو لە کوردەکان بەشدار بوون.**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەو کۆبـوونەوە نـاڕەزایەتییەدا چەنـدین کەس بە زمـانی فارسـی، ئـاڵمـانی و ئینگلیـزی قسـەیان کـرد و لە پەیوەنـدی لەگەڵ کوژرانی "ژینا" و سزادانی تاوانبارانی ئەو تاوانە وتاریان پێشکەش کرد.

لەو کۆبـوونەوەیەدا دوکتـور "جەزا سـاڵحی" لەلایەن کوردەکـانەوە و بە نـوێنەرایەتی لەلایەن ناوەنـدی هاوکـاریی حیزبەکـانی کوردسـتانی ئێـرانەوە وتـارێکی بە زمـانی ئـاڵمـانی سـەبارەت بە شـەرمەزارکردنی کـوژرانی "ژیـنـا ئەمینـی" و هـاودەردی و هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی "ژینا ئەمینی" پێشکەش کرد.

پەیامەکە هەروەها باسێکی تێروتەسەلی لەسەر خۆپیشاندانەکانی ئێستای کوردستان و ئێران، سـەرکوتی ناڕەزایەتییەکـان، شـەهید و بریـنـداربوون و دەسبەسـەری خەڵکێکـی زۆر، پێشـێلکرانی مافەکـانی مـرۆڤ، حیجـابی زۆرەملێ بە سـەر خەڵـک و هەژاری و نەداریی خەڵک، باس لەسەر نەگۆڕبوونی یاساکانی ئەو ڕێژیمە و ئەگەری ڕووخانی دەسـەڵاتی سـەرەڕۆی ئیسلامیی ئێرانی لەخۆ گرتبوو.

بەشداربووان لەو کۆبـوونەوە نـاڕەزایەتییەدا وێنەی ژینایـان بە دەستەوە گرتبـوو و دروشـمی "ژن، ژیـان، ئـازادی" و دەیـان دروشمی دیکەیان بە زمانەکانی کوردی، فارسی، ئاڵمـانی و ئینگلیسی وتەوە و جینـایەتی کوشتنی ژینایـان مەحکووم کرد و هاواری نەمان و ڕووخانی ڕێژیمی ئێرانیان بەرز کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتیی بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە فینلاند




**٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

**ڕۆژی پێنجشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، لە شاری "هێلسینکی"ی وڵاتی فینلاند بە بەشداریی سەدان کەس لە خەڵکی کوردستان کە دانیشتووی ئەو وڵاتەن کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی بۆ مەحکوومکردنی کوژرانی "ژینا ئەمینی" و پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو.**

**بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە ڕێپێوان لە مێترۆی "کوولۆساری"یەوە، بە وتنەوەی دروشم دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، بەرەو سەفارەتی ڕێژیمی ئێران کەوتنە ڕێگا و لەبەردەم سەفارەتی ڕێژیم لە هێلسینکی کۆ بوونەوە.**

**کۆبوونەوەکە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.**

**پاشان پەیامی کۆمیتەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند بە سێ زمانی کوردی و فارسی و فینلاندی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خوێندرایەوە.

لە درێژەی بەرنامەکەدا بەشداربووان بە زمانەکانی کوردی و فارسی و فینلاندی چەندین دروشمیان بۆ پشتیوانی لە ژنانی کوردستان و ئێران و هەروەها بەدژی ڕێژیمی ئێران وتەوە.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا، ژنان بە نیشانەی دژایەتی لەگەڵ یاسا دژەمرۆییەکانی ڕێژیمی ئێران و هەروەها پشتیوانی لە ژنانی کوردستان و ئێران، قژی خۆیان بڕی و سەرپۆشەکانیان ئاگر تێبەردا.

---

## خۆپێشاندانێک لە بریتانیا بۆ مەحکوومکردنی کوشتنی ژینا ئەمینی و پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو



**٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی پێنجشەممە، ٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی، لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

خۆپێشـاندانێک لە بەردەم بـاڵویزخـانەی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران لە لەنـدەن پێتەختی وڵاتـی بریتانیـا بـۆ پشـتیوانی لە هاتنە سەر شەقامی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران کە بەدوای کوژرانی "ژینا ئەمینی" هاونیشتمانیی کـوردی خەڵکی شاری سەقز بە دەستی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران هاتە ئاراوە، بەڕێوە چوو.

گردبـوونەوەکە لە کـاتژمێر ٢ی پاشـنیوەڕۆ بە سـروودی نەتەوایەتیـی "ئەی ڕەقیـب" و خولەکێـک بێـدەنگی بـۆ شـەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

لە بڕگەی یەکەمی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانەکـانی کـوردی و فارسی و ئینگلیزی لەلایەن "ناسر ڕاستینە، گوڵاڵە سەلیمی و ئەدیسۆن فەرامەرزی" خوێندرایەوە.

لە درێـژەدا پەیـامی شـۆرای دێموکراسیخوازانی ئێران لەلایەن "ڕەحیم بەنـدوویی" خوێنـدرایەوە و پەیـامی یەکیەتیـی ژنـانی دێموکرات لەلایەن خاتوو "وەنەوشە کەریمزادە" پێشکەش کرا.

جێگـای ئامـاژەیە خەڵکێکـی بەرچـاو لە ڕەوەنـدی کـوردی و ئێرانـی لە بریتانیـا بەشـدارییان لەم خۆپێشـاندانەدا کـرد و بە بەرزکـردنەوەی وێنەی شـەهیدان و برینـدارانی چەنـد ڕۆژی ڕابـردوو و گـوتنەوەی دەیـان دروشم بەدژی ڕێژیمـی کۆمـاری ئیسلامیی ئێران ترسێکی زۆریان خستبووە دڵی کاربەدەستانی باڵویزخانەی ڕێژیمی ئـاخوندی ئێـرانەوە بە جۆرێک کە داوای بەدەنگەوەهاتنی پۆلیسێکی زۆریان کردبوو.

کاتژمێر ٤ی ئێوارە بە وتنەوەی سروودی ئەی شەهیدان و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ شەهیدانی ژن، ژینـا، ئـازادی، کۆتـایی پێ هات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕێپێوانیک بۆ پشتیوانیکردن لە خەڵکی ڕۆژهەڵات لە "کالیفۆرنیا"ی ئامریکا بەڕێوە چوو




**٣١ی خەرمانانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی پێنجشەممە ٣١ی خەرمانان بەرانبەر بە ٢٢ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی کوردانی دانیشتوو لە ناوچەکانی "ساندیاگۆ، لۆس‌ئانجلێس و ئێرۆئاین" سەر بە ویلایەتی کالیفۆرنیای ئامریکا بۆ پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانە سەرتاسەرییەکانی خەڵک لە کوردستان و ئێران لە بەردەم دەرگای "بێلدین فێدراڵ"ی لۆس‌ئانجلێس ڕێپێوانێکیان بەڕێوە برد.

ئەو ڕێپێوانە کاتژمێر ٥ بۆ ٨ی ئێوارە، بە بەشداریی بەشێک لە کەسانی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەڕێوەچووە و خۆپیشاندەران بە سێ زمانی کوردی، ئینگلیزی و فارسی دژی ڕێژیمی ئێران دروشمیان داوە.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە بەڕێوەچوونی ئەو خۆپیشاندانەدا ئەرکێکی بەرچاویان هەبووە.

خۆپیشاندەران بە داگیرساندنی ٢٣ مۆم بۆ یادی لەدایکبوونی ٢٣ ساڵەی شەهیدی نوێی گەلەکەمان "ژینا ئەمینی" و وتنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکەیان هێنا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## مانگی ڕەزبەر = سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەر

# کۆبوونەوەی نوێنەرانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەڵ بەرپرسانی حیزبی سوسیال دێموکراتی فینلاند



ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٣ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی جومعە ڕێکەوتی ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٣ - ٩ - ٢٠٢٢ میلادی هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی فینلاند کە پێکهاتبوو لە بەڕێزان: جەلال فاتمی بەرپرسی پەیوندیە گشتیەکان لەولاتی فینلاند، شەهێن زاد ئەحمەد و کەماڵ ئافەرین لە گەڵ بەرپرسانی حیزبی سۆسیال دێموکرات لە شاری تورکو کۆبوونەوە و لە لایەن بەڕێزان میکا ماسکۆلا (Mika Maaskola) بەرپرسی سۆسیال دێموکراتەکان و سەرۆکی شورای شاری تورکو و (Petja Raaska) پێتیا ڕاسکا بەڕێوەبەری سۆسیال دێمۆکراتەکانی شاری تورکو پێشوازیان لێکرا.

سەرەتا میکا ماسکۆلا وتەیەکی پێشکەشکرد و خۆشحاڵی خۆی بەو دیدارە دەربڕی و وەبیری هێنایەوە کە ئەو زۆر خۆشحاڵ بووە بە بەشداری لە ڕێورەسمی یەکگرتنەوەی ڕێزەکانی حیزبی دێموکرات، پاشان پێتیا ڕاسکا باسێکی لە سەر هاوکاری و هەوئاهەنگی لە نێوان سۆسیال دێموکراتەکان و کوردەکاندا پێشکەش کرد لە ساڵانی ڕابردوودا هەیانبووە و ئەو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چاوپێکەوتنانەی بە گرینگ زانی.

پاشان هەیئەتی کۆمیتەی حیزب باسی ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانیان کرد کە بە هۆی ژینا ئەمینی کچێکی کورد کە لە گەڵ بنەماڵەکەی سەردانی تارانیان کردبو لە سەر وەدەر کەوتنی موی سەری لە لایەن مەئمورانی دەوڵەتەوە کوژرا سەریان هەڵدا، داوا کرا سۆسیال دێموکراتەکانی فینلاند لە ڕێگای پارلەمانی ئوروپاوە دەنگی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە جیهان بگەیەنن و ڕونیان کردەوە کە تا کۆماری ئیسلامی هەبێ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاسایش و ئارامی بەخۆیەوە نابینێ و لێشاوی پەنابەرانیش هەروا بەردەوام دەبێت.

پاشان نوێنەرانی سۆسیال دێموکراتەکان ڕایانگەیاند کە ئەو باسانە لە کۆبوونەوەی حیزبەکەیاندا دێننە گۆڕێ و بەڵێنیاندا کە لەوبارەوە پشتیوان و هاوکار دەبێت.

لە کۆتایی کوبوونەوەکەدا پێداگری لە سەر دۆستایەتی و هاوکاری نێوان حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و سۆسیال دێموکراتەکانی فینلاند کرایەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کوردستان و ئێران لە نۆرویژ



**٢ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی هەینی ٢ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران خۆپیشاندانێکیان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران، لە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی "نۆرویژ" بەڕێوە برد.

خۆپیشاندانەکە بە بەشداریی سەدان تێکۆشەری کورد و بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" لەلایەن "شێرکۆ مەریوانی" و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد.

دواتر پەیامی ناوەندی هاوکاری بە زمانی کوردی لەلایەن "خوسرەو قادری" پێشکەش کرا.

لە پەیامی ناوەندی هاوکاریدا وێڕای پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بەگشتی و حکوومەت و وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی "نۆرویژ" بەتایبەتی کرا کە پشتیوانی ئەو ڕاپەرینە دژی کۆماری تیرۆریستیی ئیسلامیی ئێران بکەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دواتر "سەلیم حەقیقی"، باوکی شەهید "میلان حەقیقی" کە لە خۆپیشاندانەکانی "شنۆ" گیانی پاکی بە شۆڕشی کوردستان بەخشی، پەیامێکی پێشکەش کرد.

لە درێژەی بەرنامەکەدا "ئالان خاس" پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی بە زمانی نۆروێژی پێشکەش کرد.

لەو پەیامەدا جەخت لەسەر پێویستیی بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان و داوای هاوکاری لە ناوەندەکانی بڕیاردەری "نۆروێژ" کرا کە پشتیوانی لەو خۆپیشاندانانەی خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران بەگشتی بکەن.

هەروەها پەیامی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن "شلێر باپیری"ەوە پێشکەش کرا.

لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا بە دەیان دروشم بۆ پشتگیری لە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵات و ئێران بە زمانەکانی "کوردی، فارسی و نۆروێژ"ی لەلایەن ئامادەبووانەوە وترانەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی لە کانادا



**٢ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کوردستانییان و ئێرانییانی دانیشتووی وڵاتی کانادا بۆ مەحکوومکردن و شەرمەزارکردنی تاوانی کوشتنی "ژینا ئەمینی"، بە دەستی جەلادانی ڕێژیم خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتییان بەڕێوە برد.

سەر لە ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٢ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشت و داوای ماڵی کورد لە کانادا لە شاری تۆرێنتۆ بۆ دووهەمین جار کوردستانییان و ئێرانییەکان لە هەموو توێژ و لایەنەکان لە شەقامی یانگ، مەیدانی مەلەسمەن کۆ بوونەوە و تا درەنگانی شەو بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، مەرگ بۆ دیکتاتۆر، مەرگ بۆ کۆماری ئیسلامی و گەلێ دروشمی دیکە درێژەیان بە خۆپیشاندانەکان دا.

شەقامەکە بە یەکجاری تەرخان کرا بۆ خۆپیشاندەران کە خۆی لە هەزاران کەس دەدا و بڕیارە ئەو خۆپیشاندانانە بۆ پشتیوانیی لە شۆڕشی خەڵکی ناڕازیی ئێران و بەتایبەتی کوردستان هەموو ڕۆژێک ئێوارە بەڕێوە بچێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران لە ئامریکا




**٢ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢ی ڕەزبەی ١٤٠١ی هەتاوی، کوردانی دانیشتووی "ناشویل" لە ئەیالەتی "تنێس"ی ئامریکا بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندەران و مەحکوومکردنی کوشتنی ناڕەوای کچە لاوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "ژینا ئەمینی" و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ سەرجەم شەهیدانی نوێی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆپیشاندان بەڕێوە برد.

کوردانی "ناشویل" بە بەرزکردنەوەی وێنەی شەهیدانی نوێی گەلەکەمان و ئاڵای کوردستان، دروشمی دژی دیکتاتۆر و دەسەڵاتی ئاخوندییان بە زمانەکانی "ئینگلیسی، کوردی و فارسی" وتەوە و دەنگی ناڕەزایەتیی خۆیان کردە پاڵپشتی بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

لەو خۆپیشاندانەدا ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەشداریی چالاکانەیان هەبوو.
هەروەها کۆمەڵێک لە هاوڵاتییانی ئێرانیی ئەو شارە پشتیوانیی گەرمیان لەو خۆپیشاندانە کرد.
لە بەشی کۆتایی ئەم خۆپیشاندانەدا پەیامی ڕەوەندی کوردستانیانی "ناشویل" خوێندرایەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی دوو خۆپیشاندان بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی لە ئوستراليا



٢ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ٢ی ڕەزبەری بەرانبەر بە ٢٤ی سێپتامبری ٢٠٢٢ی زایینی، لە شاری "بریزبێن" و "مێلبۆرن"ـی ئوستراليا ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دوو خۆپیشاندانی بەربەریندا کە بەمەبەستی مەحکوومکردنی قەتڵی حکوومەتیی ژینا ئەمینی پێکهاتبوو، بەشدارییان کرد.

نەتەوە جیاوازەکانی ئێران، حیزبە سیاسییەکان و بەشێک لە خەڵکی ئوستراليا لەم دوو خۆپێشاندانەدا بەشدار بوون و دژی ڕێژیمی ئێران و بەمەبەستی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دروشمیان وتەوە.

جێگای ئاماژەیە کە لەم دوو خۆپیشاندانەدا زیاتر لە ٦ هەزار کەس بەشدارییان کردووە.

بەشداربووان باس لەوە دەکەن کە ئاڵای کوردستان و وێنەی ژینا ئەمینی سەرنجی خەڵکی ئوسترالیای بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی نارەزایەتیی بە دژی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتی ئۆسترالیا



٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

چالاکوانان و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئۆسترالیا، بەمەبەستی پشتیوانیی لە خۆپیشاندانە نارەزایەتییەکانی ئێران و کوردستان، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان بەدژی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە برد.

ڕۆژی یەکشەممە ٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها چالاکانی مەدەنیی ئێرانی، بەمەبەستی پشتیوانی کردن لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییە جەماوەرییە بەرفراوانەکەی ئێران و کوردستان و هەروەها شەرمەزارکردنی ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە کۆشتنی "ژینا ئەمینی"، شەهیدانی ئەم دواییانەی ئەو شۆڕشە سەرتاسەرییە، خۆپێشاندانێکی هاوشێوەی بریزبێن و مێلبۆرن بە بەشداریی خەڵکێکی زۆر کە لە هەموو چین و توێژ و نەتەوە جیاوازەکانی ئێران و خەڵکی ئوسترالیا پێک هاتبوو بەڕێوە برد.

کۆمیتەی حیزب لەو خۆپیشاندانانەدا پەیامی خۆیان بە زمانی ئینگلیسی و کوردی و فارسی پێشکەش کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پێویستە بگوترێ کە لە مێژووی ئوسترالیادا ئەوە یەکەم جارە کە هەموو لایەنە سیاسییەکانی ئێران و کوردستان پێکەوە خۆپیشاندان بەدژی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە دەبەن.

---

## لە وڵاتی سوئید بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران، خۆپیشاندان بەڕێوە چوو




٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، کوردانی دانیشتووی وڵاتی سوئید لە شاری ستۆکهۆڵم پێتەختی ئەو وڵاتە بەمەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، خۆپیشاندانێکی بەرینیان بەڕێوە برد.

ئەو خۆپیشاندانە بە بەشداریی هەزاران کەس لە مەیدانی "سیرگیلتۆری" شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو.

لە خۆپیشاندانەکەدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسی و حیزبییە سوئیدییەکان بەشدار بوون و دەنگی خۆیان و حیزبەکەیان خستە پاڵ دەنگی نارەزایەتی بە کوشتنی ژینا و پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەڕێزان "خەشایار فەرمانبەر" وەزیری وزە لە حیزبی سۆسیال دیموکراتی سوئید

" گۆلان ئاڤسی" پارلمانتار و بەرپرسی پێشووی ژنانی لیبراڵی سوئید

" گۆلان ئەڤچی" لە حیزبی لیبراڵ

"دانیال ریازات" پارلمانتار لە حیزبی چەپی سوئید

"فریدریک مالم" پارلمانتار لە حیزبی لیبراڵ

"قادیر کارسیگە" پارلمانتار لە حیزبی سۆسیال دیموکرات

"لاوێن رێدار" پارمانتار لە حیزبی سۆسیال دیموکرات

"کوردۆ باسکی" نووسەری بواری کۆمەڵایەتی

"ئۆلریکا ڤێستێرلوند" سیاسەتوان و نووسەر و چالاکوانی بواری خەباتی HBTQ

لە خۆپیشاندانەکەدا پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانی کوردی لەلایەن کاک "حەمید خانی" و بە زمانی سویدی لەلایەن دوکتور "سۆزان فەتحی" و پەیامی ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات لەلایەن خاتوو "لەتیفە جەباری" خوێندرانەوە.

کەسایەتیی سیاسیی ناسراوی ئێرانی "مێهرداد دەرویش پوور" یەکێک لەو کەسانە بوو کە چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشدارانی خۆپیشاندانەکە کرد.

لە خۆپیشاندانەکەدا دەیان تلویزیۆن بەشدارییان هەبوو و ڕووماڵی خۆپیشاندانەکەیان دەکرد.

بەشداران پشتیوانیی خۆیان لە ناوەندی هاوکاری و ناوەندی ژنانی ڕۆژهەڵات لە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵات دووپات کردەوە و دروشمگەلی وەکوو "ژن، ژیان، ئازادی"، "کوردستان، چشم و چراغ ایران"، "از کوردستان تا تهران، اتحاد اتحاد"، "نا بۆ ڕێژیمی ئیسلامی ئێران" دەوترانەوە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ "ماگدالێنا ئادشۆن" سەرۆک وەزیرانی سوئید، نارەزایەتیی خۆی بەرامبەر بە جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران دەربڕی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سوئید، بەڕیوەچوونی خۆپێشاندانێک بۆ مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم




**٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

دوابەدوای بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ناوەندی مافی مرۆڤی ئێران، خۆپیشاندانێک بۆ مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە شاری "یۆتۆبۆری" لە وڵاتی سوئید، بەڕێوە چوو.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هەزاران کەس لە ئەندامانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری و ئێرانییانی ئازادیخواز وێڕای بیروڕای جیاواز بۆ "پروتستۆ"ی مەرگی "ژینا ئەمینی" و پشتیوانی لە "شۆڕشی ژینا" و مەحکوومکردنی جینایەت و کۆمەڵکوژی لەلایەن کۆماری تیرۆریستیی ئیسلامیی ئێرانەوە، لە "ئادلۆف تۆری" گۆڕەپانی ناوەندی شاری "یۆتۆبۆری" لە سوئید خۆپیشاندانێکی بەرینیان بەڕێوە برد و پاڵپشتیی خۆیان بۆ شۆڕشی خەڵکی کوردستان و ئێران بە دژی تاران دەربڕی.

ژمارەیەکی بەرچاو لە کەسایەتییە سیاسی و حیزبی و حیزبە سوئیدییەکان بەشداری ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە بوون و دەنگی خۆیان و حیزبەکەیان خستە پاڵ دەنگی شۆڕشی ژینا و بە دانانی گوڵ لە بەردەم وێنەی ژینا و سەرجەم شەهیدانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی ئەم دواییانەی گەلانی ئێران خۆپیشاندانەکە دەستی پێ کرد.

دواتر بە وتنەوەی دروشم بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەودای نێوان "ئالۆف تۆری" و "یۆتاپلاستێن"یان پێوا و وێکڕا بەو دروشمانەی کە خەڵکی کوردستان و ئێران دەیڵێنەوە، درێژەیان بە خۆپیشاندانەکەیان دا و بەو کارە جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

---

## هولەند؛ خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو



**٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە شاری "ئامستردام"ی پێتەختی هولەند بە بەشداریی پارت و کەسایەتییەکانی ئەو وڵاتە و هاووڵاتییانی کورد و ئێرانی، خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانیی لە شۆڕشی خەڵکی کوردستان و ئێران بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی و کورد بەشدار بوون، بە دروشمی جۆراوجۆر و ئیدانەکردنی شەهیدکردنی "ژینا ئەمینی" لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە وەک کچێکی شەهیدی کورد و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەخماخەی شۆڕشی نوێ، پشتیوانیی خۆیان لە هەموو خەڵکی مافخوازی ئێران و کوردستان دەربڕی و سەرکوتکردنەکانی ڕێژیمی ئێرانیان شەرمەزار کرد.

لە درێژەی خۆپێشاندانەکەدا "حەسەن مەجیدی" بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وتارێکی پێشکەش کرد و وتی: "دەسەڵاتی نگریسی کۆماری دژەمرۆییی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ مافخوازانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی، سەرکوتکردن و نادادپەروەریی بوو".

ناوبراو هەروەها باسێکی لە سەر ژنانی ژێر دەسەڵاتی ئاخوندی کرد کە چۆن تا ئێستا لە ژێر سێبەری سیستمی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرەدا چەوساونەتەوە.

---

## لە وڵاتی کانادا بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران خۆپیشاندان بەڕێوە چوو




۳ی ڕەزبەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۲٥ی سێپتەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ۳ی ڕەزبەری ۱٤۰۱ی هەتاوی، کاتژمێر ۲ی دوانیوەڕۆ خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلی کورد لە کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە خۆپیشاندانەکەدا بە سەدان کەسی ئێرانی و کوردەکانی دانیشتووی کانادا بەشدار بوون.

ئەو خۆپیشاندانە هەروەها بۆ ریسواکردن و لەقاودانی سیاسەتە دژەمرۆییەکانی ڕێژیمی ئێران و مەحکوومکردنی کوژرانی "ژینا ئەمینی" و دەیان کەسی دیکە لە خۆپیشاندانەکان بەڕێوە چووبوو.

لە خۆپیشاندانەکەدا چەندین وتار و پەیام بە زمانەکانی ئینگلیزی، کوردی و فارسی خوێندرانەوە.

لەو خۆپیشاندانەدا بە زمانەکانی ئینگلیزی، کوردی و فارسی چەندین دروشم دژی ڕێژیمی جینایەتکاری ئێران وترانەوە.

چەندین دەزگای میدیایی و ڕاگەیاندن وەکوو ڕۆژنامەی "گلۆباڵ نیوز و سی‌بی‌سی نیوز" ڕووماڵی خۆپیشاندانەکەیان دەکرد.

خۆپیشاندانەکە بە هەوڵی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژاوای کانادا و بە هاوکاری ماڵی کورد و ژمارەیەک لە چالاکوانانی کورد پێک هاتبوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئۆسترالیا، بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە ناڕەزایەتییەکانی کوردستان و ئێران




**٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٥ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی یەکشەممە ٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپێشاندانێکی بەرین لەلایەن کۆمیتەی کورد لە شاری "پێرت"، سەر بە ڕۆژاوای ئۆسترالیا، بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانەدا سەدان کورد و خەڵکی بەشەکانی دیکەی ئێران بەشدار بوون و چەند کەس بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی قسەیان کرد و دروشم بەو زمانانە بۆ پشتیوانی لە خەڵک و دژی ڕێژیمی ئێران دران. ئەو دروشمانە بریتی بوون لە: "ژن ژیان ئازادی، نەمان بۆ دیکتاتۆر، نەمان بۆ خامنەیی، نەمان بۆ خومەینی و هەروەها کوردستان چشم و چراغ ایران."

یەکەم پەیام لەو خۆپیشاندانەدا بە زمانی فارسی لەلایەن "مەسعود سەمەدی" ئەندامی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە، پێشکەش کرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەو پەیامەدا هاتبوو: "لە ٤٣ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، ژنان، گەلانی بندست، بەتایبەتی گەلی کورد، مەزهەبەکانی جیا لە مەزهەبی ڕێژیم و هەموو ئازادیخوازان، ستەمی دوو قاتیان لێ چووە. دەستدرێژی بۆ سەر ژناکان کراوە و تێرۆریان کردووین، ماددەهۆشبەرەکانیان دەرخواردی خەڵک داوە و خەڵکی ئێرانیان بە فەساد کێشاوە."

هەروەها لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا هاتبوو کە ئەمە یەکەم جارە گەلی کورد خۆی بە تەنیا نابینێت و شۆڕشی ژینا، هاودەنگی و یەکیبیەتییەکی بێوێنەی لەنێوان گەلانی ئێراندا پێکهێناوە کە هیوادارم ئەم یەکیبیەتییە، وانەیەکی باش بێت بۆ هەموومان تاکوو یەکتر بەو جۆرەی کە هەین قەبووڵ بکەین و ڕێز لە خواستەکانی یەکتر بگرین."

لە کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا دوو کچی لاو، وەک کاردانەوەیەک بەدژی کوشتنی "ژینا"، بەشێک لە قژی خۆیان بڕیەوە.

---

## لە شاری "مونستری" ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕێپێوانێک بەڕێوە چوو




**٤ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٦ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی دووشەممە ٤ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، لە شاری "مونستری" ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕێپێوانێک بە بەشداریی کورد و ئێرانییەکان و هەروەها بەشداریی بەشێک لە سیاسەتمەدارانی ئاڵمانی و خەڵکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئازادیخوازی ئەو وڵاتە لە ناوەندی ئەو شارە بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران بەشدار بوون و "ئیسماعیل ئەقدەم" ئەندامی حیزبی دێموکرات لەسەر بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

خاڵی جێگای سەرنجی ئەو خۆپیشاندانە ئەوە بوو کە هەموو نەتەوەکانی ئێران بە یەکگرتوویەکی زۆر بەشدارییان هەبووە و ڕێزیان لە شەهید "ژینا ئەمینی" و هەموو شەهیدان گرتووە و پشتیوانیی خۆیان لە خۆپیشاندەرانی ئێران و کوردستان دەربڕیوە.

---

## کۆبوونەوەی دە حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نۆرویژ



**٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی پێنجشەممە، ٧ی ڕەزبەر نوێنەرانی کۆمیتەکانی دە حیزب و ڕێکخراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەفتەری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەڤەری ئۆسلۆ کۆ بوونەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای مەحکوومکردنی هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و کەمپەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەهید و برینداربوونی دەیان کەس لە ژن و منداڵ و پێشمەرگەکانی ئەو هێزانە، پێداگری لەسەر پێویستیی یەکگری و هاوهەڵوێستی پتر سەبارەت بە پلان و بەرنامەڕێژی بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانەکان لە نۆرویژ کرا.

لەو کۆبوونەوەیەدا تێکڕای بەشداران پێداگریان لەسەر ئەوە کردەوە کە لەو کات و ساتەدا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڵ خرۆشانی جەماوەریی گەلانی ئێران بەرەوروو بووەتەوە، پێویستە ئێمە هێز و لایەنەکانی کوردی بە یەکدەنگ و یەکگرتووتر بەشداری خۆپێشاندان و ڕێپێوانەکان لە نۆرویژ بین و هەوڵ بدەین بە هێما و شوناسی کوردستانی لەگەڵ حیزب و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی هاوکاری و چالاکی بەڕێوە بەرین کە هەر بۆ ئەو مەبەستەش چەند بڕیاری پێویست پەسەند کران.

ئەو حیزبانەی بەشدارییان لەو کۆبوونەوەیەدا کردبوو، بریتی بوون لە:

- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕی کوردستان
- پارتی سەربەخۆیی کوردستان
- پارتی ئازادی کوردستان
- پارتی سەربەستی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## دیداری هەیئەتی پێوەندییەکانی حدکا لە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی سوید




**٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی پێنج شەممە ٧ی ڕەزبەری ١٤٠١، هەیئەتێکی پێوەندییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە بەڕێزان "حەمید تەیموری" و "باسکار نژادیان" سەردانیی وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی سویدیان کرد و چاویان بە بەڕێزان "پێترا ئاندرسۆن" و "فیلیپ ئالبووم" لەگەڵ دوو کارمەندی دیکەی وەزارەت کەوت.

لەو دیدارەدا بە تێروتەسەلی باسی هێرش سپای پاسداران بۆ سەر بارەگا و شوێنی نیشتەجێبوونی خەڵکی سڤیل و پەنابەرانی سیاسی کرا کە بووەتە هۆی شەهید و بریندار بوونی کۆمەڵێک ژن و منداڵ و ئەندامانی حیزبی.

لەو دانیشتنەدا باس لە کارەساتیی کوشتنی ژینا ئەمینی و شەپۆلی مانگرتن و خۆپیشاندانەکان بۆ نارەزایەتیدەربڕین بەو جینایەتەی ڕێژیم کرا و گوترا کە چۆن نارەزایەتیی هێمنانەی خەڵک لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە توندوتیژی تێکەوت و ڕێژیم بە هەزاران کەسی دەسبەسەر کردوە و بە کوشتن و بریندارکردنی سەدان کەس دەیەوێ نارەزایەتییەکان دامرکێنێتەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەو دانیشتنە دۆستانەیەدا هەیئەتی حیزب بۆ نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوە باسییان لەوە کرد کە باڵوێزخانەکانی ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات بەتایبەت لە وڵاتی سوید بۆتە جێگای سیخوڕی و تەنانەت لە خۆپێشاندانەکانی دەرەوەش دا بەشێوەی نێوخۆی ئێران، هەڕەشە لە خەڵک دەکەن و فیلم و وێنەی خۆپێشاندەران دەگرن، ئەو ڕێژیمە پێشتریش لەم وڵاتە هاونیشتمانییانی وەک کامران هیدایەتی، کەریم محەممەدزادە و عیفەت قازییان تێرۆر کرد و مەترسی ئەوە هەیە ئەم کردەوە تیرۆریستییانە دووبارە دەست پێ بکرێنەوە. هەر بۆیە دەبێ زیاتر لە جاران ئەو هێلانە سیخوڕییانە بخرێنە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵ بکرێن.

لەو دیدارەدا شاندی خانەخوێ باسیان لەوە کرد کە بە هەستیارییەوە بەدواداچوون بۆ بارودۆخی ئێران و کوردستان دەکەن.

---

## دیداری دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی فینلاند



۷ی ڕەزبەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۲۹ی سێپتەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

بە مەبەستی گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتی نەتەوەکانی ئێران بە دەوڵەتی فینلاند دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ بەرپرسی بەشی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی فینلاند



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دیداریان کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە مەبەستی گەیاندنی دەنگی نارەزایەتیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و داوای هەڵوێست لە دەوڵەتی فینلاند سەردانی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتەیان کرد و لەلایەن خاتوو "سایلا بارکێ (Saila BARKE) "بەرپرسی کاروباری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لەو وەزارەتەوە پێشوازی لێ کرا.

لەو دیدارەدا وێڕای باس لە کوژرانی شەهید ژینا ئەمینی و مانگرتنەکانی کوردستان و سەرهەڵدانی خەڵکی ئێران، ڕاپۆرتێک لە سەر سەرکوتی سیستماتیکی سەرهەڵدانی خەڵک لەلایەن هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە پێشکەش کرا و دوایین ئاماری کوژرا و بریندارەکانی ئەو ڕووداوانە درایە نوێنەری وەزارەتی دەرەوە.

هەروەها ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لە سەر جینایەتی هێرشی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و پارتی ئازادیی کوردستان پێشکەش کرا.

هەروەها داوانامەیەک لەلایەن بەشدارانی کۆبوونەوەکەوە ئاراستەی وەزارەتی دەرەوە کرا.

لەو داوانامەیەدا داوا لە دەوڵەتی فینلاند و یەکیەتیی ئورووپا کراوە پشتیوانیی سیاسیی خۆیان لە سەرهەڵدانی نەتەوەکانی ئێران دەرببڕن، باڵوێزەکانی خۆیان بە نیشانەی نارەزایەتی لە سیاسەت و کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێران بکێشنەوە و باڵوێزی ئێران لە وڵاتانی ئورووپایی بۆ سەرکۆنە بانگ بکرێن و ئێران ناچار بکەن لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا ڕێز لە مافی دێموکراتیکدا بتوانن ئازادانە خۆپێشاندان و کۆبوونەوە بکەن.

نوێنەری وەزارەتی دەرەوە خاتوو "سایلا بارکێ" بەڵێنیی دا ڕاپۆرت و داوانامەی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە وەزیری دەرەوە و کۆبوونەوەی ڕۆژی پێنجشەممەی وەزیرانی دەرەوەی یەکیەتیی ئورووپا بگەیەنێت.

ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتیی حیزبە کوردستانییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بریتی بوون لە: "هۆما کەریمی، ڕۆژین برزۆیی، وڵات نەهری و مەجید حەقی."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندان لە سوید بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کوردستان و ئێران



**٨ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

حەوت حیزبی سەرەکی لە سوید خۆپیشاندانێکیان بۆ پاڵپشتیی ڕاپەرینەکەی ئێستای خەڵکی سەر شەقامەکانی کوردستان و ئێران، بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان حیزبی دێموکرات و ئێرانیانی دانیشتوو لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانەدا بەرپرسانی حەوت حیزبی سویدی هەر یەکە و پەیامی حیزبەکانی خۆیان پێشکەش کردو لە قسەکانیاندا پاڵپشتیی خۆیان بۆ خۆپێشاندەران دەردەبڕی. بەشێک لە بەرپرسانی ئەو حیزبانەش لە پەیامەکەیاندا داوای داخستنی باڵوێزخانەی ئێران لە وڵاتی سویدیان کردبوو.

ئەو پارلمانتارانەی سوئێدی کە لەو خۆپیشاندانەدا قسەیان کرد بریتی بوون لە:

- یوهان پێهرسۆن، سەرۆکی حیزبی لیبێراڵ.
- مەرتا ستێنفی، وتەبێژی حیزبی ژینگە.
- گوننار سترۆمێر لە حیزبی مۆدێرات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

- نۆشیداد گوستەر، سەرۆکی حیزبی چەپ.
- توبیاس باودین لە حیزبی سۆسیال دێموکڕات.
- ئەننیێ لۆف، سەرۆکی سێنتێر پارتی.
- ئێببە بوش، سەرۆکی پارتی مەسیحەکان.

لەو خۆپیشاندانەدا نامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەودا باس لە هۆکار و ئاکامی تا ئێستای سەرهەڵدان و ڕاپەرینەکەی ئێستای خەڵکی خۆڕاگری کوردستان و ئێران کرابوو، ڕادەستی نوێنەرانی ئەو حیزبانە کرا.

---

## لە یونان خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو




٨ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران خۆپیشاندانێک لە مەیدانی "ئاریستوتیلیوس" لە شاری "تیسالۆنیک" لە وڵاتی یونان بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە لەلایەن یونیانییەکانەوە ڕێک ڕێک خرابوو، و کورد و ئێرانییەکانیش تێدا بەشدار بوون، حەیدەر



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حوسێنی، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و فاتمە ئەفغانی بە نوێنەرایەتیی فارسەکان چەند وتەیەکیان لەسەر بارودۆخی ئێران پێشکەش کرد.

---

## لە بریتانیا پشتیوانی لە کوردستان و ئێران کرا




**٨ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی هەینی ٨ی ڕەزبەر ١٤٠١ی هەتاوی، لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، خۆپێشاندانێک لە لەندەن پێتەختی وڵاتی بریتانیا لە ترافالگا سکوێر دەستی پێ کرد.

کۆبوونەوەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کرد و پاشان بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی نوێی حیزبەکەمان و سەرجەم گیانبەختکردوانی دوو حەفتەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خولەکێک بێدەنگی ڕاگەیاندرا.

لەلایەن کاک محەممەد ئیناخی بە نوێنەرایەتی لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەخێرهاتنی بەشداربوان کرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دوای خوێندنەوەی چەند پارچە شیعر و پەخشانی شۆڕشگێڕانە و گوتنەوەی کۆمەڵێک دروشم لەلایەن بەشداربووان بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئینگلیسی، ڕێڕەوی خۆپێشاندەران دەستنیشان کرا و بە ڕێپێوان بەرەو داون ستریت بە گوتنەوەی دروشمی ئینگلیسی و بەرزکردنەوەی سەدان وێنە کە هەڵگری پەیامی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران و قوربانییانی دەستی کردەوە تێرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران بوون وەڕێ کەوتن.

پاشان لەبەردەم بینای پارلەمان گردبوونەوەکەیان درێژە پێ دا.

لە بڕگەیەکی تری ڕێوڕەسمەکە پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئینگلیزی لەلایەن "وەلی ڕۆستەمی، گوڵاڵە سەلیمی و ئاریاکۆ ڕەحیمی" خوێندرانەوە.

پەیامی شورای دێموکراسیخوازانی ئێران لەلایان ڕەحیم بەندویی پێشکەش کرا.

بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتی گەلانی ئێران و ڕەوندی کوردی لە بریتانیا هاوخەمیی خۆیان ل گەڵ لایەنەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەربڕی و هاوپشتیی خۆیان بۆ سیاسەتی دروست و حەکیمانەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی دەربڕی کە نەکەوتوونەتە مەیدانی شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی بۆیانی دیاری دەکات تا بەم جۆرە ویست و داخوازییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی سەر شەقامەکانی ئێران بەلارێدا ببات.

ئەندامانی یەکیەتیی لاوان و ژنانی دێموکرات حزورێکی بەرچاو و چالاکانەیان هەبوو کە بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکانی ناوەندی هاوکاری و ڕاگەیاندراوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شەقامەکانی دەورووبەر سەرنجی خەڵکانێکی زۆری بیانی و ئینگلیسییان ڕاکێشابوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە نۆرویژ خۆپیشاندانێک دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو




**٨ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٣٠ی سێپتەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە وڵاتی نۆرویژ خۆپشاندان دژی مووشەکبارانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پشتیوانی لە ڕاپەرینی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی هەینی ٨ی ڕەزبەر لە وڵاتی نۆرویژ لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاری بۆ پشتیوانی لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران دژی مووشەکبارانی سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکان کە بەداخەوە چەندین شەهید و بریندار لێ کەوتەوە؛ هەروەها پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کوردستان و ئێران لەلایەن ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی کوردستانی ئێران و هیزەکانی تری کوردستانی و ئێرانی و کوردانی هەر چوار پارچەی کوردستان لەو وڵاتە بە بەشداریی سەدان کەس لە ئەندامان و دوستان و لایەنگران دژ بە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەردەرگای وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ بەڕێوە چوو.

سەرەتا خۆپێشاندانەکە خولەکێک بە بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانی تازەی حیزبەکانی کوردستان و سەرجەم شەهیدانی کوردستان و ئێران دەستی پێ کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دواتر لەلایەن برایم کۆنەپۆشی لە ناوەندی هاوکاری بەخێرهاتنی هێزە سیاسییەکان و بەشداربووان کرا و بەرچاورنی بۆ بابەتی بەڕێوەچوونی خۆپیێشاندانێکی ڕێکوپێک و سەرکەوتووانە بۆ جەماوەری خۆپیێشاندەر پێشکەش کرا.

دواتر لەلایەن ئیسمایل عەلیپوور لە ناوندی هاوکاری پەیامی ناوەندی هاوکاری خوێندراوە.

لە درێژەی بەرنامەکەدا لەلایەن ئالان خاس پەیامی ناوندی هاوکاری بە ناوی بەشداربی حیزبەکانی کوردستان بەشدار لەو خۆپێشاندانە بە زمانی نورویژی پێشکەش کرا.

بۆ ماوەیەک دروشمدان بە زمانەکانی کوردی فارسی نۆرویژی لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەی نۆوویژ، دواتر ڕێڕەوی خۆپێشاندان بەرە و باڵوێزخانەی کۆماری پەت و سێدارە بە درێژایی زیاتر لە دوو کیلۆ میتر بە سەرشەقامەکاندا لە ژێر ڕێنمایی و چاوەدێری پۆلیسی ئەو وڵاتە بە دروشمدان بەرەو شوێنی مەبەست کەوتنە ڕێ و بەدرێژای ئەو ڕێگایەدا بەسەر شەقامەکاندا جەماوەری تووڕە و تێکۆشەر و خەباتگێڕ، بە کوردی و فارسی و نۆرویژی دروشمیان دەوتەوە و لەنێو شەقامەکاندا ئاوازەی دەدایەوە.

خەڵکێکی زۆر لەسەر شەقامەکان فیلم و وێنەیان لە خۆپێشاندەران دەگرت.
تێلێڤیزیۆنی NRK ی بە ناوبانگی نۆرویژی ڕووماڵی خۆپێشاندانەکەی دەکرد.

بەگەیشتنیش بۆ بەردەرگای باڵوێزخانەی کۆماری پەت و سێدارە بە دەیان دروشم دژی کۆماری پەت و سێدارە لە لایەن ئامادەبوانەوە وترانەوە و بۆ پشتیوانی لە حیزبەکان و سروودی ئەی شەهیدان و بژی پێشمەرگە دوژمن نەسیبەت مەرگە لەلایەن ئامادەبوانەوە بە حەماسەتەوە دەخوێنرانەوە.

هەروەها سێ ڕۆژ لە دوای یەک خۆپێشاندان لە وڵاتی نۆرویژ دژی مووشەکبارانەکانی ئەو چەند ڕۆژەی سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەبەردەم باڵوێزخانەی کۆماری پەت و سێدارە بەردەوامی هەبووە و بەرنامەی خۆپێشاندانی تریش لە ڕیزبەندی بەرنامەکانی هێزە سیاسییەکاندا هەیە کە بەردەوامیان هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە هامبورگ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران کرا




**٩ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕەزبەر لە سەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ناوەندی چالاکانی ڕێگەی ئازادیی ئێران خۆپیشاندانێک بە مەبەستی مەحکوومکردنی پەلاماری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات و پاڵپشتی لە مانگرتنی گشتیی کوردستان و ئێران و هەروەها خۆپیشاندانەکانی نێوخۆ بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە بە شێوەی ڕێپێوان بە شەقامەکانی ناوەندی هامبورگ ئەنجام درا، بە هەزاران کەس بەشدار بوون.

پلاتفۆڕمی کوردی هامبورگ، چالاکانی بەلووچ و عەرەب، ژمارەیەک پارلەمانتاری هامبورگ و چالاکانی ئازادیخوازی ئاڵمانی بەشدار بوون وبە وتار و پەیام و دروشم پشتیوانیی خۆیان بۆ خەبات و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەربڕی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە درێژەی کار و چالاکییەکانی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە هەرێمی بایرن




**٩ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

هاوڕا لەگەڵ ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و بە هاوکاریی ناوەندی کولتووریی کورد و ئاڵمان لە شاری نورنبێرگ پارتی دێموکراتی کوردستان، ڕێکخراوی خانەی میدیا، ڕێکخراوی جیهانیی کورد، ڕێکخراوی هانای کورد لەژێر ناوی هەموومان بۆ ژینا خۆپیشاندانێکی جەماوەریی لە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەر بەڕێوە برد.

خۆپیشاندانەکە بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانی خەڵکی ئێران و کوردستان بەتایبەتی و بۆ پشتیوانی لە خوێنی بەناحەق ڕژاوی ژینای کوردستان و شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ڕۆژهەڵات و هەروەها بە مەبەستی سەرکۆنەکردنی هێرشی مووشەکیی کۆماری تیرۆریستی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندانەکە لە ناوەندی شاری نۆرنبێرگ و بەشێوەی ڕێپێوان بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ یادی شەهید ژینا ئەمینی و شەهیدانی خۆپیشاندانی ئەم دواییانەی کوردستان و شەهیدانی تۆپبارانەکانی کۆماری ئیسلامی و سەرجەم خەباتکارانی ڕێگای ئازادیی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نیشتمان دەستی پێ کرد.

سەرەتا ڕاگەیەندراوی وزارەتی دەرەوەی ئاڵمان (Auswärtiges Amt) دژ بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات پێشکەش کرا.

دواتر ڕاگەیێندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن "زریوە خاکی"یەوە پێشکەش کرا.

پاشان ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانی فارسی لەلایەن "یەعقووب مورادی"یەوە خوێندرایەوە کرا.

لە بەڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەیامی ڕێکخراوی جیهانیی کورد لەلایەن "پەروا دێهلەقی" پێشکەش کرا.

پەیامی ناوەندی کولتووریی کورد و ئاڵمان لەلایەن "باسد عەزیمی"ەوە پێشکەش کرا.

لە نێوان هەر یەک لە بڕگەکاندا سروودی شۆڕشگێڕی و وتنەوەی دروشم لەلایەن هاوڕێیان "کارۆ غەفاری، خەباتی مودەڕسی، ئیبراهیم مەلاپوور و پەروا دێهلەقی" و دووبارەکردنەوەی لەلایەن بەشداربووانەوە بەڕێوە چووە.

سەرجەم ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە بەشداری خۆپیشاندانەکە بوون بریتی بوون لە:

ناوەندی کولتووریی کورد و ئاڵمان لەشاری نۆرنبێرگ
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
حیزبی شیوعیی کوردستان
پارتی سوسیالیستی کوردستان باکوور
پارتی دێموکراتی کوردستان
یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان
پارتی هاک پار ـ کوردستانی باکوور
ڕێکخراوی خانەی میدیا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێکخراوی جیهانیی کورد

ڕێکخراوی هانای کورد

ناوەندی ڕەوەندی کورد

ڕێکخراوی جیهانیی کورد

---

## بڕیارنامەی بەشدارانی خۆپیشاندانی پشتیوانی لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران (هێلسینکی)




۹ی ڕەزبەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۱ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۲ی زایینی

تاوانی کوشتنی ژینا (مەهسا) ئەمینی لە شاری تاران بوو بەهۆی شەپۆلێکی بێ وێنە لە نارەزایەتیەکانی خەڵک لە شەرمەزارکردنی ئەو جینایەتە لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێراندا.

هەزاران خەڵکی ناڕازی بۆ مەحکوومکردنی ئەو جینایەتە لە شار و ناوچەکانی جۆراوجۆری ئێرانەوە ڕژانە سەر شەقامەکان و خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوون.

خۆپێشاندان و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران لەکاتێکدا درێژەی هەیە کە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم بریتی لە هێزە



https://serchawe.com

ئەمنییەتییەکان، ئیتلاعات و هێزە چەکدارەکانی دیکە لە هەموو شێوازێکی توندوتیژ دژی خۆپێشاندانە ئارامەکانی خەڵک کەڵک وەردەگرن و تا ئێستا دەیان کەس لە خەڵکی بێتاوان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزەکانی ڕێژیم کوژراون و سەدان کەس بریندار بوون.

ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناڕازی لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ئێرانەوە گیراون و لە ژێر ئەشکەنجە دان. هاوکات لەگەڵ ئەمە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە مەبەستی خوڵقاندنی کەشی ترس و بێ بڕوایی دەستی کردووە بە تیرۆری نێودەوڵەتی دژی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە کوردستانی باشووردا و لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بنکە و مەقەڕەکانی هێزەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بە خەستترین شێوە بۆردمان کردووە و لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بێتاوان گیانیان لەدەست داوە و ژمارەیەکی زۆر کە لەنێو ئەو کەسانەدا ژن و منداڵن کە بریندار بوونە.

مافی ژیانێکی ئازاد، ژیانێکی شکۆمەندانە و بوونی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە بنەماکانی کۆمەڵگای مۆدێرنی ئەمڕۆن، ئەو مافانەی کە لە ماوەی ٤٣ ساڵی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لە خەڵکی ئێران زەوت کردووە.

ئێستا کە ئێمە لێرە کۆ بووینەتەوە، بەشێکی زۆر لە شار و ناوچەکانی ئێران لە کوردستانەوە تا بەلووچستان، لە ئەحوازەوە تا ئازەربایجان و گیلان، تاران، ئیسفەهان، مەشهەد و هتد بە توندترین شێوە کەوتوونەتە بەر هێرشی زۆردارانەی ڕێژیمی ئێران و هەموو ڕۆژێ بینەری کوژران و برینداربوونی خەلکی بێتاوانین.

ڕێژیمی ئێران هەموو ڕێگەکانی پێوەندیگرتنی خەڵک لەگەڵ جیهانی دەرەوەی بەستووە و هەر ئێستا پێوەندی لە نێوان شار و ناوچەکانی ئێرانی بە نزمترین ئاستی خۆیان گەیشتووە. ڕێژیمی ئێران بە بڕینی پێوەندیی ئینتێرنێت و ڕێگەکانی دیکەی پێوەندی هەوڵ دەدات دەست بکات بە کوشتار و قەلاچۆی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و بۆ ئەوەی دەسەلاتی ڕەشی خۆی درێژە پێ بدات.

لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ڕێژمی ئێران لە سەردەمی دەسەڵاتی خۆیدا چ لەنێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات دەستی لە هیچ جینایەت و تاوانێک نەپاراستووە. لەنێو خۆی ئێراندا خەڵک دەگیرێ و ئێعدام دەکرێ و مافی سروشتیی ژیانێکی ئازاد و شکۆمەندانە لە خەڵک زەوت کراوە.

لە دەرەوەی وڵات ئەو ڕێژیمە بەهۆی پشتیوانیی بەردەوام لە تیرۆریزم و ڕێکخستنی هێزە تیرۆریست و توندئاژووەکان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بووەتە بە مەترسییەکی جیددی بۆ سەر ئەمنییەتی وڵاتان و ئاشتیی جیهانی.

دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بووە بە ڕەمزی بەرگریی نەتەوەکان و هەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دژی ئەو حکوومەتە دیکتاتۆرە و هەموو پێکهاتە نەتەوەیی، ئایینیەکان بریتی لە کورد، فارس، تورک، بەلووچ، عەرەب، تورکمان، بەهایی، سوننە و هتد یەکدەنگ و یەکگرتووانە خوازیاری ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و پێکهاتنی حکوومەتێکی دێموکراتیک لەسەر بنەمای یاساکانی نێونەتەوەیی و جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤن.

بەو بۆنەوە ئێمە بەشدارانی خۆپیشاندانی پشتیوانی لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران لە فینلاند

١- داواکارین لە بیروڕای گشتی، بەتایبەت یەکیەتیی ئورووپا، خەڵک و دەوڵەتی فینلاند پشتیوانی بکەن لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و بە ڕەچاوکردنی گەمارۆی سیاسی، دیپلۆماتیک و گەمارۆ هۆشمەندەکانی ئابووری لەسەر باڵە نیزامی و سیاسییەکانی ڕێژیم ئەو ڕێژیمی تێرۆریست و تێرۆریستپەروەرە لە کارایی بخەن.
٢- لە ڕێگای شوڕای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە هانای خەڵکی ئێرانەوە بێن و بە پشتیوانیی خۆیان خوازیاری کۆتایی بە ماشێنی کوشتار و تێرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران بهێنن.
٣- بۆ شەرمەزاریی قەڵاچۆی خەڵکی بێتاوانی ئێران و ئاپارتایدی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی ژنان، باڵوێزەکانی خۆیان لە ئێران بکێشنەوە.
٤- باڵوێزەکانی ئێران لە هەموو وڵاتان بۆ ئاگادارکردنەوە بانگ بکرێن و باڵوێز و ناوەندەکانی ڕێژیمی ئێران دابخرێن.
٥- زەخت بخرێتە سەر ئێران بۆ جێبەجێکردنی بەرپرسایەتی و بەڵێنە نێونەتەوەییەکان خۆی لەمەڕ ڕەچاوکردنی مافی مرۆڤ و جێبەجێکردنی جاڕنامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان.

بەشداران لە خۆپیشاندانی پشتیوانی لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران (هێلسینکی)



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە کۆڵن پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران کرا



**١٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە درێژەی خۆپێشاندانەکانی نارەزایەتی وهەروەها پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان و هەروەها بۆ مەحکوومکردنی هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەر لە  شاری کۆلنی ئاڵمان خۆپێشاندانێکی بەر بەرین بەڕێوە چوو.

خۆپێشاندانەکە بە بەشداریی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ناوەندا هاڤکاری و حیزبی چەپی ئێران و چالاکانی سیاسی و مەدەنی و ئەنجومەنی زیندانیانی سیاسی و کۆڕ و کۆمەڵە کولتوورییەکان بەڕێوە چوو.

لە خۆپێشادانەکەدا خالید حەسەنپور ئەندامی ڕێبەریی حیزب  بە زمانی فارسی و سوڵتان گوڵاوی ئەندامی لەمێژینەی حیزب بە زمانی ئاڵمانی لێدوانیان دا.

ناوبراون وێڕای پشتیوانیکردن لە مانگرتنەکانی کوردستان و ئێران بە وردی باسیان لەسەر هێرشە مووشەکییەکەی ئەم دوایانە کۆماری ئیسلامی کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها ئەحمەد باب بە زمانی کوردی و فارسی لێدوانی دا.

---

## لە فرانکفۆرت پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران کرا




**١٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ١٠ی ڕەزبەر لە شاری فرانکفۆرتی وڵاتی ئاڵمان خۆپێشاندان و ڕێپیوانێک لە نێوەڕاستی شاری فرانکفۆرت ڕێکخرا.

خۆپێشانانەکە بە بەشداریی کۆمیتەی( مبستگی با مبارزات مردم ایران) فرانکفورت و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێک هات.

کۆمیتەی حیزبی دیمۆکرات لە ناوچەی ڕاین ماین گەبیت لەو خوپێشاندانە بەشدار بوو کە لەلایەن "عیسا زورانی" پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئیران بە زمانی ئاڵمانی پێشکەش کرا.

خۆپێشاندەران دوای دروشم و پەیامەکان بەرەو کۆنسولی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە نێو شاردا وەڕێ کەوتن و لەبەردەم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆنسولی ئێران کۆ بوونەوە.

هەروەها خۆپێشاندەرانی وەزاڵەهاتووی ئێران و بە تایبەت کوردستان، قین و تووڕەیی خۆیان بەرانبەر بە ڕێژیم دەربڕی.

---

## لە شتۆتگارت پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران کرا



١٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

لە پێناوی پشتێوانی کردنی ڕاپەڕینەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەر ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ حیزب و ڕێکخراو لایەنەکانی ئێرانی دەورووبەری شتۆگارت خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە برد.

خۆپیشاندانەکە بە بەشداریی هەزاران کەس سەرەتا لە kleiner Schlossplatz و بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کرد.

دوای چەند دروشمی کوردی و فارسی کە لەلایەن بەشداربوانەوە دەگوتران درێژە بە چالاکیەکە درا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دواتر پەیامی ناوندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە بە زمانی ئاڵمانی ئامادە کرابوو لەلایان خاتوو "گابی" هاووڵاتیی ئاڵمانی خوێنداریەوە.

لە پەیامی ناوندی هاوکاری تیشک خرابۆ سەر جینایەتەکانی ڕێژیمی ئاخوندی ئێرانی و شۆڕشی گەلانی ئێرانی دژ بەو زوڵم زۆریەیی کە دەرحەقیان دەکرێت.

دواتر بەشدار بووان بە ڕێپێوان خۆپێشاندانەکەیان بەرەو Stadt Mitte درێژە پێ دا.

جێگای ئاماژیە کە هەموو حیزب و لایانە سیاسییەکانی ئێرانی بە ئاڵا و لۆگۆی خۆیانەوە بەشداری ئەو چالاکییە بوون.

دواتر هەر لەشوێنی ناوبراو بەشداربووان درێژەیان بە دروشمی فارسی و کوردی وتنەوە کرد.

دواتر هەر لەو پێوەندیەدا پەیامی ناوەندی هاوکاری کە بەزمانی فارسی ئامادە کرابوو لەلایەن غەزەل خوێندرایەوە.

پەیامی فارسی لەلایەن کەریم خزرپوور ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە بە زمانی کوردی ئامادە کرابوو، خوێندرایەوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە واشنتۆن خۆپیشاندانێک دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو




**١٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، بە دەسپێشخەریی کۆمیتەی حیزب لە ئامریکا و بە پشتیوانیی ڕەوەندی کوردستانی، هاوکات لەگەڵ مانگرتن و ناڕەزایەتیی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، لە بەردەم کۆشکی سپی ڕێپێوانێک بەڕێوە چوو.

ئامادەبووان بە بەرزکردنەوری ئاڵای کوردستان، وێنەی شەهیدان، پلاکاردی جۆربەجۆرو وتنەوەی دروشم بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیسی دژی سیاسەتی کوشتارو تێرۆری ڕێژیم دروشمیان وتەوە و داوایان لە ئیدارەی بایدن کرد پشتیوانی لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران و کوردستان بکات.

هونەرمەند فایەق مەحموودی چەند سروودێکی شۆڕشگێڕیی پێشکەش کرد.

دواتر عوسمان پاڵانی، کاوە دەشتەبێڵی، عەلی قادەری، مەحبووبە حوسێنی، سروە سەلیمی و دەریا عەبدوڵلازادە وێرای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئامادەبووان دروشمیان وتەوە.

لەو خۆنیشاندانەدا وێڕای کوردانی چوار پارچەی کوردستان، ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ئامریکا بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبوو کە لە ڕێگای ئاخاوتن بۆ میدیاکان سیاسەت و پیلانگێرییەکانی ئێرانیان لەقاو دا و هەورەها پشتیوانیی خۆیان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات کردەوە.

لەو ڕێپێوانەدا، ئارەش ساڵح نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئامریکا وتارێکی بە ئینگلیسی پێشکەش کرد. هەروەها حیکمەت بامەرنی، سامی ساڵەیی و سلێمان بۆتانی وەکوو کوردانی باشوور و باکووری کوردستان پشتیوانیان لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان کرد و سیاسەتی مووشەکبارانی ئێرانیان دژی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان مەحکووم کرد.

ڕەحیم ڕەشیدی بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی حیزب لە ئامریکا دواین وتاری ئەو ڕێپێوانەی پێشکەش کرد و وێڕای، سپاس لە بەشداری ئامادەبووان، هاوکات لەسەر هەلومەرجی ئێران و ناوچەکەو جیهان قسەی بۆ ئامادەبووان کرد.

ڕەشیدی لە قسەکانیدا هۆکاری مووشەکبارانی بنکەو بارەگای حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی باس کرد و وتی: "کۆماری ئیسلامی دەخوازێ بەو هەنگاوە پەراوێزخستن و شکەستی پرسی ناوکی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بشارێتەوە، هەروەها ئەو ڕێژیمە بەو پشتیوانییە بەرین و جەماوەرییەی لە ئاستی ئێراندا بۆ کوردستان دەستەبەر بووە وەزاڵە هاتووە لەو ڕێگایەوە دەخوازێ بە ئێرانییەکان بڵێ لە دەرەوە مەترسی لە سەر وڵات هەیە، ئەوە لە حاڵێکدایە ڕێژیم بۆ خۆی گەورەترین مەترسییە بۆ سەر ئاشتی و تەنهایی لە ناوچەکە و جیهان و کاردانەوە نێوچەیی و نێونەتەوەییەکانیش دژی ڕێژیم دەرخەرەی ئەو ڕاستییەیە.

ڕەشیدی لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە جێگای شانازییە دروشمێکی کوردستانی سەردێری نا وتنەوەی میلیۆنان کەسە بە کۆماری ئیسلامی و ئەمەش نیشانەی ڕۆڵی ژیان لە خەباتی ڕزگاریخوازیی کوردستان و هاوکات پیشاندەری کۆنەپەرەستی و سیاسەتی دژە ژنی دەسەڵاتدارانی تارانە.

ڕەشیدی لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کۆماری ئیسلامی ڕەنج بەخەسارە و ئەمڕۆ نەوەیەک ڕووبەرووی بووەتەوە کە لە ژێر سیاسەت و دەسەڵاتی خۆیدا چاویان بە ژیان هەڵێناوە و پەروەردە بوون، لێ بە دەنگی بەرز داوای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕووخانی دەکەن.

لە کۆتاییدا بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە ئامریکا باسی لە مانگرتنی جەماوەریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد کە ئەوان بەو کردەوەیە بۆ جارێکی دیکە یەکریزیی خۆیان نیشان دا و وڵامێکی توند و ڕاشکاوانەیان بە سیاسەتی مووشەک و فرۆکەی بێفرۆکەوانی دوژمن دایەوە کە زەبوونانە پەلاماری قوتابخانەی منداڵان و نەخۆشخانە و شوێنی حەوانەوەی پیر و بەساڵداچوان

---

## پشتیوانیی کوردەکانی سوێد لە ڕاپەڕینی ڕۆژهەڵات



١٢ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

لە ستۆکهۆڵم، پێتەختی سوید هێرشی مووشەکیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزبیان مەحکووم کرا و پێداگری لەسەر پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکان کرا.

لە ئاکسیۆنەکەی ستۆکهۆلمدا کە پاش خۆپێشان و ڕێپێوان لە "سێرگل تۆری"، ناوەندی شار کۆبوونەوکەوە گیرا، پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران خوێندارییەوە و دواتر لاوێن ڕێدار، نۆینەری حیزبی سۆسیال دێموکراتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سوید و "فرێدریک مالم"، پارلمانتاری حیزبی لیبرال وتاریان پێشکێش کرد.

مێهرداد دەرویش‌پوور، شیرین شمس وناسر بولیدەیی چەند کەسایەتییەکی دیکە بوون کە لەو کۆبوونەوەیەدا قسەیان کرد و دواتر پەیامی کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، پەیامی یەکیەتیی لاوانی دێموکرات و پەیامی فێمینیستەکانی سوید خوێندرانەوە.

پێشکێش‌کردنی چەند سروودی نێوئاخنی بەرنامەکانی ئەو ئاکسیۆنە بوو.

---

## پشتیوانیی کوردەکانی کانادا لە ڕاپەڕینی خەڵکی ڕۆژهەڵات



١٢ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

لە ڤانکۆڤێری کانادا خۆپێشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانەشدا پەیامەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، یەکیەتیی ئێرانیانی-کانادا و هەرێمی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆلۆمبیا بریتیش بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکانی ئێستای کوردستان و ئێران خوێندرانەوە. لە درێژەی ئەو کۆبوونەوە جەماوەرییەدا، چەند بەرهەمی هونەری وەک شێعر و شانۆیەکی سەر شەقام و چەند پارچە مۆسیقایەک پێشکێش کران .

بەشدارانی ئە ئاکسیۆنە پاشان چوونە کۆبوونەوەیەکی دیکەی ئێرانییەکان کە هەر هەمان کات بەڕێوە دەچوو. لەو کۆبوونەوەیەدا ڕەحیم سورخی بە نوێنەرایەتیی کوردەکان وتارێکی پێشکێش کرد.

---

## کۆڕیادێک بۆ شەهیدانی ٦ی ڕەزبەر و خۆپیشاندانەکان لە کوردستان و ئێران لە واشنتۆن بەڕێوە چوو



**١٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

بە دەسپێشخەریی کۆمیتەی گشتیی حیزب لە ئامریکا، لە دەڤەری واشنتۆن، بۆ بەرزڕاگرتنی یادی شەهیدانی ڕاپەڕینەکانی ئەم دواییەی کوردستان و ئێران بە گشتی شەهیدانی پەلاماری تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، کۆڕیادێک بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆڕیادەکە بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی یەک خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدان دەستی پێ کرد.

پاشان خاتوون "هانا" ڕیزبەندی بەرنامەکەی خوێندەوەو چەند پارچە شێعری پێشکەش کرد.

پاشان ڕەحیم ڕەشیدی، بە ناوی حیزبی دێموکراتەوە پرسە و سەرخۆشی لە کچ و برا و بنەماڵەی شەهید چیچۆ کرد.

ناوبراو سەبارەت بە دوایین هەلومەرجی سیاسی، نیزامی و ئابووریی کوردستان، ئێران، ناوچە و جیهان قسەی کرد و تیشکی خستە سەر ئەو هەلومەرجە نوێیەی کە بەهۆی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامییئێران دەستی پێ کردووە و هەموو جیهانی گرتووەتەوە.

ڕەشیدی لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد بە پێچەوانەی تیرۆرانینی کۆماری ئیسلامیی ئێران مووشەکبارانکردنی بنکەی حیزبەکانی رۆژهەڵات لە باشووری کوردستان بووەتە هۆکاری پشتیوانیی زیاتری گەلان و ئازادیخوازانی ئێران و جیهان لە کورستان و بزوتنەوە ڕەواکەی.

دواتر خەبات ئیبراهیم پوور وتاری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لە ئامریکا پێشکەش کرد.

پاشان ڕەسووڵ مەحموود زادە برای شەهید عومەر مەحموودزادە وتارێکی پێشکەش کرد و لەسەر درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان پێداگری کردەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەدا "محەممەد داستان" ئەندامی دێرین و پێشمەرگەی ڕۆژە سەختەکان، پارچە شێعرێکی بەهەستی بەبۆنەی شەهیدبوونی وانیار و دایکی پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەدا "موراد ئەحمەدی" هاوڕێی دێرینی شەهید عومەر لەسەر تایبەتمەندییەکانی شەهید عومەر قسەی کرد. هەروەها "مەحبووبە حوسێنی" ئەندامی حیزب، پارچە هۆنراوەیەکی خوێندەوە.

لەو کۆڕیادەدا وێنەی سەرجەم شەهیدانی مووشەکەکبارانی بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە باشوور لە ساڵۆنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێوڕەسمەکە داندرابوون.

لە کۆتایی ئەو کۆڕیادەدا، جەماوەێکی زۆری دۆست و لایەنگری حیزب و نوێنەری حیزبە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، وێڕای مەحکوومکردنی سیاسەتی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران پشتیوانیی خۆیان لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەگشتی و حیزبی دێموکرات بەتایبەتی دەربڕی.

---

## بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە "ئارهوس"ی وڵاتی دانمارک خۆپێشاندانێک بەڕێوە چوو



**١٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی دانمارک لە ناوچەی "یولەند" لە بەر دەرگای شارەوانی شاری "ئارهوس" ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر خۆپێشاندانێکی بەڕێوە برد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەو خۆپێشاندانە بە هاوکاریی ڕێکخراوەی لاوانی "مینو"، ژنانی "هوست ئێمنسیت ئینترناشناڵ" و ڕێکخراوی "ل گ ب ت" بە بەشداریی سەدان کەس لە کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ژمارەیەک لە پارت و لایەنی دانمارکی بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانە بە نوێنەرایەتی لەلایەن ژنانی چەوساوە و بێمافی ژنانەوە و دواتر پەیامی پارتی "ڕادیکاڵ ڤێنسترا" لەلایەن نوێنەری ئەو حیزبە و، پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانی دانمارکی پێشکێش کران.

لە برگەی دیکەی خۆپێشاندانە بەشداربووان تێکرا بە گوتنەوەی دروشم و بە ڕێپێوانێکی هێمن بۆ ماوەی کاتژمێرێک بەرەو گۆڕەپانی گەورەی شار وەڕێ کەوتن. لە گۆڕەپانی شارەکەشدا پەیامی ناوەندی هاوکاری بە کوردی و پەیامی پارتی "ئینهس لیست" لەلایەن "ئەنە هۆلون" خوێندرانەوە.

لەو خۆپێشاندانەدا دروشم، سروود و هۆنراوە لەلایەن بەشداربووانەوە پێشکەش کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانێک لە هامبۆرگی ئاڵمان بەدژی کۆماری ئیسلامی



**١٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر، لە درێژەی خۆپیشاندانەکان لە وڵاتی ئاڵمان، لە شاری "شتوتگارت"یش خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕین و مانگرتنەکانی کوردستان و ئێران و هەروەها مەحکوومکردنی هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە حیزبەکانی ئەندامی ناوەندی هاوکاری و بەشێکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان بەشدار بوون، چەندین پەیام و شێعر و سروودی ئێرانی و کوردستانی خوێندرانەوە.

لە درێژەی خۆپێشاندانەکەشدا دروشم بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئاڵمانی لەدژی ڕێژیم وترانەوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندان لە شتۆتگارتی ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران




١٦ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ١٦ی ڕەزبەر، لە درێژەی خۆپیشاندانەکان لە وڵاتی ئاڵمان، لە شاری "شتوتگارت"یش خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕین و مانگرتنەکانی کوردستان و ئێران و هەروەها مەحکوومکردنی هێرشی مووشەکیی ڕێژیم بۆ سەر حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە حیزبەکانی ئەندامی ناوەندی هاوکاری و بەشێکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی و ئێرانییەکان بەشدار بوون، چەندین پەیام و شێعر و سروودی ئێرانی و کوردستانی خوێندرانەوە.

لە درێژەی خۆپێشاندانەکەشدا دروشم بە زمانەکانی کوردی و فارسی و ئاڵمانی لەدژی ڕێژیم وترانەوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە سکاتلەند خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی سەرانسەریی ئێران بەڕێوە چوو




**١٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٧ی ڕەزبەر کۆمیتەی ناوچەی حیزبی دێموکرات لە سکاتلەند کۆ بوونەوە و ڕێپێوانێکی بۆ کوردان و ئێرانیانی دانیشتوی سکاتلەند ڕێکخست.

خۆپیشاندەران لە شەقامی "سێت ئینۆخ" کۆ بوونەوە و وەڕێکەوتن بەرەو "جۆرج سکوێر" بەرانبەر بە شارەوانیی "گلاسگۆ" لەوێدا بە خوێندنەوەی چندین وتار لەلایەن بەشدارانەوە دروشم بە کوردی، فارسی و ئینگلیزیش درا.

هەروەها لەو گردبوونەوەکەدا پەیامێک لەلایەن "فەرامەرز درخشانپوور"ەوە ئەندامی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کوشتنی ژینا ئەمینی و بۆمبارانەکانی بنکەی حیزبە کوردییەکان خوێندرایەوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی ڕێپێوانێک لە سکاتلەند بەدژی کۆماری ئیسلامی



**١٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی یەکشەممە، ١٧ی ڕەزبەر کوردانی دانیشتووی سکاتلەند بە مەبەستی پاڵپشتیی لە شۆڕشی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان و ئێران و مەحکوومکردنی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی، کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتییان بەڕێوە برد.

لەو ئاکسیۆنەدا خۆپێشاندەران لە شەقامی سێت ئینۆخی شاری گلاسکۆ کۆ بوونەوە و بەرەو جۆرج سکوێر، بەرانبەر بە شارەوانی شاری گلاسکۆ ڕۆیشتن و دوای کۆبوونەوە لەو شوێنە، چەندین وتار بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیسی خوێندرانەوە کە باسیان لە پشتیوانی لە خەبات و ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دەکرد.

لەو خۆپیشاندانەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێیدا بەشدار بوون، پەیامی بەشداریی حیزب لەلایەن فەرامەرز درخشانپوور، ئەندامی حیزب خوێندرایەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان لە "پێرت"ی ئۆسترالیا بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران




**١٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی یەکشەممە، ١٧ی ڕەزبەر لە شاری پێرت بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بە بەشداریی کورد و ئێرانییەکان خۆپێشاندانێک بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانەدا چەندین پەیام لە فۆرست پلەیس، ناوەندی شاری پێرت خوێندرانەوە کە پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ئوسترالیا کە لەلایەن مەسعوود سەمەدییەوە خوێندرایەوە، یەک لەو پەیامانە بوو. لەو پەیامەدا چەند داوایەک لە حکوومەتی کانادا کراوە کە بریتین لە: یەکەم داخستنی باڵوێزخانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کانبێرا و دەرکردنی باڵوێزەکانی ڕێژیم. دووهەم، داخستنی باڵوێزخانەی ئوسترالیا لە تاران و سێهەم ئەوە کە ڕێکخراوی تێرۆریستیی سپای پاسداران بخرێتە نێو گرووپە تیرۆریستییەکانەوە.

خۆپێشاندانەکە بە ڕێپێوان و دروشمدان دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی ڕێکوپێک ماوەی چەند سەعاتێک درێژەی کێشا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆبوونەوەیەک لە "ئادلاید"ی ئۆسترالیا بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەڕێوە چوو




**١٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی یەکشەممە، ١٧ی ڕەزبەر لە شاری "ئادلاید"ی ئوسترالیا و بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران، بە بەشداریی کورد و ئێرانییەکان خۆپێشاندانێک بەڕێوە چوو.

لەم خۆپیشاندانەدا سێناتۆر "سارا هەنسن" وتارێکی لە پێوەندی لەگەڵ ڕاپەڕینی ئێران و دوا گۆڕانکارییەکان لە ڕەوتی نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا پێشکەش کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەی کۆبوونەوەکەشدا "لۆیس میلەر" پارلەمانتارێکی حیزبی کرێکار قسەی بۆ بەشداران کرد و پێداگریی لەسەر پشتیوانیی خۆی و حیزبەکەی لە ڕاپەرینی خەڵکی ئێران داگرت.

بەهار ساڵحی، وتاربێژێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیە بوو کە لەلایەن کۆمەڵەی کوردەکانی ئادلایدەوە وتارێکی پێشکێش کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە گڵاسکۆی ئیسکاتلەند پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران کرا



**١٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی "گڵاسکۆ"ی سکاتلەند بۆ مەحکوومکردنی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی ڕەزبەر کۆبوونەوە و ڕێپێوانێکی بۆ کوردانی دانیشتووی ئەو وڵاتە پێکهێنا.

خۆپیشاندانەکە بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شەقامی "سێت ئینۆخ" شاری "گڵاسکۆ" دەستی پێ کرد و ئامادەبووان بەرەو "جۆرج سکوێر" بەرانبەر بە شارەوانیی ئەو شارە وەڕێ کەوتن.

لەو کۆبوونەوەیەدا چەندین وتار بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی خوێندرانەوە کە نێوئاخنی هەموویان مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیم و سیاسەتە دژیگەلییەکانی بوو.

هەروەها لەو خۆپێشاندانەدا هێرشی مووشەکیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات مەحکووم و پێداگری لەسەر پێویستیی پشتیوانیی بەردەوام لە خەڵکی کوردستان و ئێران کرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی ڕێپێوانێک بە مەبەستی ڕیسواکردنی کۆماری ئیسلامی لە نیوزلەند



**١٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

بە بەشداریی ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی نیوزلەند، ڕێپێوانێک بەمەبەستی ڕیسواکردنی کردەوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چوو و پشتیوانیی خۆیان بۆ شۆڕشی گەلانی ئێران ڕاگەیاند.

ڕۆژی یەکشەممە ١٧ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، ئەندامانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بەشداریی سەدان کەس لە ئێرانیانی دانیشتووی نیوزلەند بەشداریان لە ڕێپێوانێکی گشتیی لەو وڵاتەدا کرد کە تێیدا کردەوە و سەرکوتکەرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان ڕیسوا کرد و پاڵپشتییان لە شۆڕشی سەرانسەری خەڵکی وەزاڵەهاتووی گەلانی ئێران کرد و بە درووشمی هاوبەشی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران ڕێپێوانەکەیان بەڕێوە برد.

لەو ڕێپێوانەدا ئەندام پارلمانی ناشنال پارتی نیوزلەند و جەلال خەڵخاڵ نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکیان پێشکەش بە بەشدرابووانی ڕێپێوانەکە کرد و پشتیوانیی خۆیان لە شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەربڕی و دڵنیاییان دا کە پشتیوانیی هەمیشەیی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران دەبن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچونی خۆپێشاندانێکی بەرین لە فەڕانسە لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران




**١٩ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

خۆپێشاندانێکی بەرین بە بەشداریی هەزاران کەسیی خەڵک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی جەماوەری لە شەقامەکانی ئێران و کوردستان بەڕیوە چوو.

خۆپێشاندانی ئەمجارەی شاری پاریس لە سەر بانگەوازی چەندین ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی ژنان، سەندیکای مافی کرێکاران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە فەڕانسە، حیزبی چەپی ئێران (فیدائیانی خەڵک)، ڕێکخراوی فیدائیانی خەڵک، کوردەکانی دانیشتووی فەڕانسە و ئەنجومەنی زیندانییانی سیاسی و عەقیدەتی بەڕێوە چوو.

لەم خۆپێشاندانەدا کە بە بەشداری هەزاران کەس بەڕیوە چوو، دروشمی دژی کۆماری ئیسلامی ئێران و پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی نێو شەقامەکانی ئێران درا کە بەرچاوترینیان دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و هەروەها دروشمی "مەرگ بەر ستمگر چە شاه چە رهبر" بوون.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەم خۆپێشاندانە لە گۆڕەپانی "پلاس دێ فێت" دەستی پێ کرد و بە ڕێپێوانێک هەتا گۆڕەپانی "پلاس دێ لا ڕێپۆبلیک" واتە گۆڕەپانی کۆماری درێژەی کێشا و بە خوێندنەوەی چەندین وتار کۆتایی هات .

---

## بەردەوامیی خۆپێشاندان لە کانادا بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی سەرانسەریی ئێران و کوردستان



**١٩ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە شاری ڤانکۆڤێری کانادا، بەدژی سەرکوتە خوێناوییەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر خۆپیشاندە سەرانسەرییەکان، خۆپیشاندانێکی جەماوەری بەڕێوە چوو.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا بۆ چەندەمین جار ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ژمارەیەکی بەرچاوی کوردستانیانی دانیشتووی وڵاتی کانادا لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران لە ناوەندی شاری "ڤانکۆڤێر" خۆپێشاندانێکی جەماوەریی چەند هەزار کەسییان بەڕێوە برد.

لەو خۆپێشاندانەشدا چەند ئەندام پارلمانی کانادا بەشدار بوون و لە پەیامەکانیاندا پشتیوانیی خۆیان لە ڕاپەڕینی سەرانسەریی گەلانی ئێران دەربڕی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەو خۆپێشاندانەدا، د. ڕەحیم سورخی، بە نوێنەرایەتیی کوردانی دانیشتووی ڤانکۆڤێری کانادا، باسێکی لەسەر گرینگی پاراستنی ئەو یەکگرتووییەی کە لەنێوان گەلانی ئێراندا هاتۆتە ئاراوە پێشکەش کرد و ئەوەی وەبیر هێنایەوە کە نەتەوەی کورد هەروەک چۆن لە یەکەم بەناو هەڵبژاردنی ڕێژیمی ئاخوندی "نای" بەو ڕێژیمە گوت، تا ئێستاش گەلی کورد و خەباتکارانی هەروا شێلگیرانە لە سەنگەری خەبات دژ بە ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه بەردەوامن.

---

## بەخشینی هاووڵاتیی فەخریی پاریس بە ژینا ئەمینی



**٢٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

شورای شاری پاریس بە تێکڕای دەنگی ئەندامەکانی ژینا ئەمینیی بە هاووڵاتیی فەخریی ئەو شارە دانا. شارەداری پاریس گوتی بەو کارە سیمبولیکە هەموو ژنانی ئێران کە بۆ ماف و ئازادییەکانیان خەبات دەکەن، لەلایەن هاووڵاتییانی پاریسەوە پشتیوانییان لێ دەکرێت.

شارەداری پاریس پاش وەرگرتنی دەنگ بۆ ئەو بڕیارە داوای لە ئەندامانی کۆبوونەوەکە کرد کە بۆ ڕێزگرتن لە یاد و بیرەوەریی ژینا ئەمینی و ژنانی خەباتکاری ئێران خولەکێک بە پێوە چەپڵە لێدەن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەخشینی هاووڵاتیی فەخری بڕیارێکە کە لەلایەن شارەوانیی پاریسەوە بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ و پێشاندانی دەرووستیی هەمیشەیی ئەو شارە بۆ پشتیوانی لە خەڵکی چەوساوە و بندەستە دەدرێت.

---

## خۆپیشاندانی بەر دەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئۆتریش




**٢٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەشدارییان لە خۆپیشاندانی بە دەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئۆتریش کرد و جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێرانیان مەحکووم کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ٢٠ی ڕەزبەر ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشدارییان لە خۆپیشاندانی بەر دەرکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە بە مەبەستی مەحکوومکردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە بڕیارنامەیەک لە لایەن شۆڕای مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتوەکان لە دژی کۆماری ئیسلامی پێکهاتبوو. ئەو خۆپێشاندان و کۆبوونەوانە هەموو ڕۆژێک لەو شوێنە بەردەوامن.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیەدا بەڕێوەبەری خۆپیشاندانەکە ڕاپۆرتێکی لەسەر چەندی و چۆنیی خۆپیشاندانەکان لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نێوخۆی وڵات بە تایبەت لە شاری سنە پێشکەش کرد. دواتر دوکتور خوسرەو بەهرامی وتارێکی لەسەر دۆخی شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەربەرەکایی خەڵکی کوردستان، هەروەها ئەزموونی ٤٣ ساڵەی خەباتی کورد لە دژی کۆماری ئیسلامی پێشکەش کرد.

لە درێژەی کاری کۆبوونەوەکەدا پشتیوانی لە خۆپیشاندەران کرا و بەشدارانی تریش لە بەشەکانی تری ئێران لە سەر ئەزموونە تاڵەکانی خۆیان لەگەل کۆماری ئیسلامی و پێویستی گرێدانی خەباتی هەموو پێکهاتەکانی ئێران بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و ڕزگاری لە چنگ جینایەتکارانی ڕژیم وتاریان پێشکەش کرد.

خۆپیشاندانەکانی بەر دەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ڕۆژێک لە کاتژمێر ٩ی بەیانی تا ٨ی ئێوارە بەردەوامە و بەرنامە ڕەسمییەکەی لە نێوان کاتژمێر ٤ بۆ ٦ی ئێوارە بەڕێوە دەچن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانێک دژی کۆماری ئیسلامی لە ئوسترالیا




**٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە شاری "بریزبن"ی وڵاتی ئوستڕالیا بە بەشداریی سەدان کەس لە نەتەوەکانی ئێران خۆپێشاندێک بەمەبەستی مەحکوومکردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپێشاندانێکی سەدان کەسی دژی کۆماری ئیسلامی لە ناوەندی شاری "بریزبن"ی وڵاتی ئوسترالیا بە بەشداریی زۆربەی نەتەوەکانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەو خۆپێشاندانەدا چەندین دروشمی جۆراوجۆر دژی ڕێژیمی ئیران وترانەوە و بە تێکڕای دەنگ داوای ڕووخانی ڕێژیم کرا، هاوکات داوا لە حکوومەتی ئوسترالیا کرا کە باڵوێزخانە و سەفارەتی ڕێژیم کە ناوەندی جاسووسیە دابخات.

لە درێژەی خۆپێشاندانەکەدا، "سەلاح پوورڕەسەد"، نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئوسترالیا بابەتێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد و وتی: ئێمەی کورد کارنامەی ٤٣ ساڵ خەباتمان دژی کۆماری ئیسلامی هەیە و ئێستاش لە کوردستانەوە ئەو خەباتە جەماوەرییە دەستی پێکردووە و هەموو گەلانی ئێران هاوکار و هاوخەباتن کە ئەوە وەرچەرخانێکی گرینگ لە مێژووی تێکۆشانی خەڵکی ئێرانە، تەنیا بە هاوکاری وتێکۆشانی هەموو گەلانی ئێران ڕێژیم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەڕووخێ و نابێ هیچکەس و لایەنێک بکەوێتە ژێر پڕوپاگەندەی ڕێژیم کە بیهەوێ یەکگرتوویمان تێک بدا.

---

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانێک دژی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتی دانمارک



٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە شاری "هۆرسنس"ی وڵاتی دانمارک خۆپێشاندانێکی جەماوەریی دژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە ٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، خۆپێشاندانێکی جەماوەریی بەمەبەستی شەرمەزارکردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پاڵپشتی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران، لە شاری "هۆرسنس"ی وڵاتی دانمارک بەڕێوە برد.

خۆپێشاندانەکە بە ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و شۆڕشی ئەمجارەی گەلانی ئێران دەستی پێکرد. پاشان لە لایەن "دانا ئەلیاسی" بەڕێوەبەریی خۆپیشاندانەکە، چەند وتەیەک پێشکەش کرا کە تێیدا ئاماژەی بە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەمجارەی گەلانی ئێران کرد کە کوردستان چەخماخەلێدەری ئەو شۆڕشەیە و وتی: گەلانی ئێران



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمێکـی دیکتاتۆریـان بە شۆڕشـێکی جەمـاوەری لە سـاڵی ١٩٧٩ سـەرەوژێر کـرد و توانـایی ئەوەیـان هەیە کە ڕێژیمـی ئاخوندیش بە هەموو وەحشیگەری و زوڵم و ستەمیکەوە سەرەوژێر بکەن و ئێمەی کورد دەزانین ئازادی نرخی هەیە.

لە درێـژەدا، لە لایەن "لیسبێت تۆرفینگ" پەیـامی پـارتی لیسـتی یەکگرتـوو "Enhedlisten" پێشەکش کرا و جەختی لەسەر پشتیوانیی گەلانـی ئێـران بەگشتی و گەلـی کورد بەتـایبەتی کـرد و ئـاماژەی بە ویسـتی گەلانـی ئێـران بە ئـازادی و دیموکراسی کـرد و وتـی: وڵاتـانی ڕۆژئـاوایی دەبـێ پشتگیری لە خەبـاتی ئـازادیخوازیی گەلانـی ئێـران بکەن، دواتـر وتـاری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە لایەن "سەحەر حیسامی" پێشکەش کرا کە تێیدا باسی لە خەبـاتی ژنـان دژی هەڵاواردن و بێمـافی و زوڵمـی نەتەوەیـی دەرهەق بە گەلانـی ئێـران و کوشـتنی "ژینـا ئەمینـی" کـرد، کە بە شێوەیەکی نامرۆڤانە لە لایەن هێزە دڕندەکانی ڕێژیمی ئاخوندییەوە شەهید کرا.

---

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانێک بۆ شەرمەزارکردنی کۆماری ئیسلامی لە ئاڵمان




**٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتـاوی = ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە شـاری فرانکفۆرت"ـی وڵاتـی ئـاڵمـان، خۆپێشـاندانێک بـۆ شـەرمەزارکردنی کردەوەکـانی ڕێژیمـی ئێـران لە لایەن کـۆمیتەی (همبستگی با مبارزات مردم ایران) بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژی شەممە ٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، کۆمیتەی (همبستگی با مبارزات مردم ایران) خۆپیشـاندانێکی جەمـاوەریی بەدژی کۆماری ئیسلامی بەڕێوە برد و ئەندامانی ناوەندی هاوکـاریی حیزبەکـانی کوردسـتانی ئێـرانیش بە ئـاڵای کوردستان و لۆگـوی حیزبی بە تایبەت لۆگۆی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بەشدارییان کرد.

بەشێکی بەرچاو لە کوردانی دانیشتووی ئەو نـاوچەیە بەشداریيان لەو خۆپێشـاندانەدا کـرد و زۆرێک لە ڕێکخراو و لایەنە ئێرانییەکانیش بە هێمای خۆیانەوە دژی ڕێژیمی ئێران بەشدار بوون و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامییان شەرمەزار کرد.

خۆپێشاندانەکە لە گۆڕەپانی "ڕومیر پلاتس"ی ناوەنـدی شـاری فرانکفـۆرت بەڕێوە چوو و دوای خوێنـدنەوەی چەنـد وتـار و شـێعر و سـروود و دروشـم لەلایەن بەشـداربووان دژ بە ڕێژیمـی پەتوسـێدارە بە ڕێپێـوان بەرەو گۆڕەپـانی "ڕۆزمارکـت" بەڕێکەوتن و دژی ڕێژیمی خامنەیی دروشیان وتەوە و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامییان بە دنیای دەرەوە ناساند.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# لە وڵاتی ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتییەکانی کوردستان و ئێران خۆپێشاندان بەڕێوە چوو




**٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، لە شاری "کۆڵن"ی وڵاتی ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران، خۆپێشاندانێکی بەرین بە بەشداریی ئەندامانی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران و بەشێک لە حیزب و لایەنە ئێرانییەکان و خەڵکی ئاسایی بەڕێوە چوو.

خۆپێشاندانەکە بە ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ئەو دواییانەی شەقامەکانی کوردستان و ئێران و شەهیدانی مووشەکبارانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەستی پێ کرد.

لەلایەن "ڕەزا دانشجوو" بە زمانی کوردی و فارسی بەخێرهاتنی بەشدارانی خۆپێشاندانەکە کرا و دواتر پەیامی ناوەندی هاوکاری و بەشێک لە حیزبە ئێرانییەکان بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئاڵمانی پێشکەش کران.

لە پەیامی ناوەندی هاوکاری کە لەلایەن خاتوو "سۆهەیلا بابەک" بە زمانی کوردی خوێندرایەوە، وێڕای دەربڕینی پەیامی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی سەرجەم گیانبەختکردوانی ڕێگای ئازادی و مەحکوومکردنی ڕێژیمی ئێران، ئاماژە بە کوشتنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەناحەقی "ژینا ئەمینی" و سەرجەم شەهیدان و سەرکوتی بێبەزەییانەی نارەزایەتییەکانی خەڵک و هێرش بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران درا.

دەقی پەیامەکە بە زمانەکانی ئاڵمانی و "فارسی"ش خوێندرایەوە.

پاشان پەیامی ئەنجومەنی ژنانی ئێرانی لە وڵاتی ئاڵمان و پەیامی چەندین ئەنجومەنی ژنانی بەلووچستان پێشکەش کران.

دواتر ڕێپێوانێکی یەک کاتژمێری بەنێو بازاڕی شاری "کۆڵن" بە دانی دروشم بە زمانەکانی ئاڵمانی، کوردی و فارسی بەڕێوە چوو.

دوای یەک کاتژمێر ڕێپێوان، بەشداران گەڕانەوە شوێنی سەرەتا و لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرییەوە درێژە بە خوێندنەوەی وتار و پەیامەکان درا.

"سوڵتان گولاوی" بە زمانی ئاڵمانی، وتارێکی لەسەر دۆخی نێوخۆی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی پێشکەش کرد.

دواتر پەیامی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی ئێران لەلایەن "وریا ئەحمەدی" و پەیامی حیزبی چەپی ئێران لەلایەن "فەرها" خوێندرانەوە.

دوای سێ کاتژمێر ڕێپێوان و خۆپیشاندان، بە دانی دروشمەکانی "نەمان بۆ ڕێژیمی ئێران" و "ژن، ژیان، ئازادی" کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی هەزاران کەسی لە نۆرویژ



**٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە درێژەی خۆپێشاندانەکانی گەلانی ئێرانی، لە دوای شەهیدکرانی "ژینا ئەمینی"، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپێشاندانێکی گەورە بە بەشداریی هەزاران کەس لە گەلانی ئێرانی و کوردستانیی دانیشتووی نۆرویژ و هەروەها ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵکی نۆرویژ بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی جەماوەریی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو.

خۆپێشاندانی ئەمجارەی شاری ئۆسلۆ لە سەر بانگەوازی چەندین حیزب و ڕێکخراوی کوردستانی و ئێرانی بەڕێوە چوو.

خۆپێشاندەران سەرەتا لە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نۆرویژ کۆبوونەوە و دواتر بڕیارنامەی خۆپێشاندەران خوێندرایەوە کە بۆ جارێکی دیکە وێڕای مەحکوومکردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، داوایان لە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی و حکوومەتی نۆرویژ کردبوو کە هەڵوێستی جیددی و کارایان بەرانبەر بە ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێ و پشتیوانیی خۆیان لە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران دەربڕن.

دواتر خۆپێشاندەران بە ڕێپێوان و وتنەوەی دروشم دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نێو شەقامەکانی ئێران بە زمانەکانی نۆروێژی، کوردی و فارسی بەرەو باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران لە ئۆسڵۆ وەڕێ کەوتن.

بەشی دووهەمی خۆپیێشاندان لە بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری تێرۆریستی ئیسلامیی ئێران بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستی پێ کرد و تا کاتژمێر ٥ی ئێوارە درێژەی هەبوو.

ئەم حیزب و ڕێکخراوانەی کە ئەو خۆپیێشاندانە بەرینەیان بەڕێوە برد بریتی بوون لە:

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)
- حزب چپ ایران(فدائیان خلق)
- کۆمیتەی پشتیوانیی نۆروێژی - ئێرانی

لە کۆتاییدا بە وتنی دروشمی جۆراوجۆر دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆتایی بە خۆپیێشاندانەکە هێنا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران




۲۳ی ڕەزبەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۱٥ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۲ی زایینی

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ۲۳ی ڕەزبەری ۱٤۰۱ی هەتاوی، هاوکات لەگەڵ خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان لە ئێران و کوردستان، لە سێ شاری وڵاتی فینلاند، خۆپێشاندان و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بەمەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان، بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، کوردان و ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتی فینلاند، لە شارەکانی "هێلسینکی، تورکو و یوڤاسکولا" لە دەوری یەک کۆ بوونەوە و سیاسەتی سەرکوت، کوشتن، گرتن و ئازار و ئەشکەنجەی لاوانی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان مەحکووم کرد کە لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە پەیڕەو دەکرێت.

ئەم کۆبوونەوانە کە لەلایەن کۆمیتەی حیزبەکانی کوردستان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانەوە ڕێک خرابوون، درێژەی ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییانەن کە ماوەی مانگێکە دەستیان پێ کردووە.

ئەم کۆبوونەوەیە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناڕەزایەتییە سەرانسەرییەکانی ئێران و کوردستان دەستی پێ کرد.

ئامانجی ئەم کۆبوونەوەیە، گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتیی ژنان، لاوان و تێکڕای خەڵکی ناڕازیی کوردستان و ئێران بە وڵاتانی ئورووپاییە.

لە نێوئاخنی ئەم کۆبوونەوە ناڕەزایەتییانەدا، پەیامی بەڕێوەبەران پێشکەش کرا و چەندین کەس وتەیان پێشکەش کرد.

ناوەڕۆکی پەیام و وتەی بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێوڕەسمانە بریتی بوو لە داخوازی لە وڵاتانی ئورووپایی و ڕۆژاوایی بۆ پشتیوانی لە خواستی خەڵکی ناڕازیی کوردستان و ئێران.

بەشدارانی ئەم خۆپیشاندانانە، لەگەڵ ئەوەی کە وێنە، ئاڵا و پووستێری جۆراوجۆریان هەڵگرتبوو، دروشمی "ژن ژیان ئازادی" و "ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی"یان دەوتەوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان لە واشنگتۆن بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ئێران




**٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕەوەندی ئێرانی لە واشنگتۆن بەشێویەکی بەرچاو لە خۆپێشاندانەکانیان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان بەردەوامن.

لەو کۆبوونەوانەدا بە گوتنەوەی دروشم و بەرزکردنەوەی وێنەی ژینا ئەمینی و خوێندنەوەی سروود و بەرزکردنەوەی دروشم دژی کۆماری ئیسلامی پشتیوانییەکانی خۆیان بۆ مانگرتن و نارەزایەتیی جەماوەری لە کوردستان و ئێران دووپات کردەوە.

لەو کۆبوونەوەدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەسەر داوای کۆمیتەی حیزب بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبوو؛ ئەوان لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدان بەشدار بەشدار بوون. دواتر خۆپیشاندەران، چوونە بەردەم کۆنگرێس و بە گوتنەوەی دروشم داوای پشتیوانی ئەمریکا لە خەڵکی ئێرانیان کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە هامبورگ خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەڕێوە چوو




**٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٢٣ی ڕەزبەر، کاتژمێر ٦ی ئێوارە لە وڵاتی ئاڵمان و لە شاری "هامبورگ" لەسەر بانگەوازی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ناوەندی چالاکانی ڕێگای ئازادیی ئێران خۆپیشاندانێک بەمەبەستی مەحکوومکردنی سەرکوت و کوشتنی لاوانی ناڕازی لە ڕێژیمی ئێران و پاڵپشتی لە مانگرتنی گشتیی کوردستان و ئێران و هەروەها خۆپێشاندانەکانی نێوخۆ بەڕێوە چوو.

"پلاتفۆرمی کوردی هامبورگ، چالاکانی بەلووچ و عەرەب، ژمارەیەک لە ئۆکرانییەکانی نیشتەجێ لە ئاڵمان و چالاکانی ئازادیخوازی ئاڵمان" لەو خۆپێشاندانەدا بەشدار بوون و بە وتار، پەیام و دروشم پشتیوانیی خۆیان بۆ خەبات و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەربڕی.

پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لەلایەن هاوڕێ "داوود عەلیخانی"وە خوێندرایەوە کە لە پەیامەکەدا شەهید و بریندارکردنی شۆڕشگێڕان و هێرشی مووشەکی بۆ سەر حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی بە توندی مەحکووم کرابوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاتژمێر ٨ی شەو بە وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی - ئیتر بەسە بێدادی" لەلایەن "فاتمە فەلاحی"ـەوەک، کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات.

---

## خۆپێشاندانێکی جەماوەری لە وڵاتی سویس بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی کوردستان بەڕێوە چوو



**٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٢٣ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ١٥ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی، خۆپێشاندانێکی جەماوەری بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی کوردستان و ئێران بە بەشداریی سەدان هاووڵاتی کورد و سویسی بەڕێوە چوو.

سەرەتای ئەو خۆپێشاندانە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

خۆپیشاندانەکە بە پێشکەشکردنی چەند وتەیەک لەلایەن "لەیلا گویزەل" سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی سویس لقی "بێرن" دەستی پێ کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پاشان "مستەفا ئیتی چی" و "سێبیل ئەرسەلان" دوو پارلمانتار لەسەر لیستی پارتی سۆسیالیستی سویس وتاریان پێشکەش کرد.

بە دوای وتارەکەی ئەو دوو پارلمانتارە "ناتالی ئیمبادن" پارلمانتار لەسەر لیستی حیزبی سەوزەکان وتارێکی پێشکەش کرد.

لەنێوان بەرنامەکەدا شانۆیەک لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە پێشکەش کرا کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی بەشداربووان بەرەورووبووە.

لە بەشی کۆتایی بەرنامەکە بڕیارنامەی خۆپێشاندەران بە زمانەکانی "کوردی، ئاڵمانی و فارسی" پێشکەش کرا.

دوا بڕگەی خۆپیشاندانەکە بە وتنەوەی دروشم و سروودی شۆڕشگێڕانە کۆتایی پێ هات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕێپێوانێکی بەرین دژی ڕێژیمی ئێران لە واشنتۆن بەڕێوە چوو



**٢٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕەوەندی ئێرانی بەشێوەیەکی بەرچاو لە شاری واشنتۆن کۆبوونەوە و بە وتنەوەی دروشم و بەرزکردنەوەی وێنەی ژینا ئەمینی و خوێندنەوەی سروود و گۆرانی پشتیوانیی خۆیان بۆ مانگرتن و ناڕەزایەتیی جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دووپات کردەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەسەر داوای کۆمیتەی حیزب لە واشنتۆن بەشدارییەکی چالاکانەیان هەبوو.

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و وتنەوەی دروشم بە زمانی کوردی و سروودی "وا هاتن پێشمەرگەی مە" لە وتنی "شڤان پەروەر" و لە "دەوری دەست و تفەنگت گەڕێم ئەی هەڤاڵی پێشمەرگە" لە وتنی "مەرزیە فەریقی" سەرنجی بەشداربووانیان ڕاکێشا.

لە کۆی وتار و لێدوانەکاندا بە ڕێزەوە باسی کوردستان کرا. "سروە سەلیمی" کچە لاوی کورد بە زمانی ئینگلیزی باسی لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسەتی هەڵاواردنی ئێران دژی کوردەکان کرد و لەوبارەوە باسی لەوە کرد کە بۆچی ناوی "ژینا" بووەتە بە "مەهسا."

لەسەر داوای ڕێکخەرانی ڕێپێوانەکە، "ڕەحیم ڕەشیدی" بە نوێنەرایەتیی کوردستان و لەنێو ئاپۆرای ئێرانییەکاندا وتارێکی پێشکەش کرد و وتی: "لە کوردستانی خوێناوییەوە سڵاوتان لێ بێت، ٤٠ ساڵە ئێمە لەبەر ئەو خواست و دروشمانە سەرکوت دەکرێین کە ئێوە بۆی کۆبوونەتەوە، بەڵام جۆری دروشمەکانتان دڵخۆشمان دەکات و پێمان وایە ئێوە بەڵێنیمان پێ دەدەن و پەیمان دەبەستن کە لە ئێرانی داهاتوودا کوردستان بە تانک و تۆپ و فەرمانی جیهاد پەلامار نادرێت، ئێمە ئەم پەیامە بە دڵ و بە گیان وەردەگرین".
"

ڕەشیدی" لە درێژەی قسەکانیدا باسی لە ڕۆڵ و پێگەی دایکانی کوردستان کرد و وتی کە دایکانی کوردستان فێریان کردووین "لەبرسان بمرین، لەژێر داری سێدارە گیان بدەین، لە سەرما ڕەق بین، بەڵام هەرگیز لە ترسان نەمرین"، ئەمەش وای لێ کردووین ئەمڕۆ بە دەنگێکی بەرز پێتان بڵێین کوردستان هەرگیز لە بەرانبەر سەرەڕۆیی و سەرکوتدا چۆک دانادات. ئێمە تەسلیم نابین، ئێمە پێتان پەیوەست بووین تاکوو کوردستان هەروەها چاو و چرای ئێران بێت، پێکەوە سروودی یەکگرتوویی دەڵێینەوە و وێکڕا ئەم یەکریزییە دەپارێزین و ئەم ڕێژیمە لەرزۆکە دەڕووخێنین.
"

ڕەشیدی" لە درێژەی قسەکانیدا بە زمانی کوردی وێڕای هەزاران ئێرانی و کوردستانی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" وتەوە و ڕایگەیاند: "کوردستان شانازی دەکات کە دروشمەکەی ئەمڕۆ لە دەرەوە زیاتر لە ١٥٠ شاری جیهانی تەنیوە".

لە کۆتایی قسەکانیدا ناوبراو باسی لە مانگرتنی گشتیی کوردستان کرد و وتی: ""خەڵکی خۆڕاگری کوردستان بەو مانگرتنە وڵامێکی ددانشکێنیان بە مووشەکی بالستیک و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان دایەوە کە چیدی کۆماری ئیسلامیی ئێران پەلاماری قوتابخانەی منداڵان، نەخۆشخانە و شوێنی مانەوەی بەساڵاچووان نەدات.

"ڕەشیدی" بە وتنەوەی بژی یەکریزی، بژی کوردستان و بژی ئێران کۆتایی بە وتەکانی هێنا.

وتاری "ڕەحیم ڕەشیدی" لەگەڵ پێشوازیی گەرم و چەپڵەڕێزانی بەردەوامی ئامادەبووان ڕووبەڕوو بوویەوە.
دواتر خۆپێشاندەران چوونە بەردەم نووسینگەی ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست و پاشان لە بەردەم نووسینگەی نوێنەرایەتیی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕێژیمی ئێران کۆبوونەوە و بە وتنەوەی دروشمی جۆراوجۆر تێکڕا خواستی خۆیان بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئێران دووپات کردەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## لە بولغارستان خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و کوردستان بەڕێوە چوو



**٢٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی دووشەممە ٢٥ی ڕەزبەر، کاتژمێر ٥ی ئێوارە لە شاری "سوفیا" پێتەختی وڵاتی بولغارستان لەسەر بانگەوازی نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو وڵاتە بە بەشداریی چالاکانی ڕێگای ئازادیی ئێران خۆپیشاندانێک بەمەبەستی مەحکوومکردنی سەرکوت و کوشتنی لاوانی ناڕازی لەلایەن ڕێژیمی ئێران و پاڵپشتی لە مانگرتنی گشتیی و خۆپێشاندانەکانی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو.

بەپێی ئەو بانگەوازە کوردانی هەرچوار بەشی کوردستان، چالاکانی ئێرانی وعەرەب، ژمارەیەک لە بولغارییەکان و چالاکانی ئازادیخوازی بولغاری لەو خۆپێشاندانەدا بەشدار بوون و بە وتار، پەیام و دروشم پشتیوانیی خۆیان بۆ خەبات و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەربڕی.

لەو کۆبوونەوەیەدا پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لەلایەن "حیشمەت حوسێنی" خوێندرایەوە، لە پەیامەکەدا باسی شەهید و بریندارکردنی شۆڕشگێڕان و ئاگرتێبەردانی زیندانی ئێڤین کرا و هەروەها داوا لە پارلمانی بولغارستان کرا کە باڵوێزی ڕێژیمی ئێران بۆ یەکەم کۆبوونەوی پارلمان کە چەند ڕۆژی تر دەست پێ دەکات بانگهێشت نەکرێت.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دوای ماوەی کاتژمێرێک لە بەردەم پارلمانی بولغارستان بۆ پێش باڵەخانەی سەرکۆماری ئەو وڵاتە خۆپیشاندەران بەڕێ کەوتن و هەمان داواکاری بۆ سەرکۆماری ئەو وڵاتە دووپات کرایەوە.

چەند میدیا و ڕۆژنامەی ئەو وڵاتە لێدوانیان لە خۆپیشاندەران وەرگرت کە ڕاستەوخۆ بڵاو کرایەوە.

کاتژمێر ٧ی شەو بە وتنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" لە بەردەم باڵەخانەی سەرکۆماریی بولغارستان کۆتایی بەو خۆپیشاندانە هات.

---

## بەڕێوەچوونی کۆنفرانسێک لەسەر شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران، لە پارلمانی دانمارک



**٢٨ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە پارلمانی دانمارک، بەبەشداریی پارلمانتارانی ئەو وڵاتە کۆنفرانسێک لەسەر شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە چوو.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لە پارلمانی دانمارک بەبەشداریی ژمارەیەک لە پارلمانتارانی ئەو وڵاتە، کۆنفراسێک بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

باسکردن لە سەر ڕاپەڕینی ئەم دواییانەی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی ئێران، بەڕێوە چوو و کۆنفرانسەکە لەلایەن بەڕێزان "ئەسر قادر" پارلمانتاری سەر بە پارتی "کانسێرڤاتیو"ی دانمارک ڕێکخرابوو و ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی گەلانی ئێران و سەرکوتکردنە خوێناوییەکانی ڕێژیمی ئێرانیان خستە بەر باس.

ئەو کەسایەتییانەی کە لە کۆنفرانسەکە بەشدار بوون بریتین لە: "لارس لوکە ڕاسمووسن، سەرۆک وەزیرانی پێشووی دانمارک، لارس ئەسلان ڕاسمووسن پارلمانتار لە پارتی سۆشیال دێموکراتەکان، کارینا ئەمنیتسبۆل پارلمانتار لە پارتی کانسێرڤاتیو، سۆرێن سۆناگۆرد پارلمانتار لە پارتی لیستی یەکگرتوو و فەرشاد خوڵقی هونەرپیشەی بە ڕەچەڵەک فارس و شاندێکی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات".



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانێک بۆ مەحکوومکردنی سەرکوتەکانی ڕێژیمی ئێران لە ئاڵمان




**٢٩ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە شاری "هامبۆرگ"ـی ئاڵمان، لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ناوەندی چالاکانی ڕێگای ئازادیی ئێران، بەمەبەستی شەرمەزارکردنی سەرکوتەکانی ڕێژیم بۆ سەر خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران، خۆپیشاندانێک بەڕێوە چوو.

لەماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، لە سەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و ناوەندی چالاکانی ڕێگەی ئازادیی ئێران، لە شاری "هامبۆرگ"ـی وڵاتی ئاڵمان، بەمەبەستی مەحکوومکردن و شەرمەزارکردنی سەرکوتی خوێناوی و کوشتنی خەڵکی ناڕازی ئێران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی خامنەییەوە بەتایبەت لە کوردستان و هەروەها بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی سەرانسەریی ئێران، بەبەشداریی سەدان کەس خۆپیشاندانێک بەڕێوەچوو.

لەو خۆپیشاندانەدا، پلاتفۆڕمی کوردی هامبورگ، چالاکانی بەلووچ و عەرەب، ژمارەیەک لە ئۆکرانییەکانی نیشتەجێی ئاڵمان و چالاکانی ئازادیخوازی ئاڵمانی بەشدار بوون و بە وتار و پەیام و دروشم پشتیوانیی خۆیان بۆ خەبات و سەرهەڵدانی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەربڕی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن "کەماڵ حەسەن پور" خوێندرایەوە و چەند گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕانەش پێشکەش کرا و بە وتنەوەی دروشم دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و "ژن، ژیان، ئازادی" کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات.

---

## ڕێپێوانێکی بەشکۆ بۆ پشتیوانیی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ئوسترالیا بەڕێوە چوو




**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ئەمڕۆ شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، ڕەوەندی ئێرانی بۆ پشتیوانیی لە بانگەوازی مانگرتنی سەرانسەریی لە ئێران و کوردستان ڕێپێوانێکی بەربەرینی بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی سێ کاتژمێر لە ئوستراليا بەڕیوە برد.

لەم ڕێپێوانەدا "جەلال خەڵخاڵ" بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە "نیوزلەند" باسێکی سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە ئێران و کوردستان پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

ناوبراو ئاماژەی بە ئاگرتێبەردانی زیندانی ئێڤین کرد کە وەبیرهێنەرەوەی ئێعدامەکانی سیاسی لە ساڵی ٦٧ و کوژرانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیندانییانی سیاسی و سینما ڕێکسی ئابادان بوو.

"خەڵخاڵ" هەروەها باسی لە لەشکرکێشی و قڕکردنی میللەتی کورد کرد کە وەبیرهێنەرەوەی وتەی "ئەبولحەسن بەنیسەدر" لەژێر ناوی "پوتینهایتان را در نیارید تا کوردستان را با خاک و خون یکسان نکنید" کە ئەوەش جۆرێک جیهاد دژی نەتەوەی کورد بووە.

ناوبراو لە بەشێکی تر لە وتەکانیدا ئاماژەی بە مافی مرۆڤ و مافی دیپلۆماتیک کرد کە "دیپلۆماتەکانی ڕێژیم، نوێنەری سیاسیی ڕێژیمێکی منداڵکوژن و دەبێت مافی مرۆڤ لە پارێزراویی دیپلۆماتیکی ئەو کەسانە بێتە دەرەوە و کۆنسولگەرییەکانی ئێران لەلایەن وڵاتانی ئازادیخواز و دیموکرات دابخرێن و دیپلۆماتەکانیان وەدەربنرێن."

لەو ڕێپێوانەدا داوا کرا کە خەڵک بۆ خۆ ڕێکخستن لە کاتی ئازادیدا شورای گەڕەک پێک بێنن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو




**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی بەرانبەر بە ٢٢ ئوکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی، خۆپیشاندانێکی بەرین کە لەسەر داوای کوردان و ئێرانییەکانی دانیشتوو لە وڵاتی دانمارک بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێران پێک هاتبوو، بەڕێوە چوو.

سەرەتا خۆپیشاندەران لەلایەن پێشکەشکارانی بەرنامە "هەژار دەشتی" و "ئارەزوو" بە سێ زمانی کوردی، دانمارکی و فارسی بەخێرهاتن کران، پاشان خۆپیشاندانەکە بە وتنەوەی چەند دروشمی جۆراوجۆر دەستی پێ کرد.

بەرنامەکە بە سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و سروودی "ای ایران" و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی گیانبەختکردووی سەرهەڵدانی ئەمجارەی ئێران و کوردستان دەستی پێ کرد.

دواتر پەیامی هاوبەشی گەلانی ئێران بە زمانی دانمارکی لەلایەن "هۆنیا ئازەربار" خوێندرایەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاشان "نیکۆلای وامەن" وەزیری ئابووریی دانمارک بە پێشکەشکردنی چەند وتەیەک پشتیوانیی خۆی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەربڕی.

لە درێژەدا پەیامەکانی هاوبەشی گەلانی ئێران بە زمانی کوردی لەلایەن "سەربەست ئۆرمیە"، بە زمانی فارسی لەلایەن "حەمید مومتاز سەنعەتی" و بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن "دەریا خوسرەوی" خوێندرایەوە.

پاشان بە ڕێپێوان خۆپێشاندەران لەنێو شاری "ئارهۆس" بە وتنەوەی دروشمی جۆراوجۆر و بە چوار زمانی "کوردی، فارسی، دانمارکی و ئینگلیزی" بەرە و شوێنی دیاریکراو بەرێ کەوتن.

دواتر "تۆبیاس" بە نوێنەرایەتیی پارتی "مۆدێراتی" دانمارک چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و پشتیوانی خۆی لە شۆڕشی گەلانی ئێران ڕاگەیاند.

پاشان "هەنار خوسرەوی" گۆرانییەکی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد.

لەنێو ئاخنی بەرنامەکە چەند گۆرانی و سروودێک بە هاوکاری دەفژەنی کورد "شەهرام ئەلقاسی" پێشکەش کرا.

هەروەها گۆرانی "دایە دایە وەخت جەنگە" بە زمانی لوڕی لەلایەن "ئارمان ڕەزایی" و هەروەها سروودی "تاکەی تاکەی" لەلایەن "یەدوڵڵا چراغی"یەوە پێشکەش کرا.

لە کۆتاییدا بۆ جارێک دیکە خۆپیشاندەران بە ڕێپێوان و بە دانی دروشم بەرەو شوێنی یەکەم گەڕانەوە و بە چەند سروود و پارچە مووزیک کۆتاییان بە خۆپێشاندانەکە هێنا.

لایەنە کوردییەکانی بەشداربوو لەو خۆپیشاندانەدا بریتی بوون لە "ناوەندی هاوکاریی هێزەکانی کوردستانی ئێران، سازمانی دێموکراتیکی پارسان" و هەروەها چەند کەسایەتییەکی ئێرانی ئازادیخوازی غەیری کورد لە نەتەوەکانی فارس، ئازەری و عەرەب."



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی ڕێپێوانێکی بەرین دژی ڕێژیمی ئێران لە واشنتۆن



**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە "واشنتۆن"، ڕێپێوانێکی بەرین بە دژی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بۆ پاڵپشتیی لە شۆڕشی سەرانسەریی ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، بۆ جارێکی دیکە ڕەوەندی ئێرانی لە شاری واشنتۆن بەشێویەکی بەرچاو بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران خۆپیشاندانی نارەزایەتییان بەڕێوە برد و لەبەردەم کۆنگرێسی ئامریکا کۆ بوونەوە و بە وتنەی دروشم، وتار و سروودی شۆڕشگێڕی پشتیوانیی خۆیان بۆ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دووپات کردەوە.

خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی وێنەی "ژینا ئەمینی" و وتنەی دروشم بە دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران داوای ڕووخانی ئەو ڕێژیمە و پشتیوانیی خۆیان بۆ مانگرتن و نارەزایەتیی جەماوەری لە کوردستان و ئێران دەربڕی.

لەو کۆبوونەوەدا، ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەر داوای کۆمیتەی حیزب بە شێوەیەکی بەرچاو و بە ئاڵای کوردستان و جلوبەرگی کوردییەوە چالاکانە بەشداریی خۆپیشاندانەکەیان کرد و بە وتنەوەی دروشمی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جۆراوجۆر دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران چوونە بەردەم کۆشکی سپی و بە تێکرا داوای پشتیوانیی ئامریکایان لە خەڵکی ئێران کرد.

هەروەها ئەندام و لایەنگرانی دڵسۆزی حیزبی دێموکرات لە ویلایەتەکانی "تێنسی و ئاریزۆنا" بە شێوەیەکی بەرچاو بەشداریی خۆپیشاندانەکانیان کرد و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدان و وتنەوەی دروشم پشتیوانیی خۆیان بۆ کوردستان و ڕاپەرینی خەڵکی ئێران دووپات کردوە.

---

## کۆبوونەوە و ڕێپێوانی پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران لە فینلاند



**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە درێژەی چالاکیی، خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی کوردان و ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات بۆ پشتیوانیی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، لە شاری "هێلسینکی"ی پێتەختی وڵاتی فینلاند، خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، کۆبوونەوە و خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانیی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان، بە بەشداریی سەدان کەس لە کوردان و ئێرانییەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە و نوێنەرانی حیزبەکانی فینلاند، لە "Senaatintori"لە نزیک کلیسای بەناوبانگی شاری هێلسینکی "Tuomiokirkko" بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێ کرد.

پاشان "ئێرکی "(Erkki Tuomioja) ، ئەندامی پارلمان و وەزیری پێشووی دەرەوەی فینلاند، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد و وێڕای بەرزنرخاندنی خەباتی ژنانی ئێران، کوشتن، گرتن و سەرکوتی خۆپیشاندەران و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە مەحکووم کرد و هەروەها پشتیوانیی خۆی لە خواستی ژنان بۆ ئازادی و بەدەستهێنانی مافەکانیان دەربڕی.

دواتر بەشداربووان بە ڕێپێوان و وتنەوەی درووشم بە زمانەکانی کوردی، فارسی، فینلاندی و ئینگلیزی بە ناو شاردا ڕێیان پێوا و لە "کامپی" لەنێو شاری هێلسینکی کۆ بوونەوە و بەرنامەکان بە وتەی میوانان و دروشم و سروودی ئەی شەهیدان و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و قوربانییەکانی ئەم دواییانەی کوردستان و ئێران درێژەی کێشا.

"سارا سۆفی"، ئەندام پارلمانی فینلاند و ئەندامی ڕێکخراوی بەرگریی لە ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان وتەیەکی پێشکەش کرد، ناوبراو لە وتەکانیدا، پشتیوانیی خۆی بۆ خەباتی ژنانی ڕاپەڕیوی گەلانی ئێران دەربڕی و ئەوانی بە بوێر وەسف کرد و بوێریی کچان و ژنان و خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستانی بەرز نرخاند و وتی: "ئەم دروشمە لە شەقامی فینلاندیشدا دەنگی داوەتەوە."

ناوبراو هەروەها وتی: "خەبات لە ئێراندا بۆ مافی بەرانبەر لە ئارادایە و ئەرکی ئێمەیە کە چاومان بکەینەوە و ببینین لە ئێراندا چی ڕوو دەدا. ئەرکی ئێمەیە پشتیوانی لە خەڵکی ئێران بکەین کە بۆ ئازادی و مافەکانی خۆیان خەبات دەکەن و ئێمە یادی ژینا ئەمینی و هەموو ئەو کەسانە دەکەینەوە کە خەبات دەکەن و گیان و ژیانی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە و ئەمە لە بیر ناکەین".

لە درێژەی بەرنامەکاندا، "تیینا ساندبێرگ"، نوێنەری حیزبی شیوعیی فینلاند، "ئانوو ساری"، نوێنەری حیزبی فێمینیستی فینلاند و هەروەها "گەشاو بیبانی"، نوێنەری حیزبی چەپەکانی فینلاندیش چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد و وێڕای پشتیوانی لە داخوازیی ژنان و خەڵکی ئێران و کوردستان، سەرکوت، کوشتن و گرتنی ژنان، لاوان و خوێندکاران و قوتابییانی ئێران و کوردستانیان مەحکووم کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە شاری "پێرت" لە وڵاتی ئوسترالیا خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو




**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپیشاندانێکی بەرفراوان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران، لە شاری "پێرت"ی وڵاتی ئوسترالیا بەڕێوە چوو.

لە خۆپیشاندانەکەدا ڕێژەیەکی زۆر لە ئەندامانی حیزب و کوردی دانیشتووی ئەو شارە بەشدارییان کرد.

هەروەها لە خۆپیشاندانەکەدا خەڵکێکی زۆری ئۆکراینی بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان و ئێران دژی ڕێژیمی ئێران ئامادە بوون.

لە خۆپیشاندانەکەدا چەندین وتار خوێندرانەوە کە لەودا یارمەتیدانی ڕێژیمی ئێران بە ڕووسیە لە دژی ئۆکراین مەحکووم کرا.

دوکتور "ئەن ئاڵی" وەزیری خوێندن و لاوان، لە خۆپیشاندانەکەدا بەشدار بوو و چەن وتەیەکی پێشکەش کرد و لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وتەکانیدا پشتگیری خۆی بۆ ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بۆ گۆڕینی ڕژێمی ئێران ڕاگەیاند و باسی لە شۆڕش و هاتنە سەر شەقامی خەڵکی میسر و سەرکەوتنی ئەوان کرد و ئاواتی سەرکەوتنی بۆ گەلی کوردیش خواست.

خۆپیشاندانەکە لە کاتژمێر ١١ بۆ ١ی نیوەڕۆ درێژەی کێشا و دوای سێ کاتژمێر کۆتایی پێهات.

---

## لە شاری "ئادلاید" لە وڵاتی ئوسترالیا خۆپیشاندانێکی بەرین دژی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە چوو




**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی، هاوکات لەگەڵ خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان لە نێوخۆ و وڵاتانی دەرەوە، لە گۆڕەپانی ویکتۆریا لە شاری "ئادلاید" لە وڵاتی ئوسترالیا، خۆپیشاندانێکی بەرین لە کاتژمێر ٢ بۆ ٤ نیوەڕۆ بەڕێوە چوو.

لە خۆپیشاندانەکەدا چەندین کەس لەوانە سێناتۆر "سایمن بێرمینگهام" و پارلمانتار "کاترینا هیڵدیارد" و کەسێکی ئازەری وتەیان پێشکەش کرد و لە قسەکانیاندا ڕەخنەی توندیان لە ڕێژیمی ئێران گرت و داوایان لە حکوومەتی ئوسترالیا و وڵاتانی دیکەی جیهان کرد بەرەورووی ڕێژیمی ئێران ببنەوە و لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە گەمارۆ بخەنە سەر ڕێژیم.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە برگەیەکی دیکەدا شاعیری خاوەن هەست "چەکۆ باران" پەخشانێکی فارسی و شێعرێکی کوردی و هەروەها "هەڤاڵ شەخسی" وتارێکی بە زمانی فارسی پێشکەش کرد.

هەروەها لە خۆپیشاندانەکەدا سروودی شۆڕشگێڕانە لێدرا کە بووە هۆی شادی و خۆشی خۆپیشاندەران.

---

## خۆپیشاندانێکی چەند هەزار کەسی لە شاری "کۆپنهاگ"ی وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو



**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی، کۆمیتەی هاوبەشی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران و"Spot on Iran" خۆپیشاندانێکی گەورەی چەند هەزار کەسی بە مەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران و گەیاندنی دەنگی ئەوان بە خەڵک، ئۆرگانەکان، حیزبە سیاسییەکان و میدیاکانی دانمارک بەڕێوە برد کە ژمارەیەک کەسایەتی سیاسیی و ڕێبەری پارت و لایەنە دانمارکییەکان و پارلمانتار و سەرۆکوەزیرانی پێشووی وڵاتی دانمارکیش بەشدار بوون.

خۆپیشاندانەکە لە بەردەم باڵەخانەی وەزارەتی دەرەوەی دانمارک بەرەو باڵەخانەی پارلمانی ئەو وڵاتە دەستی پێ کرد،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کە خۆپیێشاندەران بە وتنەوەی دروشم و سروود و گۆرانی شۆڕشگێڕی هێندەی دیکەی جۆش و خرۆشیان بە خۆپیێشاندانەکە بەخشی.

سەرەتا پەیامی "کۆمیتەی هاوبەشی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران" بە زمانی فارسی لەلایەن "زیوەر میرلاشاری"، پەیامی "کۆمیتەی هاوبەشی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران" بە زمانی دانمارکی لەلایەن دوکتور"سەعید سوڵتانپوور" ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی دانمارکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

لە پەیامی دوکتور"سەعید سوڵتانپوور"دا ئاماژە بە "ژینا ئەمینی" وەک هێما و یەکگرتوویی کوردستان و هەموو شوێنەکانی دیکەی ئێران و خۆپیێشاندان و نارەزایەتی خەڵکی وەزاڵەهاتوو و خواستی ئەوان بۆ ڕووخانی ڕێژیم کرا و هەروەها لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا ئاماژە بە سەرکوتی خەڵکی ئێران لەلایەن ڕێژیم و یەکگرتوویی ئەو جارەی خەڵک و بەرزکردنەوەی دروشمگەلی تایبەت لەوانە "ژن ژیان ئازادی" و دروشمی دیکە دژی ڕێژیم درا.

هەروەها لە بەشێکی دیکە لە خۆپیێشاندانەکەدا کۆمەڵێک کەسایەتی و هەنەرمەند وتاریان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە:

"ئیدا ئاوکێن" ئەندامی پارلمانی دانمارک لە حیزبی سۆسیال دێموکرات
"لارس لۆکە ڕاسمۆسن" ڕێبەری حیزبی "مۆدێراتانێ" و سەرۆکوەزیرانی پێشووی وڵاتی دانمارک
"سوفییە کارستێن نیلسێن" بەرپرسی سیاسیی حیزبی ڕادیکاڵ وێنسترا
"مای ویلادسێن" بەرپرسی سیاسیی حیزبی ئێهیسلیستێن
"پیا ئۆلسێن" ڕێبەری حیزبی سۆسیالیستیسک فۆلکە پارتی (ئێس ئێف)
"کاتارینا ئامیزبۆل" وتەبێژی حیزبی کۆنسێرواتیڤ فۆلکە پارتی لە پارلمانی ئۆرووپا
"ییلدز ئاکدۆگان" لە کوینەغۆد فور کوینە
"کاترین سووسلوو" ویۆلۆنژەن
"تینا مێلمگۆرد" فینالیستی بەرنامەی ئێکس فاکتۆر

لە خۆپیێشاندانەکەدا ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب لە وڵاتی دانمارک و دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی حیزب و بە گشتی کوردستانیان و ئێرانیانی دانیشتووی ئەو وڵاتە و کۆمەڵێکی زۆر لە تێلێڤیزیۆن و ڕۆژنامەکان بەشدار بوون کە ڕووماڵی خۆپیێشاندانەکەیان دەکرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ڕێپێوانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە شاری "ناشڤیڵ"ـی ئامریکا بەڕێوە چوو




**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣٠ی ڕەزبەر بەرانبەر بە ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی، بۆ جارێکی دیکە ڕەوەندی ئێرانی لە شاری "ناشڤیل"، ناوندەی ویلایەتی "تێنێسی" لە وڵاتی ئامریکا کۆبوونەوە و ڕێپێوانێکیان بەڕێوە برد.

لەو ڕێپێوانەدا خۆپیشاندەران بە وتنەوەی دروشم و بەرزکردنەوەی وێنەی "ژینا ئەمینی"، خوێندنەوەی سروود و وتنی دروشم دژی ڕێژیمی ئێران، پشتیوانیی خۆیان لە مانگرتن و ناڕەزایەتیی جەماوەری لە کوردستان و ئێران دووپات کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لەسەر داوای کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە ناوچەی "ناشڤیل" بەشدارییەکی چالاکانەیان لەو ڕێپێوانەدا هەبوو و بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدان جارێکی دیکە پشتیوانیی خۆیان لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دووپات کردەوە.

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# لە شاری "بریزبێن" لە ناوەندی ئەیالەتی کوینزلەندی وڵاتی ئوسترالیا خۆپیشاندانێک بەڕێوە چوو




**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٢ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی, لە شاری "بریزبێن" لە ناوەندی ئەیالەتی کوینزلەند لە وڵاتی ئوسترالیا خۆپیشاندانێکی بەرین بە بەشداریی هەزاران کەس بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندەران لە خۆپیشاندانەکە دەیان دروشمیان دژی ڕێژیمی ئێران وتەوە.

لە خۆپیشاندانەکەدا چەندین کەسایەتی سیاسیی ئوسترالیا بەشدار بوون و وتاریان پێشکەش کرد.

خاتوو "لاریسا واترز" سێناتۆری حیزبی سەوزەکان و بەرپرسی تیمی سێناتۆرەکانی ئەو حیزبە لە مەجلیسی سێنا بەشداری خۆپیشاندانەکە بوو و وتارێکی پێشکەشی بەشداران کرد.

ناوبراو لە قسەکانیدا پشتیوانی لە خەباتی گەلانی ئێران بە تایبەتی ژنان کرد و سەرکوتی خەڵکی ئێرانی لەلایەن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمەوە مەحکووم کرد و وتی کە حکوومەتی ئوسترالیا پێویستە وەکوو ئامریکا و کانادا هەنگاوی جیددی هەڵبگریّ بۆ خستنەسەری زیاتری گەمارۆکان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران و سپای تێرۆریستی پاسداران بخاتە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانی خۆیەوە.

هەروەها سەرۆکی شارەوانی بریزبێن "ئادریەن شرونە" پەیامێکی پێشکەش کرد و وێڕای پشتیوانیی خۆی وتی کە ئێستا هەموو جیهان گوێی لە دەنگی خەڵکی ئێرانە و پێویستە خەڵکی ئێران بە مافەکانی بگات.

لە ڕێپێوانەکەدا خەڵکێکی زۆری غەیرە ئێرانی بەشدارییان هەبوو.

خۆپیشاندانەکە دوای دوو کاتژمێر بە ڕێپێوان بە نێو شار و دروشم دژی ڕێژیمی ئێران و پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران کۆتایی پێ هات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ پشتیوانیی لە سەرهەڵدانی جەماوەری لە کوردستان، لە وڵاتی ئاڵمان خۆپیشاندانێک بەڕێوە چوو



**٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١، خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران لە شاری "هامبۆرگ و برێمن"ی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئاڵمان بە هاوبەشی لەگەڵ ناوەندی چالاکانی ڕێگەی ئازادیی ئێران لە شاری هامبۆرگ، ئەو خۆپیشاندانەیان بەڕێوە برد.

لە سەرەتادا "کەماڵ حەسەنپوور" بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی کۆمیتەی حیزب پەیامی کۆمیتەی حیزبی بەو بۆنەوە بە زمانی فارسی پێشکەش کرد.

لە پەیامەکەدا باس لە شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکردنی سەرهەڵدانی سەرتاسەری لە کوردستان و ئێران و هەروەها باس لەو مانگرتنە کرابوو کە ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو و خەڵک بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان، بێزاری و نەفرەتی خۆیان دژی ڕێژیم نیشان دا.

هەروەها لە پەیامەکەدا باس لە سەرهەڵدانی خوێندکاران لە زانکۆکان و یەکگرتوویی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێران و هەموو حیزب و لایەنەکان کرابوو کە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم لە هەوڵدان.

لە درێژەدا "شەهریار نەقشبەندی" قسەی بۆ بەشداران کرد.

ناوبراو سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە هەموو بنەماڵەی شەهیدانی ڕاپەڕین ڕاگەیاند و هیوای چاکبوونەوەی بۆ بریندااران خواست و وێڕای مەحکوومکردنی تاوانەکانی ڕیژیمی ئێران، وتی کە هەوڵەکانمان بۆ ڕووخانی ڕێژیم چڕتر دەکەینەوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا داوای لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، وڵاتە ئازاد و دێموکراتیکەکان و سەرجەم ئازادیخوازان کرد کە دژی ڕێژیمی ئێران بوەستنەوە و باسی لەوە کرد کە ڕێژیمی ئێران نەک کوردستان بەڵکوو هەموو ئێرانی کردووەتە زیندان بەتایبەت بۆ نەتەوەکان.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مانگی خەزەڵوەر = ئۆکتۆبەر و نۆڤەمبەر

# بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان لە بێلژیک بۆ پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی وڵات



ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۲۳ی ئۆکتۆبەری ۲۰۲۲ی زایینی

بە هاوبەشیی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەوڵاتی بێلژیک خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە سەرهەڵدانەکانی ئێران و کوردستان بەڕێوە چوو

ڕۆژی شەممە، ی خەزەڵوەر کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بێلژیک بەشداریی لە خۆپیشاندانێکدا کرد لە شاری لۆڤن لەلایەن ناوەندی ڕەوەندی کورد لە بێلژیک ڕێک خرابوو. لەو خۆپیشاندانە هیوا عەلیپوور، بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی کومیتە بە نوێنەرایەتیی کومیتەی حیزب لە بێلژیک پەیامێکی پێشکێش کرد.

لە ماوەی سەرهەڵدانەکانی گەلانی ئێران و گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان ئەوە حەوتەمین خۆپیشاندانە کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب بە گڕوتینی تایبەتەوە بەشدار ئەبن و ڕۆڵ و کاریگەرییان هەیە لە بەرەوپێشچوونی خۆپیشاندانەکانی وڵاتی بێلژیک.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە نۆرویژ بۆ پشتیوانی لە گەلانی ئێران




**١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

بەدوای بانگەوازی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەرانی لایەنە سیاسیەکان لە وڵاتی نۆرویژ بە بەشداری هەزارن کەس لە ئەندامانی حیزب و ڕێکخراوەکان و ڕەوەندی ئێرانی بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی زیاتر لە یەک مانگی ڕابردووی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران، لە شاری "ئۆسلۆ" پێتەختی نۆرویژ خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندەران لە وێستگەی قەتاری شاری "ئۆسلۆ" کۆ بوونەوە و دواتر بە شەقامی سەرەکیی ئەو شارەدا بەرەو وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ وەڕێ کەوتن و بە گوتنەوەی دروشمەکانی دژی ڕێژیم و دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و کۆمەڵێک دروشم بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانی نێوخۆی ئێران نموونەیەکی بێوێنەیان لە یەکگرتوویی نیشان دا.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە لەو خۆپیشاندانەدا هەموو لایەنەکان بە ئاڵای تایبەت بە خۆیان بەشدار بوون کە یەکگرتوویی ئەو هێزە سیاسییانە ببوو جێگای تێڕامانی خەڵک و پووچەڵکردنەوەی ئەو پرۆپاگەندەی ڕێژیم کە بە دژی هێزە سیاسییەکانی دەکرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها لەو خۆپیشاندانەدا کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسی و نوێنەری ڕێکخراوە نۆروێژیەکان بۆ مەحکوومکردنی کوشتاری خەڵکی ئێران و داکۆکی لە مافی ژنان و پشتگیری لە داخوازییەکانی ئامادەبووان پەیامەکانیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە:

- "ئینگۆن یەرستاد" سەرۆکی سەندیکای کرێکارانی نۆروێژ
- "مانی حوسێنی" ئەندام پارلمانی سەر بە حیزبی کرێکاری نۆروێژ
- "سەحەر ئایدار" ئەندام پارلمانی سەر بە حیزبی سووری نۆروێژ
- "کاترین لێین کریستیانسن" سکرتێری بەرەی ژنانی نۆروێژ

---

## لە هولەند خۆپێشاندانێک بۆ پشیوانی لە ڕاپەڕینی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو



١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپیشاندانێک لە ناوەندی شاری "ئارنهێم"ـی وڵاتی "هولەند لەلایەن کۆمەڵە کوردییەکانی ئەو شارەوە بە مەبەستی پشتیوانی گەلی  کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەو خۆپیشاندانەدا ئەندامان ولایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەڵکێکی بەرچاو لە دانیشتوانی ئەو شارە و نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان بەشدار بوون.

"پەرویز ئەمینعەشایری" بە نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو خۆپیشاندانەدا وتارێکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لەنێو ئاخنی بابەتەکەیدا باسی لەوە کرد کە چۆن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لە هەڵسوکەوتدا بێبەزەییانە خەڵک کۆمەڵکوژ دەکات و پابەندی هیچ یەک لە بنەماکانی مافی مرۆڤ نابێت و ئەوەی کە لە پەلەقاژەی کۆتایی دایە، هەموو هەوڵێکی بۆ کپکردنی دەنگی ئازادیخوازان و مانەوەیان خۆیان دەدەن، بەڵام سەرکەوتن هەر بۆ گەلە و ئاسۆ ڕوونە.

خۆپیشاندانەکە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و "نەمان بۆ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران" کۆتایی پێهات.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## کۆڕیادێک بۆ چلەی ژینا ئەمینی لە بەردەم باڵەخانەی شارەوانی لە کۆپێنهاگ بەڕێوە چوو



٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی چوارشەممە، ٤ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی کۆمیتەی هاوبەشی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە وڵاتی دانمارک بەبۆنەی چلەی ماتەمینیی "ژینا ئەمینی" بە داگیرساندنی مۆم و هەڵگرتنی وێنەی ژینا کۆڕێکی ماتەمینییان لە بەردەم شارەوانیی کۆپێنهاگ پێک هێنا.

نوێنەرانی هەموو گەلانی ئێران لەو کۆڕەدا بەشدار بوون و لە سەرەتادا لەلایەن پێشکەشکارانی بەرنامە "بێریڤان بەدری" و "نەزیرە" بە زمانەکانی کوردی، فارسی و دانمارکی بەخێرهاتن کران.

دواتر پەیامی کۆمیتەی هاوبەشی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بە زمانی فارسی لەلایەن "سوودی" و بە زمانی دانمارکی لەلایەن "سەعید سوڵتانپوور" خوێندرایەوە.

لە بەشێک لە پەیامی "سوڵتانپوور"دا هاتبوو، کوشتنی ژینا بووەتە هۆی ئەوەیکە خەڵکی کوردستان و ئێران تووڕەیی و بێزاریی خۆیان لە ڕێژیمی مەلاکان دەربڕن کە زیاتر لە ٤٣ ساڵە بە دزیکردن لە خەڵک و وڵات، کوشتنی لاوان، سەرکوتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ژنان، کەمە ئایینییەکان و نەتەوە بندەستەکان، ئێرانیان بۆ خەڵک کردووەتە جەهەننەم.

لەو پەیامەدا داوای لە گەلانی ئێرانیی دانیشتوو لە دەرەوەی وڵات کرد کە وەک خەڵکی نێوخۆ، یەکگرتوو و پێکەوە دەنگی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران بە گوێی جیهانییان بگەیەنین.

هەروەها داوای لە پارلمان و حکوومەتی دانمارک کرد پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بپچڕێنن، دەست بە سەر ماڵ و موڵکی بەرپرسانی ڕێژیم و بنەماڵەکانیان لەو وڵاتەدا بگرن کە لە خەڵکیان دزیوە و باڵوێزخانەی ئێرانیش کە بووەتە شوێنی سیخوڕیی ڕێژیم دابخەن.

لە برگەیەکی تر لە پەیامەکاندا "ئەلبورز ڕوویینتەن" ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای سپاسی ئامادەبووان وتی: "دوای چل ڕۆژ بەردەوامیی شۆڕش زیاتر لە هەموو کاتێک لە ڕووخانی ڕێژیمی ئێران نزیک بووینەتەوە و ئەو خۆپیشاندانانە بەتایبەتی لە چلەی شەهید ژینا لە سەقز و شارەکانی دیکەی کوردستان و ئێران پەیامی بەردەوامی تا سەرکەوتنی شۆڕشی پێ بوو.

هەروەها لە بەشی کۆتایی قسەکانیدا وێڕای گرینگیدان بەو چالاکییانەی کە لە دەرەوە دەکرێت وتی، ئەو چالاکییانە بۆ ئەوە ئەنجام دەدرێن کە پەیامی شۆڕش و خەڵک بە ناوەندەکانی ئورووپایی بگەیەنرێن هەتا پێداچوونەوە بە سیاسەتی خۆیان و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئێران بکەن.

لەو کۆڕیادەدا دوو پەیام بەزمانی دانمارکی لەلایەن "حەلیمە ئۆغوز" پارلمانتاری سەر لیستی سۆسیالیستی گەل و "ئێلیسا" خوێندرایەوە و هەروەها سێ پەیام بە زمانی فارسی لەلایەن "فریشتە محەممەدی"، "ئەمیر پاکباز" و "ڕەئووف حەسەنزادە" پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

دواتر دوو پەخشان لەلایەن "دڵنیا مەزهەری" و "ئەحمەد ڕەحمانی" بۆ چلەی ژینا پێشکەش بە بەشداربووان کرا.
هەروەها "ڕەشید قازی" چەند وتەیەکی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

کۆڕیادی چلەی ماتەمینی ژینا ئەمینی بە وتنەوەی دروشم و سروود کۆتایی پێهات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەرێوەچوونی ٤٠ەی ژینا لەبەردەم کۆشکی سپی



**٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی میلادی، بەرانبەر بە ٣ی خەزەڵەوەری ١٤٠١ی هەتاوی، لە سەر بانگەوازی کوردەکانی دەڤەری "واشنتۆن" ڕێوڕەسمی یادکردنەوەی ٤٠ەی "ژینا ئەمینی" بەڕێوە چوو.

لەو یادکردنەوەدا، وێڕای دۆستانی ئەمریکایی، بەشێک لە ئێرانییە ئازادیخوازەکان بەشدار بوون.

سەرەتای ئەو یادکردنەوەیە، بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگەیاندنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕاپەرینی گەلانی ئێران دەستی پێکرد.

ئەوجار "ڕەحیم ڕەشیدی" بە نوێنەرایەتی ڕەوەندی کوردستانیی دەڤەری "واشنتۆن" سەبارەت بە یادی ٤٠ەی ژینا و دوایین ئاڵوگۆڕەکانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی قسەی کرد و هاوپێوەندیی شارەکانی کوردستان و چوونی خەڵک بۆ شاری "سەقز"ی بە ڕووداوێکی گرینگ و هیوابەخش لێکدایەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

"ڕەشیدی" لە ناوەڕۆکی قسەکانیدا باسی لە دەور و ڕۆڵی ژنانی کوردستان لە خەباتدا کرد و لەمبارەوە وتی: "ئێمە کە چاومان کردووەتەوە، لەگەڵ دروشمی 'ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ'، ئاشنا بووین. پێشەوا قازی وەکوو سەرۆککۆماری کوردستان ڕێگای دا مینا خانمی خێزانی بێتە نێو کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی و ئەو ژنە تێکۆشەرە وەکوو یەکەمین سەرۆکی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی دا دەستی بە تێکۆشان کرد.

ئەوەی ئەمڕۆ لە گۆڕێدایە لەخۆڕا نییە و پاشخانێکی دەوڵەمەندی هەیە و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی گرێدراوی ئەو مێژووە پڕ شکۆیەیە."

"ڕەحیم ڕەشیدی" لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، باسی لە پێویستیی یەکریزی کوردستانی و هاوپێوەندی لەگەڵ گەلانی ئێران کرد و لەمبارەوە داوای لە کوردەکان کرد وێڕای پاراستنی شوناس و کولتووری کوردەواری هەوێنی یەکگرتوویی بن و دەبێ هەمووان بزانن ئێمە وەکوو کورد تەنیا یەک دوژمن دەناسین کە ناوی کۆماری ئیسلامییە و هەرکەس لەم خەباتەدا دژی ئەو ڕێژیمە لەگەڵمان بێ، ئێمە بە دۆستی خۆمانی دەزانیین. هەروەها پێویستە چالاکانە لەو خۆپیشاندان و ئاکسیۆنانەدا بەشدار بین کە دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ئێران و کوردستان لەئارادایە.

دواتر پارێزەر "سەمیرە قادری" بە زمانی ئینگلیزی وتارێکی پێشکەش کرد و باسی لەو زوڵم و ستەمە کرد کە دژی کوردەکان لە ئێران لەئارادایە و ڕاگەیاند کە دەبێ بە تێکۆشانی هەمەلایەنە پتر پەردە لەسەر ئەو ستەمە لا بدەین.

دواتر "سروە سەلیمی" وەکوو تازەلاوێک قسەی کرد و لەوبارەوە باسی لەو زوڵم و ستەمە کرد کە کۆماری ئیسلامی دژی کوردەکان و خۆپیشاندەران دەیکا و هەروەها لە نێوەئاخنی قسەکانیدا پەرژایە سەر یادکردنەوەی ٤٠ەی "ژینا" لە سەقز و لەمبارەوە دروشم و وتاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەرز نرخاند.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ڕێورەسمەدا، "ئێلی گۆڵد" سەرۆکی "ئەنستیتۆتی گۆڵد" بۆ کاروباری ستراتیژیی نێونەتەوەیی وێڕای دەربڕینی پشتیوانیی خۆی بۆ خۆپیشاندەران هاوکات باسی لەوە کرد بە جیددی کار دەکەن بۆ ئەوەی خەڵکی ئەمریکا باشتر لە ویست و داخوازیی خۆپیشاندەران و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاگادار بن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات سەردانی بەربژێری لیستی هاوپەیمانیی پارلمانی دانمارکی کرد



**٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بەمەبەستی تاوتوێکردنی هێندێک بابەتی پێوەندیدار بە کوردستانەوە، سەردانی ئەندامانی شارەوانی و بەربژێری لیستی هاوپەیمانیی پارلمانی دانمارکی کرد.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، شاندێکی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پێکهاتوو لە "هەژار دەشتی" بەرپرسی بەشی پەیوەندییەکان و "دانا ئەلیاسی" ئەندامی شاندی پەیوەندییەکان، دیدارێکیان لە گەڵ خاتوو "لیسبێت تۆرفینگ"، ئەندامی شارەوانیی شاری هۆرسنس و بەربژێری پارتی لیستی هاوپەیمانی دانمارک پێکهێنا.

لەو سەردان و چاوپێکەوتنەدا شاندی حیزبی دێموکرات باسێکیان لە ڕەوشی سیاسیی ئێستای ئێران و کوردستان کرد و تیشکیان خستە سەر شۆڕشی ئێستای گەلانی ئێران کە بە شۆڕشی ژینا ناسراوە و کوردستان چەخماخە لێدەری ئەو شۆڕشەیە؛ هەروەها باسیان لە سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان بە دڕندانەترین شێوە لەلایەن چەکدارەکانی ڕێژیمەوە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کرد.

شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەدرێژەدا هیوایان خواست ناوبراو دەنگی متمانە بەدەست بێنێ و بچێتە پارلمانی ئەو وڵاتە و ببێتە گەیەنەری دەنگی ڕەوای کورد لە ناوەندەکانی دەسەڵاتی ئەو وڵاتە.

لەلایەکی دیکەوە خاتوو لیسبێت جەختی لەسەر پێوەندی و کاری هاوبەش کردەوە و بەڵێنی دا، گەر دەنگی متمانە بێنێ، ببێتە پاڵپشتێکی هەمیشەیی دۆزی ڕەوای کورد.

لە کۆتایی دیدارەکەدا و لە چوارچێوەی چالاکیی ئەو ڕێکخراوە بۆ ئەندامەکانیان، ٢٢ مۆم بۆ یادی چلەی ماتەمینی ژینا ئەمینی داگیرسا.

---

## خۆپیشاندانێک لە فەرانسە بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو



**٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٧ی خەزەڵوەر، بەرانبەر بە ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی، لە شاری "لیۆن" دووهەمین شاری گەورەی فەرانسە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەسەر بانگەوازی پێشوو و بە بەڕێوەبەری "ئالان کوردیان"(سەعید تاهیر) خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو.

ئەو خۆپیشاندانە کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ بە بەشداریی کوردانی هەر چوار بەشی کوردستان و ئێرانییانی دانیشتوو لەم شارە و بەشێک لە خەڵکی ناسیاوی فەرانسە لە شوێنی دیاریکراوەوە بەرەو مەیدانی "پلاس تیغوو" بە دروشی وەک "ژن، ژیان، ئازادی"، "نەمان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران" و "دەسەڵاتی فاشیستیمان ناوێ" دەستی پێ کرد.

پاشان خۆپیشاندەران زنجیرەیەکی مرۆڤییان وەک سیمبولێک بۆ پاڵپشتی لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لەهەمبەر شۆڕشی ژینا بە شێوەیەکی ڕازاوە پێک هێنا.

لە درێژەدا شێعرێک لەژێر ناوی "ناکەوێ، نانەوێ، ڕاوەستاوە ئاڵای ڕزگاری - هاوار هەر بەرزە و نابڕێتەوە لە کوردەواری" بۆ گیانبەختکراوانی ئەم شۆڕشە پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

ئامانج لە پێکهێنانی ئەم کۆبوونەوەیە بە زمانی فەرانسەوی بۆ بەشداربووان ڕوون کرایەوە.

ئەم خۆپیشاندانە بە هەڵپەڕینێکی کوردی وەکوو سیمبولێک لە یەکگرتوویی و یەکرێزی کۆتایی پێهات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپێشاندان لە شارەکانی بریتانیا بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران درێژەی هەیە




٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

دوای بانگەوازی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان لە وڵاتی بریتانیا ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی، بە بەشداریی هەزارن کەس لە ئەندامانی حیزب، ڕێکخراوەکان و ڕەوندی ئێرانی بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی زیاتر لە یەک مانگی ڕابردووی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان لە شارەکانی "لەندەن، نیووکاسێڵ و شەفێلد"ی بریتانیا خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو.

لە شاری "لەندەن" ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە مەیدانی "ترافاڵگار"ی ئەو شارە هاوڕێ لەگەڵ ڕێکخراو و ڕەوندی ئێرانی خۆپێشاندانێکی بەرینان بەڕێوە برد.

هەروەها لە ناوەندی شاری "شەفێلد" خۆپێشاندانێک بەڕێوە چوو کە ئەندامانی حیزب بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"، سروودی نیشتمانی و چەند پەیام بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی" ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا.
لە شاری "نیووکاسێڵ"ش ئەندامانی حیزب لە خۆپێشاندان بەشدارییان کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جێگای ئاماژەیە کە لەو خۆپیشاندانانەدا هەموو لایەنەکان بە ئاڵای تایبەت بە خۆیان بەشدار بوون. یەکگرتوویی ئەو هێزە سیاسییانە ببوو بە جێگای تێڕامانی خەڵک و پووچەڵکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی کە ڕێژیم کە بەدژی هێزە سیاسییەکانی دەکرد.

---

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە وڵاتی دانمارک



٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپێشاندانێکی گەورە لەلایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بەڕێوە چوو.

سەرەتای خۆپێشاندانەکە بە سروودی نەتەوایەتی 'ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان بە دوو زمانی کوردی و دانمارکی لەلایەن پێشکەشکاری بەرنامە "هەژار دەشتی"یەوە بەخێرهاتنی بەشداربووان کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە زمانی دانمارکی لەلایەن "مینا عەزیزی"یەوە خوێندرایەوە.

"

عەزیزی" لە پەیامەکەیدا ئاماژەی بە ڕاپەڕینی ئێستای کوردستان و ئێران کرد کە بە ناوی شۆڕشی "ژینای کورد" ناوبانگی دەرکردووە و هەروەها ئاماژەی بەوە دا کە ئێمە ئەمڕۆ لێرەین هەتا پێکەوە و یەکگرتوو لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بۆ دەربڕینی تووڕەیی خۆمان بە دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، پشتیوانی خۆمان لەو شۆڕش و ڕاپەڕینە کە لە کوردستان و ئێران دەستی پێکردووە، دەربڕین.

هەروەها ناوبراو داوای کرد کە وڵاتانی ئورووپایی کۆتایی بە ساتوسەودای بازرگانی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە بێنن و لە تەنیشت خەڵک بوەستن.

پاشان پەیامی سازمانی دێموکراتیکی یارسان بە زاراوەی "کەلهوڕی" لەلایەن "فروزان ئەلقاسی"یەوە خوێندرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی خۆپیشاندانەکەدا "سۆفی" بە نوێنەرایەتی پارتی سوسیالیستی گەلی دانمارک (SF) چەند وتەیەکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

لەلایەکی دیکەوە لەلایەن "دانا ئەلیاسی" بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی "میت یوولەند" چەند وتەیەک لە سەر یەکگرتوویی و یەکڕیزیی گەلانی ئێران پێشکەش بە بەشداربووانی خۆپێشاندانەکە کرا.

دواتر شێعرێک لەلایەن "شۆڕش خەبات" خوێندرایەوە.

لەو پێوەندییەدا "ئەندریاس"، بە نوێنەرایەتی پارتی چەپی ڕادیکال (Radikal Venstre)چەند پەیڤێکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەدا، دوو پارچە سروودی "کوردی و لوڕی" لەلایەن "یەدوڵڵا چراغی"یەوە، پێشکەش کران.

هەروەها دوو سروودی دیکەی کوردی بە ناوەکانی "سڵاوی گەرمی دڵی پڕ هومێدی مەت پێشکەش و دەمی ڕاپەڕین" پێشکەش



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کران.

خۆپیشاندانەکە دوای نزیک بە ٣ کاتژمێر، بە دانی چەندین دروشمی جۆراوجۆر بە زمانەکانی کوردی، دانمارکی و ئینگلیسی بە دژی ڕێژیمی ئێران، کۆتایی پێ هات.

---

## خۆپیشاندانێک لە یادی ٤٣ـەمین ڕۆژی خۆڕاگریی گەلانی ئێران لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو



٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٧ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی لەلایەن کۆمیتەی هاوبەشی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانەوە خۆپێشاندانێکی گەورە و کەموێنە لە بەردەم شارەوانیی "کۆپێنهاگ" پیتەختی وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای ئەم گردبوونەوە جەماوەری و بەرفراوانەدا، چەندین گۆرانی، سروود و دروشمی شۆڕشگێڕی بە زمانەکانی کوردی و فارسی وترایەوە و ئامادەکاری بۆ ئەوە کرا کە خۆپیشاندانەکە ئاراستەیەکی تر بەخۆیەوە بگرێت و بەشێوەی زنجیرەیی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

جیاواز لە خۆپیشاندانەکانی تر بەڕێوە بچێت.

ئاپۆڕای خۆپیێشاندەران زیاتر لە سێ بۆ چوار کیلۆمیتر بوو کە بەنێو شەقامەکانی "کۆپێنهاگ"دا بەرەو شوێنی مەبەست و دوورگەیەکی ئاویی گەورە لە ناوەندی شاری کۆپێنهاگ بە دروشمدان بەڕێ کەوتن.

ئەم ئاپۆڕا جەماوەرییە بەشێوەی بازنەیی هەموو دوورگەکەی داگرتبوو کە ڕازابۆوە بە ئاڵای گەلانی ئێران و وێنەی ئەو شەهیدانەی کە لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا خوێنی خۆیان بەختی ئازادیی نیشتمانەکەیان کردووە.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی دانمارک وەک هەمیشە ڕۆڵێکی سەرەکیی لە بەڕێوەبردنی ئەم خۆپیێشاندانە جەماوەرییە بەرفراوانەدا هەبوو.

جیاوازیی ئەم خۆپیێشاندانە لەگەڵ خۆپیێشاندانەکانی تری کۆپێنهاگ ئەوە بوو کە وتاری هیچ لایەن، هێز و کەسایەتییەک نەخوێندارییەوە تەنیا خوپیێشاندانێکی هێمنانە و وتنەوەی دروشم، سرود و گۆرانیی شۆڕشگێڕی بوو.

دیمەنەکانی ئەم خۆپیێشاندانە ڕاستەوخۆ لەلایەن چەند تێلێویزیۆنەوە ڕوومالّ دەکرا و ڕیپۆرتاژی ئەم خۆپیێشاندانە لەلایەن "کوردکاناڵە"وە ئامادە دەکرا.

خۆپیێشاندانەکە تا درەنگانی ئێوارە بە دروشمی کوردی، فارسی، دانمارکی و ئینگلیزی درێژەی کێشا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران لە وڵاتی سوئێد بەڕێوە چوو




٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ٧ی خەزەڵوەر، بەرامبەر بە ٢٩ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی، خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی خەڵکی کوردستان و ئێران لە شاری "ستۆکهۆڵم"ی وڵاتی "سوئێد" بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا کە لەلایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و کۆمەڵی پشتیوانی لە خەباتکارانی خەڵکی ئێران (جمعیت پشتیبانی از مبازات مردم ایران)ـەوە پێکهاتبوو، کۆمیتەی سوئێدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزب و هەروەها ئەندامانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، یەکیەتییەکانی ژنان و لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سوئێد و ئەنجومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گۆڕەپانی ناوەندی شاری (سێرگێلستۆڕی) بەڕێوە چوو.

ئەو خۆپیشاندانە چوار ڕۆژ دوای چلەی "ژینا"، لە چوارچێوەی پێشنیاری ئەنجومەنی بنەماڵەی گیانلەدەستداوانی فڕۆکەی ئۆکراینی لەژێر ناوی "خۆپیشاندانی مرۆیی لە جیهان دژی ڕێژیمی ئێران" و هەروەها بە فەرمیی ناساندنی "شۆڕشی نوێ لە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێران"، بەڕێوە چوو.

سەرەتای خۆپیشاندانەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" دەستی پێکرد.

پاشان چەندین پەیام و سروود و گۆرانیی شۆڕشگێری لەلایەن چەندین کەسەوە پێشکەش کرا کە بریتی بوون لە:

. پەیامێک لەلایەن "ڕاگنێگۆرد"- نوێنەری سۆسیال دێموکراتەکان و شارەداری ستۆکهۆڵم
. گۆرانییەک بە زمانی ئینگلیزی لەلایەن "ماهان موین"
. خوێندنەوەی نامەی ناڕەزایەتیی سەندیکای کرێکاران لەلایەن "سەعید تاخاقی"
. پێشکەشکردنی گۆرانییەک بە زمانی کوردی لەلایەن هونەرمەند نەجمەدین غولامی
. خوێندنەوەی پەیامی کۆمەڵەی پشیوانی لە خەباتی خەڵکی ئێران لەلایەن"ڕۆژە مەحمودی"
. پێشکەشکردنی گۆرانییەک بە زمانی فارسی لەلایەن "نەغمە کوێستانی"

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانێک لە پێش ناوەندی ئیسلامیی ئیمام عەلی لە شاری ڤییەن بەڕێوە چوو



**١١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ بۆ دەربڕینی پاڵپشتی لە خۆپێشاندانەکان لە ئێران و کوردستان و هەروەها دەربڕینی نارەزایەتی بەرانبەر بە هێرشی بێرەحمانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خۆپێشاندەران و کوشتاری خۆپیشاندەران ، سەدان کەس لە هاووڵاتیانی ئوتریشی و ئێرانی و کوردستانی لە پێش ناوەندی ئیسلامیی ئیمام عەلی کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە سەرپەرستی دەکرێت ، لە شاری ڤییەن خۆپێشاندانێکیان ڕێک خست.

لە خۆپیشاندانەکەدا بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبەوە بەشداریان کرد.

لە گردبوونەوەکەدا چەند هاووڵاتییەکی ئۆتریشی وتاریان سەبارەت بە شۆڕشی خەڵکی ئێران، خۆپیشاندانەکان دژ بە کۆماری ئیسلامی و هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر خۆپیشاندەران و کوشتاری بێڕەحمانەی خەڵک لە لایەن هێزە نیزامیەکانی سەر بە دەزگای سەرکوتی ڕژیم، هەروەها گرتن و زیندانیکردنی نارازیان و ئەشکەنجەی زیندانییان پێشکەش کرد. لە وتارەکانیاندا ئەو هاووڵاتە ئۆتریشیانە سەرەڕای ڕەخنە لە بەردەوام بوونی پێوەندیی دیپلۆماسی وەزارەتی دەرەوەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئۆتریش لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی ئێران، خوازیاری پچڕانی پێوەندیە دیپلۆماسی و بازرگانییەکان لەگەڵ ئێران، لێکۆڵینەوە لە سەر مامەڵەی شرکەتە بازرگانییەکانی ئۆتریشی لە گەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران، داخستنی باڵوێزخانە و ناوەندە سیخوڕییەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی ئۆتریش، گەڕاندنەوەی باڵوێزی ئۆتریش لە تاران و پچڕانی پێوەندیی دیپلۆماتیک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و لە کۆتاییدا دانی مافی نیشتەجێ بوون بە هاووڵاتییانی ئێرانی و دەستهەڵگرتنی ناوەندە ئیدارییەکانی نیشتەجێ کردن لە وڵاتی ئۆتریش لە ناردنی ئێرانییانی خوازیاری نیشتەجێ بوون بە زۆرەملێ بۆ پێوەندی کردن بە باڵوێزخانەی کۆماری ئێسلامیەوە، لە خۆپیشاندانەکەدا، هەروەها دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران چەند دروشمێک دران و خۆپیشاندانەکە دوای دوو کاتژمێر کۆتایی پێ هات.

---

## پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات و وەزارەتی دەرەوەی دانمارک کۆ بوونەوە




۱۳ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ٤ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

شاندێکی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە پێکهاتبوو لە "هەژار دەشتی" بەرپرسی بەشی پێوەندییەکان لە وڵاتی "دانمارک" و "بێستون سەید حوسێنی" ئەندامی هەیئەتی پێوەندییەکان لەگەڵ تیمێکی وەزارەتی دەرەوەی "دانمارک" کە بەرپرسی دۆسییەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوون، کۆ بوونەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەو کۆبونەوەیەدا شاندی پێوەندییەکانی حیزب سەرەتا ڕاپۆرتێکی بەرفراوانیان لە سەر دۆخی ڕاپەڕینەکانی کوردستان و ئێران پێشکەش بە تیمی وەزارەتی دەرەوەی "دانمارک" کرد.

لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە چۆنیەتیی شەهیدکردنی "ژینا ئەمینی" لەلایەن پۆلیسی ئەخلاقی ڕێژیمی ئێران و هەروەها بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ ڕاگەیاندنی مانگرتنی گشتی لە کوردستان و پێشوازیی گەرمی کۆمەڵانی خەڵک بۆ ئەو بانگەوازە و پەرەسەندنی ڕاپەڕین لە قوناغەکانی دواتر کە تا ئێستا بە شێوەیەکی بەرفراوان بەردەوامە، کرا.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی بەشی پێوەندییەکانی حیزبدا باس لە ئاماری کوژراوان و بریندارابووان و دەسبەسەرکراوانی خۆپیشاندانەکان کرابوو کە هێزەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بە دڕندەترین شێواز بەرەورووی خۆپیشاندانەکان دەبێتەوە و خەڵکێکی زۆر و تەنانەت ڕێژەیەکی بەرچاو لە منداڵان بوونەتە ئامانجی هێرشی ڕێژیم و گیانیان لەدەست داوە.

لە درێژەی باسەکەی شاندی پێوەندییەکاندا ئاماژە بە ڕۆڵی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە ناسەقامگیرکردنی ناوچە و هەروەها ئەو هێرشانەی کە بە مووشەک و درۆنی خۆکوژ هەروەها بەشێوەی جیاواز بۆ سەر باشووری کوردستان و بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی کەمپی پەنابەران و شوێنی سڤیل و قوتابخانەی منداڵان کردووە و شاندی وەزارەتی دەرەوەی "دانمارک"یان لەو پێشلکارییە نێونەتەوەییانە ئاگادار کردووەتەوە.

تیمی وەزارەتی دەرەوەی "دانمارک" لەو دیدارەدا وێڕای مەحکوومکردنی سەرکوتی خۆپیشاندەران لەلایەن هێزەکانی ئەو ڕێژیمە وتوویانە کە لە نزیکەوە چاودێریی دۆخەکە دەکەین و لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئورووپایی ڕێکاری پێویست بەتایبەتی گەمارۆی زیاتر دەخەنە سەر سپای پاسداران.

شاندی پێوەندیەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆتاییدا یاداشتنامەیەک کە پێکهاتبوو لە چەندین خاڵ لەوانە داخستنی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە "دانمارک"، پچڕاندنی پێوەندییەکان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران و پشتگیری لە دۆزی کوردی پێشکەش بە تیمی وەزارەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## مانگرتنی ئێرانییەکان لەبەردەم کۆنگرێسی ئەمریکا



**١٣ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی هەینی ١٣ی خەزەڵوەر بەرانبەر (٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢) بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی حیزب لە ئەمریکا سەردانی تیمی ئێرانییە مانگرتوەکانی بەردەم کۆنگرێسی کردو پشتیوانی حیزبی دێموکرات و کوردستانی ڕۆژهەڵاتی بۆ دووپات کردنەوە.

لە هەنگاوێکی سیمبولیکدا، کۆمەڵێک لە چالاکانی ئێرانی سەربەخۆ، بە مەبەستی لەقاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بە دەستهێنانی پشتیوانی کۆنگرێسی ئەمریکا بۆ ڕاپەرینی گەلانی ئێران، بڕیاریان داوە کە بۆ ماوەی دوو حەتوو شەوو ڕۆژی لەبەردەم کۆنگرێس بمێنەوەو لەم ڕێگایەوە گوشار بخەنە سەر بەرێوەبەرایەتی بایدەن تاکوو پشتیوانی لە ڕاپەرینی گەلانی ئێران بکات.

ڕەحیم ڕەشیدی وێڕای دەستخۆشی ئەو هەنگاوە و دەربڕینی پشتیوانی حیزبی دێموکرات و کوردستانیانی دەڤەری واشنگتن، هاوکات پێیراگەیاندن کە کوردەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی بە شێوەی مادی و مەعنەوی پشتیوانی ئەو هەنگاوە دەکەن و لە هەموو دەرفەت و ئیمکانێکی مومکین بۆ پشتیوانی لە ڕاپەرینی گەلانی ئێران کەڵک وەردەگرن.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڕێوەبەرانی مانگرتنەکە وێرای بەرزنرخاندنی پشتیوانی و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات و ڕەوەندی کوردستانی، لەسەر کاری هاوبەش پێداگرییان کردەوە.

---

## لە نیوزلەند خۆپیشاندانێکی بەرین دژی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە چوو



**١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی بەرامبەر بە ٥ی نۆامبری ٢٠٢٢ی زایینی، کوردان و ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتی "نیوزلەند" دژی سیاسەتی سەرکوتی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و حاشاکردن لە مافی نەتەوە بندەستەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەو ڕێژیمەدا، خۆپیشاندانێکی بەرینیان بەڕێوە برد.

لەو خۆپیشاندانەدا کە لە شاری "ئۆکلەند" بەڕێوە چوو، "جەلال خاڵخاڵ"، بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وتارێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

"خاڵخاڵ" لە پەیامەکەیدا تیشکی خستە سەر گوتاری پێشکەوتووخوازانەی نەتەوەی کورد کە هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی بە دەسەڵات گەیشتنی کۆماری ئیسلامییەوە لەلایەن "خومەینی"یەوە دژایەتی کرا و بە خۆشییەوە پاش تێپەڕبوونی ٤٣ ساڵ



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەسەر دەسەڵاتداریەتی ئەو ڕێژیمە ئێستا خەڵکی ئێران بە هەموو نەتەوەکان و باقی کەمینە ئایینی و ڕەگەزییەکان لە پەیام و گوتاری کورد تێگەیشتوون و ئەوانیش بۆ سەرتاسەری ئێران خوازیاری هەمان گوتارن.

پاشان خۆپیشاندەران لە بەردەم هۆڵی کۆنفرانسی حیزبی "لیبەر" کە حیزبی دەسەڵاتداری "نیوزلەند"ـە ئامادە بوون و خوازیاری پشتیوانی لە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران دژ بە کۆماری ئیسلامی بوون.

---

## لە ئۆتریش بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران خۆپیشاندانێک بەڕێوە چوو



١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ١٤ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ٥ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، خۆپیشاندانێک لە ناوەندی شاری "ڤییەن"ی پێتەختی وڵاتی ئۆتریش بۆ شەرمەزارکردنی هێرشی دڕندانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر خۆپیشاندەران لە نێوخۆ و لەقاودانی فرۆفێڵەکانی ڕێژیم بۆ تێکدانی بەرەی یەکگرتووی خەڵک دژ بە ڕێژیمی ئێران و هەروەها ئاگادارکردنی بیروڕای خەڵکی دەرەوە لەسەر ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران پێک هات.

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو خۆپیشاندانەدا بە هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی نوێ و یووبیلی حیزبی دێموکرات بەشداریان کرد.

لەو خۆپیشاندانەدا چەند وتارێک پێشکەش کران، لە وتارەکاندا ئاماژە بە بەردەوامیی خۆپیشاندانەکان، بەهێزتربوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی خۆپیشاندانەکان و بەشداریی بەشکۆی چین و توێژە جیاوازەکان لە خۆپیشاندانەکان کرا.

هەروەها باس لەوە کرا کە هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران بە شێوەیەکی دڕندانە هێرش دەکەنە سەر خۆپیشاندەران و هەتا ئێستا بە دەیان خۆپیشاندەر لە بەلووچستان، کوردستان و شوێنەکانی تری ئێران شەهید و بریندار کراون. باس لە داماوی و دەستەپاچەیی هێزەچەکدارەکانی ڕێژیمی ئێران لە بەرانبەر خۆپیشاندەران کرا.

هەروەها لە بەشێکی تر لە وتارەکاندا باس لەوە کرا کە ئەو گەمارۆ ئابوورییانەی کە لەلایەن ئامریکا و یەکیەتیی ئورووپاوە خراونەتە سەر ڕێژیمی ئێران لاوازن و پێویستە گەمارۆی قورستر بخرێتە سەر ئێران؛ وڵاتانی ئەندامی یەکیەتیی ئورووپا و ئامریکا دەبێ باڵوێزخانەکانی ڕێژیم لەو وڵاتە دابخەن و باڵوێزەکانیان دەر بکەن و وتووێژی "بەرجام"یش لەگەڵ ئێران کۆتایی پێ بێت.

دروشمی بڕووخێت کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەکیترین دروشمێک بوو کە لەو خۆپیشاندنەدا لەلایەن بەشداربووانەوە دووپات دەکرایەوە.

دوای قەتڵی حکوومەتیی "ژینا ئەمینی" خۆپیشاندانێکی ڕۆژانە لە بەردەم ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە شاری "ڤییەن" بەمەبەستی گوشار خستنەسەر ئەو ڕێکخراوەیە بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەی تایبەتی خۆی بۆ باس لە سەرکوشتاری خەڵکی ئێران بە تایبەت "منداڵان و لاوان" و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕێک خراوە و ئەم مانگرتنە ڕۆژانەیە قەرار وایە تا ئەو کاتەی کە خۆپیشاندانەکان لە ئێران بەردەوامن درێژەی هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خۆپێشاندانەکان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە شارەکانی بریتانیا درێژەی هەیە



**١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و نوێنەرانی لایەنە سیاسییەکان لە وڵاتی بریتانیا، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ٥ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، بە بەشداریی هەزارن کەس لە ئەندامانی حیزب، ڕێکخراوەکان و ڕەوەندی ئێرانی بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان لە شارەکانی "لەندەن و نیووکاسێل" خۆپیشاندانێکی بەرینیان بەڕێوە برد.

لە شاری "لەندەن" ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە مەیدانی "ترافاڵگار"ی ئەو شارە هاوڕێ لەگەڵ ڕێکخراو و ڕەوەندی ئێرانی، خۆپێشاندانێکی بەرینیان بەڕێوە برد. پەیامێک لەلایان "کاوە مودەرێسی"یەوە پێشکەش کرا.

لە ناوەندی شاری "نیووکاسێل" خۆپێشاندانێک بەڕێوە چوو کە ئەندامانی حیزب بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب"، سروودی نیشتمانی و چەند پەیام بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی" ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا.

جێگای ئاماژەیە کە لەو خۆپیشاندانانەدا هەر وەک خۆپیشاندانەکانی پێشوو هەموو لایەنەکان بە ئاڵای تایبەت بە خۆیان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەشدار بوون. یەکگرتوویی ئەو هێزە سیاسییانە ببووە هۆی پووچەڵکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی کە ڕێژیم بە دژی هێزە سیاسییەکانی دەکرد.

---

## بۆ پشتیوانیی لە خۆپیشاندەرانی کوردستان و ئێران لە وڵاتی فینلاند خۆپیشاندانێک بەڕێوە چوو




**١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١، بەمەبەستی پشتیوانی لە داخوازیی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران و مەحکوومکردنی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی ناڕازی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد و ئێرانییانی دانیشتووی شاری "تامپێرە" لە وڵاتی "فینلاند" خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان بەڕێوە برد.

لە خۆپیشاندانەکەدا پەیامی بەشداران خوێندرایەوە. لە پەیامەکەدا، وێڕای پشتیوانی لە داخوازیی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران، سیاسەتی ڕێژیمی ئێران لەمەڕ سەرکوت، کوشتن، گرتن و زیندانیکردنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان مەحکووم و ڕیسوا کرا.


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها لە پەیامەکەدا داوا لە حکوومەتی فینلاند و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرابوو کە شۆڕشی خەڵکی کوردستان و ئێران بە فەرمی بناسن و سیاسەتی مرۆڤکوژانەی ڕێژیمی ئێران مەحکووم بکەن.

لە درێژەدا بە خوێندنەوەی سروودی شۆڕشگێڕانە و وتنەوەی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" و دروشم دژی ڕێژیم، پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران کرا.

---

## بەردەم پارلمانی سوئیس لە شاری "بێرن" خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو




١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ٥ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی بەرامبەر بە ١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی لە بەردەم پارلمانی سوئیس لە شاری "بێرن" خۆپیشاندانێکی جەماوەری بە بەشداریی هەزاران کەس بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندانەکە لەلایەن حیزبی سۆسیالیستی وڵاتی سوئیس و بە هاوکاریی چالاکانی کورد و ئێرانی و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندانەکە بە وتاری "سیدریچ ڤێرمۆت" سەرۆکی پارتی سۆسیالیستی سوئیس دەستی پێکرد.

"ڤێرمۆت" لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوە دا کە حکوومەتی سوئیس پێویستە پشتیوانی لە سزاکانی یەکیەتیی ئورووپا بۆ سەر ڕێژیمی ئێران بەمەبەستی گوشاری زیاتر بۆ سەر ئەو ڕێژیمە بکات.

ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا داوای لە حکوومەتی سوئیس کرد کە بە هیچ شێوەیەک نابێت ڤیزا بە بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران بۆ چوون بۆ وڵاتی سوئیس بدات و هەروەها داوای کرد کە پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران بکرێت.

دواتر ژنە پارلمانتاری سوئیس و دۆستی کورد خاتوو "فالافیا واسێرفالین" لە وتارێکی پڕ نێوەرۆکدا داوای لە گەل و خەڵکی سوئیس کرد کە پشتیوانی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بن و بە دانی دروشمی "ژن ژیان ئازادی" بە زمانی کوردی و بە بڕینی پرچی خۆی، پشتیوانیی خۆی و ژنانی پارلمانتاری سوئیسی بۆ ژنانی کورد و ئێرانی دووپات کردەوە.

لە بەشێکی دیکەدا "ناتالیا بۆدێنمان" وێڕای پشتیوانیی خۆی و حیزبەکەی بۆ گەلانی ئێران، داوای پێداچوونەوەی لە حکوومەتی سوئیس کرد سەبارەت بە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سروودی "ئەی شەهیدان"یان پێشکەش کرد. خۆپیشاندانەکە بە وتنەوەی دروشم بە زمانەکانی کوردی، فارسی، ئاڵمانی و فەرانسەوی کۆتایی پێ هات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان لە شاری "پێرت"ی ئوسترالیا بەڕێوە چوو




١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ١٤ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ٥ی نۆڤامبر، خۆپیشاندانێک لە شاری "پێرت" هەڵکەوتوو لە ڕۆژاوای ئوسترالیا بەڕێوە چوو کە بە سەدان کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی تێیدا بەشدار بوون
.
بەشی یەکەم تەرخان کرابوو بە خوێندنەوەی پەیامەکان و وتنەوەی دروشم بە دژی ڕێژیمی ئێران.

"نەسرەدین سیلوانا" ئەندامی چالاکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری "پێرت" پەیامی میدیایی خۆپیشاندانەکەی پێشکەش کرد.

لە بەشێک لەو پەیامەدا هاتبوو "ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ سنوورێکی بۆ سەرکوتکردنی خەڵک نەهێشتووەتەوە و لە ڕۆژی چلەی "ژینا ئەمینی" لە ٢٦ی ئۆکتۆبەردا چەند کەسی چەکدار کە گومانیان لێ دەکرێت سەر بە ڕێکخراوی کۆماری ئیسلامی بن بۆ بەلاڕێدا بردنی سەرنجی خەڵک لەسەر چلەی ژینا و هەروەها بەمەبەستی ڕەوایەتدان بە سەرکوتی خەڵک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هێرشیان کردە سەر شاچراغ لە شیراز، کە لانیکەم ١٥ کەسیان کوشت و ٧٠ کەسیشیان بریندار کرد.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا، چەند داواکاری ئاراستەی حکوومەتی ئوسترالیا کران وەک "بلۆکەکردنی سەرمایەی بەرپرسانی سەرکوتگەری ڕێژیمی ئێران بەتایبەتی ئەوانەی کە دەستیان لە سەرکوتکردنی خەڵکی ڕاپەڕیودا هەیە، نەدانی ویزای سەفەر بە بەرپرسانی سەرکوتگەری ڕێژیمی ئێران، بە تێرۆریست ناساندنی سپای تێرۆریستیی پاسداران و چەند داواکاریی دیکە.

لە بەشی دووهەمی خۆپیشاندانەکەدا بەشداربووان بە ڕێپێوان چەندین شەقامیان بڕی و دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران و پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران دروشمیان دا.

---

## لە وڵاتی دانمارک خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو



١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی خوزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٥ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، لە یەکێک لە ناوەندەکانی شاری "کۆپێنهاگ" لە وڵاتی دانمارک، خۆپیشاندانێکی جەماوەری بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە بەڕێوە چوو.

سەرەتا لەلایەن "ئەحمەد ڕەحمانی" بەڕێوەبەری خۆپێشاندانەکە بە نوێنەرایەتیی کۆمیتەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەخێرهاتنی بەشداربووان کرا.

پاشان دوکتور "سەعید سوڵتانپوور" ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران لە وڵاتی دانمارک، پەیامی ناوەندی هاوکاریی بە زمانی دانمارکی پێشکەشی بەشداربووان کرد.

دواتر لەلایەن "یەڵماز یەڵدز" ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانیی "کۆپێنهاگ" چەند وتەیەک بە زمانەکانی "کوردی و دانمارکی" پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم خۆپێشاندانەدا "سەرتیپ عەدنان" چالاکوانی کوردی ڕۆژاوای کوردستان چەند وتەیەکی بە زمانەکانی "کوردی و عەرەبی"، پێشکەش کرد.

چەند وتەیەک لەلایەن "کەژوان یووسفی" لەسەر بوێری و خۆڕاگریی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان پێشکەش کرا.

لە دوابڕگەی ئەم خۆپێشاندانەدا چەند سروود و گۆرانی شۆڕشگێری لە ڕاستای بەرخودان و بوێریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران و کوردستان پێشکەشی ئامادەبووان کرا.

ئەم خۆپێشاندانە لە درێژەی چالاکییەکانی کۆمیتەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بەمەبەستی پشتگیری لە ڕاپەڕینی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی و هەروەها بەمەبەستی گەیاندنی دەنگی ئەوان بە کۆمەڵگای دانمارک بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە درێژەی خۆپیشاندانەکانی دەرەوەی وڵات خۆپێشاندانێک لە "ڤانکۆڤێر"ی کانادا بەڕێوە چوو



**١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ١٤ی خەزەڵوەر، بەرانبەر بە ٥ی مانگی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی لە درێژەی خۆپێشاندانەکانی دەرەوەی وڵات، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕۆژاوای کانادا بە هاواهەنگیی چەندین لایەنی ئێرانی و بەبەشداری هەزاران کەس لە کوردستانییان و گەلانی دیکەی ئێران و دانیشتووی "ڤانکۆڤێر"ی کانادا لە ناوەندی شار خۆپێشاندانێکی جەماوەریی چەند هەزار کەسییان بەڕێوە برد.

دەستپێکی بەرنامە وێڕای بەخێرهاتنی بەشداربووان لەلایەن "شادی ئەمین ئاقایی" بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و سروودی "ئەی ئێران" دەستی پێ کرد.

لەنێوئاخنی بەرنامەدا چەندین دروشم بە تێکڕای دەنگی بەشداربووانەوە وترایەوە و هەروەها لەسەر بارودۆخی ئێستای ئێران و کوردستان لێدوان لە خۆپیشاندەران وەرگیرا.

لەو خۆپیشاندانەدا سەرۆکی دووهەمین حیزبی گەورەی کانادا واتا حیزبی "کانسیرڤەتیڤ" کە خاوەن ١١٦ کورسی پارلمانە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و "پیری بولیڤر" و هەروەها "هارجیت ساجان" وەزیری گەشە و داهێنانی نێونەتەوەیی دەوڵەتی کانادا و زیاتر لە دە ئەندام پارلمانی دەوڵەتی کانادا بەشدار بوون و وتاری خۆیان پێشکەش کرد و بە تەواوی پشتیوانیی خۆیان لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەربڕی کە جێگای خۆشحاڵیی خۆپێشاندەران بوو.

بە نوێنەرایەتیی کوردەکانی دانیشتووی "ڤانکۆڤێر"ی کانادا دکتور "ڕەحیم سورخی" باسێکی لەسەر درێژەپێدانی خۆپێشاندانەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران و داماوی ڕێژیم لە ئاست ئازایەتیی خەڵکی ڕاپەڕیو پێشکەش کرا.

لەو خۆپیشاندانەدا بەشداریی بەرچاوی ڕەوەندی کورد و کۆمیتەی حیزبی دێموکرات و ئەندامانی بە شەکانەوەی ئاڵای کوردستان و پۆشینی جلوبەرگی کوردی و خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب سەرنجی تایبەتیی سەرجەم خۆپیشاندەران و ئەندام پارلمان و کەسایەتییە سیاسییە بەشداربووەکانی کانادای بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو.

ئەوەی زۆر جێگای سەرەجی تایبەت بوو ئەوەیە کە بە خۆشییەوە ڕۆژ بەدوای ڕۆژ دەنگی گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران زیاتر دەگاتە ناوەندەکانی بڕیاری وڵاتانی دەرەوە و بەتایبەتی دەوڵەتی کانادا و هەر لەو پێناوەشدا چەندین هەڵوێستی گرینگیان دژ بە ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێران گرتووە و لە لێدوانەکانیاندا دەردەکەوێت کە ئەوانیش هاتوونەتە سەر ئەو بڕوایە کە کۆتاییەکانی تەمەنی نگریسی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئێرانە و هەر بەو هۆکارەش هەرکات بانگەوازی خۆپێشاندانی گەلانی ئێران دەبینن بۆ خۆیان ئامادەیی بەشداربوون و پشتیوانیکردن دەردەبڕن کە بە درێژایی ئەو ساڵانە قەت شتی وا ڕووی نەداوە.

ئەو خۆپیشاندانەش دەنگدانەوەیەکی بەرفراوانی لە شەقام و ڕای خەڵک و ناوەندە حکوومەتییەکانی "کانادا"دا داوەتەوە و هەموو لایەک بە سەرنجەوە دەڕوانە ڕووداوەکانی ئێستای ئێران.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ جاری سێهەم لە بێلژیک خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی کوردستان و ئێران پێک هات




**١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی یەکشەمە ڕێکەوتی ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، بەرامبەر بە ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢، سێهەم خۆپیشاندانی گەورەی کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتی "بێلژیک" کە زیاتر لە ٢ هەزار کەس بوون لە کەشێکی سارد و بارانیدا بەڕێوە چوو. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای پارت و لایەنە کورد و ئێرانییەکانی دانیشتوی وڵاتی "بێلژیک" دەور و کاریگەرییەکی بەرچاویان لە باشتر بەڕێوەچوونی ئەو خۆپیشاندانە هەبوو.

ئەو خۆپێشاندانە بە بڕین و پێوانی زیاتر لە پێنج کیلومیتر مەودا، لە وێستگەی قەتاری باکووری بروکسێل پێتەختی وڵاتی "بێلژیک" هەتا وێستگەی قەتاری باشووری ئەو شارە درێژەی هەبوو.

ئەو خۆپیشاندانە بۆ پشتیوانیکردن لە شۆڕشی گەلی کورد و گەلانی ئێران کە لەژێر ناوی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ئێستادا لە ئێران لەئارادایە بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاڵێکی جێگای سەرنج لەو خۆپیشاندانەدا ئەوە بوو کە بەشێک لە ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ و چالاکانی بواری مافەکانی ژنانی "بێلژیک"یش بەشدار بوون.

---

## پشتیوانی لە مانگرتنی ئێرانییەکانی بەردەم کۆنگرێسی ئامریکا



**١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کۆمەڵێک لە کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەڤەری "واشنتۆن"، وێڕای ئەندام و لایەنگرانی حیزب، سەردانی گرووپی ئێرانییە مانگرتووەکانی بەردەم کۆنگرێسی ئامریکایان کرد و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیان بۆ دووپات کردنەوە.

کۆمەڵێک لە چالاکانی سەربەخۆی ئێرانی، بە مەبەستی لەقاودانی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و بەدەستهێنانی پشتیوانیی کۆنگرێسی ئامریکا بۆ ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، بڕیاریان داوە کە بۆ ماوەی دوو حەفتە شەو و ڕۆژ لە بەردەم کۆنگرێس بمێننەوە و وێڕای ناردنی نامە بۆ کۆنگرێس هاوکات بە کاری هونەریی سەرنجڕاکێش و دانانی وێنەی شەهیدان تێدەکۆشن گوشار بخەنە سەر بەڕێوەبەرایەتیی "جەو بایدێن" هەتا پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردەکـان لەو سـەردانەدا وێـڕای دەستخۆشـی و پشـتیوانی لەو هەنگـاوە، هاوکـات لەگەڵ چەنـد کەسـایەتیی ناسـراوی نەتەوەکانی ئێران، سەبارەت بە دوایین گۆڕانکارییەکانی ئێران و کوردستان ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

هەروەهـا وەرێخەرانـی کەمپەیـنەکە، سپاسـی پشـتیوانیی مـادی و مەعنەویـی کوردەکـان و کـۆمیتەی حیزبـی دێموکراتیـان لە چالاکییەکەیان کرد.

لەسـەر داوای بەڕێـوەبەرانی مـانگرتنەکە، "ڕەحـیم ڕەشـیدی" بەرپرسـی کـۆمیتەی حیزبـی دێمـوکرات لەو وڵاتە، قسـەی بـۆ ئامادەبووان کرد و لە بەشێک لە قسەکانیدا باسی لە بایەخی ئازادی کرد و وتی کە هیچ شتێک لە ئازادی بەنرختر نییە و تەنیا بایەخی ئازادییە کە هەموو لایەک لە دەوری یەکتر کۆ دەکاتەوە و پێکەوە تێدەکۆشن بـۆ سەرکەوتن، چونکە ئـازادی وێڕای بەخشینی کەسایەتی بە مرۆڤ، هاوکات بژاردە و ڕێگـای جۆراوجۆری بـۆ هەڵـبژاردن لە بەردەمدا دەکـاتەوە و ئەمەش ئەوە دەهێنێ مرۆڤ لە پێناویدا گیان ببەخشێ.

"ڕەشیدی" لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە ئێمە لە کوردستان لەژێر سێبەری دروشمی "ئـازادی بـۆ ژن و بەختیـاری بۆ کۆمەڵ" گەورە بووین و ئەوەی هەنووکە لە ئێران و کوردستان دەربـاز دەبێ بۆ ئێمە نـامۆ نییە و ئێمە لەگەڵ ئەو دیـاردە و خەباتە گەورە بووین و ئاشناین.

"ڕەحیم ڕەشیدی" سـەبارەت بە شـەڕی داسـەپاو بەسـەر کوردسـتاندا باسـی ئەوەی کـرد کە منـداڵانی کوردسـتان هەمـوو کـات جانتاکانی قوتابخانەیان پڕ بووە لە بۆنی بارووت و دەنگی بۆمبی شەڕی نەخوازراو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە شاری "ناشڤیل"ی ئامریکا بۆ جارێکی دیکە بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندەرانی ئێران و کوردستان ڕێپێوان بەڕێوە چوو



**١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٦ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ی زایینی بۆ جارێکی دیکە ڕەوەندی ئێرانی لە شاری ناشڤیل سەر بە ویلایەتی "تێنێسی"ی ئامریکا کۆبوونەوە و ڕێپێوانێکیان بەڕێوە برد.

لەو ڕێپێوانەدا خۆپیشاندەران بە بەرزکردنەوەی وێنەی "ژینا ئەمینی"، خوێندنەوەی سروود و وتنی دروشم دژی ڕێژیمی ئێران پشتیوانیی خۆیان لە مانگرتن و نارەزایەتیی جەماوەری لە کوردستان و ئێران دووپات کردەوە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بەرزکردنەوەی وێنەی شەهیدان و شەکاندنەوەی ئاڵای کوردستان لەو ڕێپێوانەدا بەشدارییان کرد و بەم چەشنە سۆز و پشتیوانیی خۆیان بۆ خەڵکی کوردستان دووپات کردەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانێکی هەزاران کەسی بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە وڵاتی سوئید بەڕێوە چوو



**١٤ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٤ی خەزەڵوەری ٢٧٢٢ بەرامبەر بە ٥ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی لەسەر پێشنیاری بانگەوازی ڕێکخراوی"ئۆسی" کە ڕێکخراوەیەکی مەدەنییە، خۆپیشاندانێکی بەرین بە بەشداریی کۆمەڵێکی بەرچاو لە کوردستانییان و ئێرانییان لە شاری یۆتۆبۆریی وڵاتی سوئید بەڕێوە چوو.

زۆرێک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکان بەشدارییان لەو خۆپیشاندانەدا کرد،

سەرەتا خەڵک لە گۆڕەپانی "گۆتە پلاتسێن " لە بەردەم "ستاتس تیتێرن" کۆ بوونەوە و خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان و ئێران دەستی پێکرد و لەلایەن بەشداربووانەوە دروشم گوترانەوە.

بەرپرس واتە"رەئیسی تیئاتر" چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.
گۆرانییەکی لوڕی لە لایەن خاتوو "نێک" پێشکەش کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خاتوو" ئامینەی کاکەباوە" پارلمانتاری پێشووی حیزبی چەپ وتارێکی ئیحساسیی دا و هێرشی کردە سەر حکوومەتی دەستەڕاستی سوئید و گوتی خەریکی ساتوسەودان لە سەر کوردانی رۆژاوا لەگەڵ ئەردۆغان دەکەن، هەروەها لەسەر حیجابی زۆرەملیی کۆماری ئیسلامی ئێران قسەی کرد.

پاشان ئاپۆرای خەڵکەکە بە گوتنەوەی دروشم مەودایەکی دوو کیلومیتریان هەتا تیاتری گەورەی شار بڕی، شایانی باسە کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پشتیوانیی لەو حەرەکەتە کردبوو و ئەندامانی حیزبە کوردستانییەکان بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئارمی حیزبەکانیان بەشداری ئەم ڕێپێوانە ئیعترازییە بوون.

ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو ئاڵا و هێمای هەموو گەلانی نێو جوغرافیای سیاسیی ئێران لەو خۆپیشاندانە بوو.

---

## دیداری هەیئەتێکی کۆمیتەی حیزب لەگەڵ خاتوو "دەریا سەفایی" ئەندام پارلمانی فێدراڵی بێلژیک



**٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی بێلژیک بە سەرپەرستیی "بەها ئیبراهیمی" بەرپرسی کۆمیتە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

"هیوا عەلیپوور" بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتە و "کاوە ئاهەنگەری" چالاکی دیاری سیاسی، لەگەڵ خاتوو "دەریا سەفایی" پارلمانتاری پارلمانی فیدراڵی وڵاتی بێلژیک لەسەر لیستی حیزبی "ئێن ڤێ ئا (N.VA)" کۆ بوونەوە.

خاتوو "دەریا سەفایی" وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆی بۆ ئەو دیدارە و بەتایبەتی ئاشنابوونی لەگەڵ کۆمیتەی حیزب، پێداگریی لەسەر بەردەوامبوون و بەرینبوونەوەی پێوەندییەکانیان کرد.

ناوبراو هەروەها باسی لەوە کرد کە لە ڕەوتی بەرەوپێشبردنی خەباتی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران هەرچی لە توانایدا بێ دەیکات و بەڵێنی ئەوەشی دا کە کار بۆ گەیاندنی دەنگی ئازادیی گەلانی ئێران بە دنیای دەرەوە و بەتایبەتی بە سیاسەتمەداران و کۆمەڵگای بێلژیک بکات.

هەر لەو پێوەندییەدا هەندێک پێشنیار بە خاتوو "دەریا" کرا کە بتوانێ لە پارلمانی فیدراڵی بێلژیک بیانخاتە ڕوو و لە پێگەی سیاسیی خۆی بۆ جێبەجێکردنی ئەو پێشنیارانە هەوڵ بدات.

"

دەریا سەفایی" ئەندامی پارلمانی فیدراڵی بێلژیک و کەسایەتییەکی دیاریی سیاسییە کە ڕۆڵ و کاریگەریی لە باشترناساندنی پرسەکانی پێوەندیدار بە مافەکانی ژن لەنێو کۆمەڵگای جیهانی و بەتایبەت لەسەر پرسی بەشداریکردنی ژنان لەنێو یاریگاکانی ئێران کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە قەدەغە کراوە، زۆر هەوڵی داوە .

هەر دوو لا لەسەر چالاکیی سیاسیی هاوبەش و هاوکاریکردنی یەکتر بۆ باشترکردن و کاریگەریی زیاتری کار و تێکۆشانی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران لە وڵاتی بێلژیک کە بەتایبەت لە ئێستادا کە سەرهەڵدانێکی جەماوەریی لە کوردستان و ئێران لەئارادایە، جەخت کرایەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خۆپیشاندانی هاووڵاتییان بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە ئوسترالیا درێژەی هەیە




**٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٢١ی خەزڵوەر بەرانبەر بە ١٢ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، وەک حەفتەکانی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لە کورد، بەلووچ و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، دانیشتوو لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ پشتیوانی لە خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان و ئێران لە ناوەندی شاری "بریزبن"ی ئەو وڵاتە کۆبوونەوە و دژی ڕێژیمی ئێران دروشمیان دا.

بەشداربووان بۆ جارێکی دیکە داوایان لە حکوومەتی ئوسترالیا کرد کە باڵوێزەکانی ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتە دەر بکات و سپای تێرۆریستیی پاسدارانیش وەک تێرۆریست بناسێنێت.

لەو خۆپیشاندانەدا، ژمارەیەک ئاهەنگی بەلووچی و هونەری بەلوچستان نیشان درا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە بریتانیا خۆپیشاندانێک بەڕێوە چوو




**٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٢١ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ١٢ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی بۆ جارێکی دیکە، بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران و کوردستان لە شارەکانی "نیووکاسێل" و "مەنچێستێر"ی وڵاتی بریتانیا خۆپیشاندان بەڕێوە چوو.

لە "نیووکاسێل" ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان، بەرزکردنەوەی وێنەی شەهیدان، پۆشینی جلوبەرگی کوردی، خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و چەندین سروودی نیشتمانی و وتنی دروشم دژی ڕێژیمی ئێران ڕۆلی بەرچاویان هەبوو.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بەم چەشنە سۆز و پشتیوانیی خۆیان هاوڕێ لەگەڵ بەشداربووانی دیکەی خۆپیشاندان لە مانگرتن و ناڕەزایەتیی جەماوەری لە کوردستان و ئێران دووپات کردەوە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕێوڕەسمێک بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە وڵاتی"نیوزلەند" بەڕێوە چوو




**٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٢١ی خەزەڵوەر، بەرانبەر بە ١٢ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ڕەهەندی ئێرانی پێکەو بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانی گەلانی ئێران و دڵگەرمیی خەڵک بۆ بەردەوامبوونیان لە خۆپیشاندان ڕێوڕەسمێکیان لە وڵاتی "نیوزلەند" بەڕێوە برد.

لەو ڕێوڕەسمەدا چەندین سروودی شۆڕشگێڕانە بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی پێشکەش کرا.

هەروەها سەمایەک بە نیشانەی ناڕەزایەتیی دەربڕین لەهەمبەر سەرکوت و شەهیدکرانی خۆپیشاندەران نمایش کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە وتنەوەی دروشم دژی ڕێژیمی منداڵکوژی ئێران کۆتایی پێهات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## لە شاری "ئاڵبۆرگ"ـی وڵاتی دانمارک، خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو



**٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە درێژەی چالاکییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە وڵاتی دانمارک، ڕۆژی شەممە ٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ بەرامبەر بە ١٢ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، خۆپیشاندانێک بە بەشداریی کوردستانییان و کۆمەڵێک لە ئازادیخوازانی ئێرانی لە شاری "ئاڵبۆرگ"ی وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو.

سەرەتا خۆپیشاندەران بە بڵاوکردنەوەی کۆمەڵێک تراکتی پەیوەندیدار بە ئاڵوگۆڕەکانی کوردستان و ئێران و دروشمدان، تا گۆڕەپانی شارەکە ڕێپێوانیان کرد.

پاش گردبوونەوەی خۆپیشاندەران لە شوێنی مەبەست "فاخیر مەولوودی" و خاتوو "مۆژگان پەریزادە" وەکوو بەڕێوبەرانی کۆبوونەوەکە، چەند ساتێک بێدەنگییان بۆ ڕێزگرتن لە گیانی شەهیدان و گیانبەختکردووانی نوێی شۆڕشی گەلانی ئێران ڕاگەیاند.

پاشان "پێشەوا مەحموودیان"، "ئیقباڵ ساڵحی پوور" و "عیسا مەحموودی" وتاری ناوەندی هاوکارییان بە زمانەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دانمارکی، فارسی و کوردی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

لە بڕگەیەکی دیکەدا خەڵکی بەشدار لە کۆبوونەوەکەدا دروشمیان دا و سروودی شۆڕشگێڕانەیان وتەوە.

لە کۆتاییدا لەلایەن "ئاڤان یووسفی" هۆنراوەیەک  بە زمانەکای کوردی و فارسی خوێندرایەوە و خۆپیشاندانەکە کۆتایی پێ هات.

---

## لە شەش شاری وڵاتی فینلاند خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەڕێوە چوو




**٢١ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە، ٢١ی ڕەزبەری ١٤٠١ بەرامبەر بە ١٢ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، بە مەبەستی پشتیوانی لە خۆپیشاندانی جەماوەری لە کوردستان و ئێران لە شەش شاری وڵاتی فینلاند لەوانە هێلسینکی، تامپێرە، تورکوو، یووڤاسکولا، ڤاسا و لاهتی، خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەم خۆپیشـاندانانەدا سـەدان کەس لە کوردسـتانییان، ئێرانییـان، ئـۆکراینی و بیانییـانی دانیشـتووی وڵاتـی فینلانـد بەشدارییان کرد.

خۆپیشـاندانەکان بە سروودی "ئەی ڕەقیب" و سـاتێک بێـدەنگی بـۆ ڕێزگـرتن لە گیـانی شـەهیدانی ڕاپەڕینـی سەرانسـەریی کوردستان و ئێران دەستی پێ کردووە.

لە هەرکام لەم کۆبوونەوانەدا، پەیام و داخوازیی بەشداران بە زمانەکانی کوردی، فارسی و فینلاندی پێشکەش کران.

لەو پەیامـانەی کە لەو خۆپیشـاندانانەدا پێشـکەش کـراون، وێـڕای ئامـاژە بە شـەهیدکردنی "ژینـا ئەمینـی"، بە دەسـتی هێزەکـانی ڕێـژیم، لێکەوتەکـانی ڕاپەڕینـی سەرتاسـەریی گەلانـی ئێـران دژی ڕێژیمـی ئێـران بە خـاڵێکی وەرچەرخـانی چارەنووسساز لە قەڵەم درابوو کە لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بێوێنە بووە.

لە کۆتـایی پەیامەکاندا، چەن خاڵێـک وەکوو داخـوازیی بەشـداران ئاراستەی حکوومەتی فینلانـد و کۆمەڵگـای نێودەوڵەتی کرابوو.

لەم کۆبـوونەوانەدا دژی سـەرکوت، کوشـتن و زینـدانیکردنی خەڵکـی ئـازادیخوازی کوردسـتان و ئێـران دروشـم درا و هەروەهـا سروودی شۆڕشگێڕیی بە زمانەکانی کوردی و فارسی بڵاو کرایەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە دانمارک وەزارەتی دەرەووەی دانمارکی لە هێرشەکانی کۆماری ئیسلامی ئاگادار کردووە



۲۲ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۱۳ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیدا، "هەژار دەشتی" بەرپرسی پێوەندییەکان لە وڵاتی دانمارک لەگەڵ بەرپرسی دۆسیەی ئێران لە وەزارەتی دەرەووەی دانمارک، باسی هێرشی ڕۆژی دووشەممە ۲۳ی خەزەڵەور، لەلایەن کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کەمپی پەنابەران کرد.

نوێنەری حیزب باسی لەوە کرد کە ئەوە چەندەمین جارە کە ڕێژیمی کۆنەپەرست و تێرۆریستی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی هەرەمەکی و بە مووشەک و بە درۆنی خۆتەقێن هێرش بۆ سەر بنکەکانی حیزب و پارتە ڕۆژهەڵاتییەکان و کەمپی پەنابەران دەکا و خەڵکی سیڤیل و بێ تاوان دەکاتە ئامانج.

هەرلەدرێژەی باسەکەدا باسێک لەسەر ئەو ڕاپۆرتە کرا کە لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە ئامادەکراوە سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە چوارچێوەی شۆڕشی ژینا و ئامارە پێوەندیدارەکان بە خۆپێشاندانەکان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەرپرسی دۆسیەی ئێران سپاسی ئەو پێوەندییە تەلەفۆنییەی کرد و خەمخۆری خۆی بۆ هێرشەکە ڕاگەیاند. هەروەها ئەوەی پشتڕاست کردەوە کە ئەو زانیارییانە لەڕاپۆرتەکانی خۆیدا دەگونجێنێ و لە کۆبوونەوەکانیاندا سەبارەت بە ڕەوشی ئێران، دەیانهێنێتە بەرباس.

---

## لە کۆپێنهاگ خۆپێشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ئێران لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران بەڕێوە چوو



**٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی خەزەڵوەر (١٦ی نوامبری ٢٠٢٢)، خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران لە "کۆپێنهاگ"ی پێتەختی وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو. ئەم خۆپیشاندانە لەسەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

کوردانی دانیشتوو لە وڵاتی دانمارک لە درێژەی کار و چالاکییەکانی خۆیان بە مەبەستی پشتیوانیکردن لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران و بە تایبەتی ڕووداوەکانی ئەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو و هەروەها بۆ مەحکوومکردنی هێرشی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مووشەکی و درۆنیی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە هاوبەشی لەگەڵ زۆربەی چالاکان و لایەنەکانی ئێرانی و کوردستانی ئەو خۆپیشاندانەیان بەڕێوە برد.

بەشداریکردنی لەم خۆپیشاندانە نیشانەی پشتیوانیی تاراوگەنشینانی دانمارک بوو لە خەڵکی بەحەق ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران و پەیمان نوێکردنەوە لەگەڵ شەهیدانی سوورخەڵاتی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات کە ئێستا لە کوردستانی باشوور نیشتەجێن و دەکەونە بەر هێرشی مووشەک و درۆنیی ڕێژیمی ئێران و ئەو هێرشانە دوورن لە هەموو بەهایەکی مرۆیی و پێشێلکردنی سەروەری خاکی هەرێمی کوردستان و عێراق.

هەروەها بە تایبەتی پەیمان نوێکردنەوە بوو لەگەڵ شەهیدانی ٢٣ی خەزەڵوەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کۆیە و ئیدانەکردنی هێرشەکانی سەر بنکە و بارەگاکانی کۆمەڵە لە زرگوێز.

لەم خۆپیشاندانەدا پەیامێک بە زمانەکانی ئازەری و فارسی لەلایەن "وریا مەلاک" بە نوێنەرایەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێشکەش بە بەشداربووانی ئەم خۆپێشاندانەی بەردەم هێلانەی سیخوڕیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرا.

لە بەشێک لە وتەکانی "وریا مەلاک" بە نوێنەرایەتی ناوەندی هاوکارییدا هاتبوو:

ئەمڕۆ پرۆژەی مانگرتنی سەرتاسەری ڕۆژانە و دەربڕینی نارەزایەتیی شەوانەی کوردستان بە کۆتا گەیشت و دوای ڕێگایەکی دەیان ساڵە بە ئازار و خوێنێکی زۆرەوە لە کوردستانەوە سەرتاسەری ئێرانیشی گرتەوە، ئەم پرۆژە شۆڕشگێڕانەیە هەر دەسەڵات و حکوومەتێکی دیکتاتۆری سەرەڕۆ لە ڕەگ و ڕیشە هەڵدەکێشێت و لە زبڵدانی مێژووی دەهاوێت.

ساڵانێکە ڕێژیمی زوحاک خووی ئێران لە هەوڵی ئەوە دایە کە بە چەکی پێشکەوتوو، مووشەکی دوور مەودا و درۆنەکانی خۆی جوڵانەوەی گەورەی کوردستان لەنێو ببات بەڵام هەرجار خراپتر لە پێشوو لەگەڵ هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئازارچێژتووی کوردستان بەرەو ڕوو دەبێ و سەری خۆی لە گاشەبەردەکانی کوردستان دەکوتێت.

ئەم خۆپێشاندانە تا درەنگانی ئێوارە بە وتنەوەی دروشم دژی ڕێژیمی ئێران درێژەی کێشا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە ئوسترالیا لەگەڵ سناتۆر گیرارد ڕینیک کۆ بوونەوە



**٢٥ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی سێشەممە ٢٥ی خەزەڵوەر سەلاح پوورئەسەد، بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات لە ئوسترالیا لەگەڵ سناتۆر "گیرارد ڕینیک" سەر بە حیزبی لیبراڵی ئەو وڵاتە کۆبوونەوەیەکیان پێک هێنا.

لەو کۆبوونەوەیەدا ڕاپورتێکی تێروتەسەل لەمەڕ کارنامەی ڕەشی ڕێژیمی ئێران پێوەندیدار بە سەرکوتی گەلانی ئەو وڵاتە، کوشتاری زیندانییانی سیاسی، پێشێلکردنی بەردەوامی مافی مرۆڤ، شەڕ دژی گەلی کوردستان، تێرۆری ڕێبەرانی ئۆپۆزیسونی ئێرانی بە تایبەت کورد و ناردنی تێرۆریزمی ئیسلامی بۆ هەموو دنیا، پێشکەش بە سێناتۆر ڕینیک کرا. پاشان بە وردی باسی سەرهەڵدان و گەشەی خۆپیشاندانەکان کرا کە لە پاش شەهیدکرانی "ژینا ئەمینی" لە کوردستان و ئێران سەریان هەڵدا، هەروەها ئاماژە بە ئاماری کوژرانی سەدان کەس و لەنێویاندا دەیان منداڵ کرا.

لەو پێوەندییەدا هێندێک بەڵگە و دیکومێنت لەلایەن نوێنەری حیزب درایە دەست سەناتۆر ڕینیک. هەروەتر باسی سنووربەزاندنەکانی ڕێژیمی ئێران دژ بە حیزبە سیاسیە کوردیەکان لە خاکی عێراقدا کرا کە لە ماوەی ڕابردوودا بە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

مووشەک و درۆن هێرش کراوەتە سەریان.

لە بەشێکی دیکەی ئەو کۆبوونەوەیەدا باسی نوێترین هێرشی تیرۆریستیی ڕێژیم بۆ سەر بنکەی حیزب کرا کە ڕۆژی دووشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، لەلایەن سپای تیروریستی پاسدارانەوە ئەنجام درا.

سێناتۆر ڕینیک، وێڕای مەحکومکردنی ئەو کردارانەی ڕێژیم بەڵێنی دا کە ئەو باسانە لەگەڵ وەزارەتی دەرەوەی وڵاتەکەی ئەنجام بدات و هەوڵ بدات کە گوشارەکانی ئوسترالیا لەگەڵ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆ سەر ڕێژیمی ئێران زیاتر بکەن.

لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا نوێنەری حیزب داوای کرد کە سپای پاسداران و فەرماندە تێرۆریستەکانی بخرێنە پێرستی تێرۆر و بنەماڵەکانیان ئیزنیان پێ نەدرێ بێنە ئوستراليا و باڵوێزی ئەو ڕێژیمە دەر بکرێت و دارایی دەست و پێوەندەکانی ڕێژیم کە خەرجی تێرۆر دەکرێ لەو وڵاتە دەستیان بەسەردا بگیرێت.

سەناتۆر ڕینیک لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای پشتیوانی لە خۆپیشاندەران و ئەو پێشنیارانە کە داخوازیی هەزاران ئێرانی نیشتەجێی ئەو وڵاتەیە، بەڵێنی دا بەدواداچوون بۆ ئەو داواکارییانە بکات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## کۆبوونەوەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ پارلمانی ئوتریش



٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

لە سەر بانگهێشتی فەرمیی پارلمانی ئوتریش، نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو وڵاتە لە دانیشتنێکدا لەگەڵ پارلمانتارانی وڵاتی ئوتریش کۆ بوونەوە.

ڕۆژی هەینی ٢٧ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، لە هۆڵی کۆبوونەوە تایبەتییەکانی پارلمانی ئوتریش، کۆبوونەوەیەک بۆ نوێنەرانی هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئێرانی و هەروەها نوێنەرایەتیی ئەو ڕێکخراو و ناوەند و پێکهاتانەی کە لە بەڕێوەبردنی خۆپیشاندانەکانی وڵاتی ئوتریش دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەشدارییان کردووە، پێک هات کە هەیئەتی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەسەر بانگهێشتی فەرمیی پارلمانی ئوتریش تێیدا بەشدار بوو.

ئەو کەسانەی کە لە پارلمانی ئوتریش بەشداری کۆبوونەوەکە بوون بریتین لە:

- دوکتور ڕاینهارد لۆپاتکا ئەندام پارلمان بۆ کاروباری دەرەوە لە سەر لیستی حیزبی دێموکرات مەسیح
- مارتین ئێنگلبێرگ ئەندام پارلمان بۆ کاروباری بووژانەوەی نێونەتەوەیی لە سەر لیستی حیزبی دێموکرات مەسیح



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

. دوکتور گودرون کۆگلەر ئەندام پارلمان بۆ کاروباری مافی مرۆڤ لە سەر لیستی حیزبی دێموکرات مەسیح

. ئێڤا ماریا هۆلتزلایتنەر ئەندام پارلمان بۆ کاروباری ژنان لە سەر لیستی حیزبی سوسیال دێموکرات

. دوکتور ئێڤا ئێرنست جیجیج ئەندام پارلمان بۆ کاروباری دەرەوە و مافی مرۆڤ لە سەر لیستی حیزبی سەوز

. دوکتۆر هێلموت براندشتێتەر ئەندام پارلمان بۆ کاروباری دەرەوە لە سەر لیستی حیزبی لیبراڵ دێموکرات

ئەو کۆبوونەوەیە دوو بەشی لەخۆ گرتبوو کە بەشی یەکەمیان تەرخان کرابوو بۆ وەرگرتنی ڕا و بۆچوونی بەشداربووان و پاشان باسکردن لە سەر بۆچوون و ئاخاوتنەکان، کە لەم دانیشتنەدا هاتنە ئاراوە. نوێنەری حیزبی دێموکرات لە باسێکی کورتدا ڕا و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی بۆ بەشداربووان خستەڕوو.

"محەممەدی فەقێعەلی" لە وتەکانیدا، ڕوو بە پارلمانتاران و سیاسیەکانی ئوتریش و دامودەزگا حکومییەکان ئەوەی بیر هێنانەوە کە لە سەر لاپەڕەی سیاسیی ئوتریش نیسبەت بە ئێران، پەڵەیەکی ڕەش هەیە، کە مایەی شەرمە بۆ سەحنەی سیاسیی ئوتریش، ئەویش ئەوەیە کە زیاتر لە سی ساڵ لەمەوبەر لێرە، لە ڤییەن ڕێبەرێکی ئاشتیخوازی کورد لە سەر میزی وتووێژ لەلایەن دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە تیرۆر کرا، بەداخەوە تیرۆریستەکان نەک هەر لێرە ڕانەگیران و دادگایی نەکران، بەڵکوو لەلایەن پۆلیسی ئۆتریشەوە تا بەر دەرکی فڕۆکەی ئێرانی بەرەو تاران ئیسکۆرت کران، بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەدا و لەو هەلومەرجەی کە ئێستا بۆ ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هاتووەتە گۆڕێ، بەر لەوەی درەنگ بێ، سیاسییەکانی ئۆتریش و بەتایبەتی ئەو نوێنەرانەی کە لێرەن ئەم داوایەش بخەنە پاڵ داواکاریی دیکەمان و ئەو پەروەندەیەی دوکتور قاسملوو بخەنەوە گەڕ، چون ئێستا وڵاتی ئوتریش دەتوانێ زۆر بە ئاسانی هاوپێوەندییەکی نێونەتەوەیی بۆ ئەو مەبەستە دروست بکات، پێویست ناکات هیچ ترسێکی لە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەبێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# چالاکییەکی گرینگ لە ئۆتاوا پێتەختی کانادا بەڕێوە دەچێت




**٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە ئەمڕۆوە چادرێکی کوردانی ڕۆژهەڵات بۆ پشتیوانی لە نارەزایەتی و ڕاپەڕینەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەرانبەر پارلمانی کانادا لە ئۆتاوای پێتەختی ئەو وڵاتە هەڵدراوە و بڕیارە تێیدا چالاکیی دژ بە ڕێژیم و بۆ خواستە جۆراوجۆرەکانی وەک ناساندنی یەکجارەکی و فەرمیی سپای پاسداران بە گرووپێکی تێرۆریستی و بە فەرمی ناسینی شۆڕشی گەلانی ئێران دژی دیکتاتۆری بەڕێوە بچێت.

لە دەسپێکی ئەو چالاکییەدا "شەهین فەیزی" و "ئیحسان زارعی" لە ئەمڕۆوە تا ماوەیەکی نادیار لە ئۆتاوا بەڕێوەبەری ئەو چالاکییە دەبن.

پێشبینی دەکرێ ڕۆژانەش خەڵکیان بە دەورەوە بێ و ڕێژەی ئەو خەڵکە بەو چالاکییە زیاتر و زیاتر بکا. لە یەکەم ساتەکانی ئەو چالاکییەدا ماڵی کورد پشتیوانیی خۆی ڕاگەیاندووە کە هەموو هەوڵێک بۆ چالاکتر کردن و پڕ بەرهەمتربوونی ئەو چالاکییە دەدا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سپای پاسداران تەنیا بەو تاوانانەی خوارەوە بەسە بۆ ئەوەی وەک گرووپێکی تیرۆریستی بێتە ئەژمار و بخرێتە لیستی گرووپێکی تیرۆریستییەوە.

. کوژرانی ١٥٠٠ خۆپیشاندەر لە مانگی خەزەڵوەی ساڵی ٩٨
. بەئەنقەست خستنەخوارەوەی فڕۆکەی PS752 و کوشتنی ١٧٦ کەسی بێتاوان و لە نێویاندا ٨٥ هاووڵاتیی کانادایی.
. کوشتنی زیاتر لە ٣٠٠ خۆپیشاندەر و لە نێویاندا زیاتر لە ٤٠ منداڵی خوار تەمەن ١٨ ساڵ لە ڕاپەڕینی ئێستای ئێران.

---

## لە بەردەم پارلمانی دانمارک خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو



٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ٢٨ی خەزەڵوەر، بەرانبەر بە ١٩ نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، هاوکات لەگەڵ وڵاتانی دیکەی جهان، خۆپیشاندانێکی جەماوەریی بەرفراوان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بە بەشداریی کوردانی دانیشتوو لە وڵاتی دانمارک و ئازادیخوازانی ئێرانی لە "کۆپێنهاگ"ی پێتەختی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرەتا خۆپیشاندەران لە بەردەم شارەوانیی کۆپێنهاگ کۆ بوونەوە و پاشان بە دروشمی شۆڕشگێڕی بەرەو پارلمانی دانمارک بەڕێ کەوتن.

لەو خۆپیشاندانەدا پەیامی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، حیزبی گەلی بەلووچ و چالاکە سیاسییەکان" لەلایەن دوکتور"سەعید سووڵتانپوور" بە زمانی دانمارکی پێشکەش بە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە کرا.

دوکتور "سوڵتانپوور" لە بەشێک لە وتەکانیدا ئاماژەی بە قارەمانەتیی خەڵکی کوردستان لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا وەک هەمیشە کرد و وتی: "تەنیا لە ٣ ڕۆژی ڕابردوودا کوردستان ٢٨ شەهیدی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە."

هەروەها وتی، "دایک، باوک، خوشک و برای" شەهیدەکانمان هەر یەکەیان وەک ڕێبەرێک دەرکەوتوون و ڕێنیشاندەری ڕێگای ڕزگارین.

لە بەشێکی دیکە لە وتەکانیدا ڕووی لە وڵاتانی ڕۆژاوایی کرد و داوای لێ کردن لایەنی خەڵک لە ئێران بگرن و کۆتایی بە سیاسەتی وتووێژی ڕەخنەگرانە لەگەڵ ڕێژیمی تیرۆریستیی ئێران بێنن و پشتیوانی لە داخوازیی ئازادیی خەڵک لە کوردستان و ئێران بکەن.

ئەم حیزب و لایەنانەی کە لەم خۆپیشاندانە بەشدارییان کردووە بریتین لە: "گرووپی زنجیرەی مرۆیی کۆپێنهاگ بۆ ئێران، حیزبی کۆمۆنیستی ئێران ـ تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات، کۆمیتەی بەرگری لە خەڵکی ئێران و کۆمیتەی پشتیوانی لە شۆڕشی ١٤٠١."

خۆپیشاندانەکە تا درەنگانی ئێوارە بە وتنەوەی دروشمی شۆڕشگێڕی درێژەی کێشا و لەلایەن میدیاکانی "دانمارکی"ـش ڕوومال کرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانێک لە شاری "ئاڵبۆرگ"ی دانمارک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو




۲۸ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۱۹ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

ڕۆژی شەممە ۲۸ی خەزەڵوەر، بەرانبەر بە ۱۹ی نۆڤامبری ۲۰۲۲ی زایینی، لە شاری "ئاڵبۆرگ"ی وڵاتی دانمارک خۆپیشاندانێک لەلایەن کۆمەڵێک لە کوردستانییان و ئێرانییانی دانیشتووی ئەو شارە بۆ پشتیوانی و دڵگەرمیی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان بەڕێوە چوو.

ئەم خۆپیشاندانە لە درێژەی چالاکییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانی لە خەڵکی وەزاڵەهاتووی گەلانی ئێران و ئەو بەرخودان و بوێرییەی کە ئێستا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران لە ئارادایە و زیاتر لە دوو مانگی تێپەڕ کردووە و خوێن بووەتە پێناسە بۆ قارەمانەتی بەتایبەت بۆ خەڵکی بوێری کوردستان، بەڕێوە چوو.

لەم خۆپیشاندانەدا کۆمەڵێک تراکت بە زمانی دانمارکی بۆ ناساندنی کردەوە قێزەونەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دنیای دەرەوە و بەتایبەتی کۆمەڵگای دانمارک بڵاو کرایەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە درێژەی خۆپیشاندانەکەدا وتارێک بە زمانی دانمارکی لەلایەن "زاگرۆس نەسروڵڵاهی" خوێندرایەوە.

خۆپیشاندانەکە بە وتنەوەی دروشم و سروودی شۆڕشگێڕی کۆتایی پێهات.

---

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران لە وڵاتی بریتانیا



**٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

پاش بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی بە مەبەستی پشتیوانی لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستان، خۆپیشاندانێکی گەورە لە وڵاتی بریتانیا بەڕێوە چوو.

پاش بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە بریتانیا، ڕۆژی شەممە، ٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، لە شارەکانی لەندەن، نیووکاسێل و کاردیێف خۆپیشاندانی بەرین بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران بەتایبەتی کوردستان بەڕێوە چوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە لەندەن خۆپیشاندانی هەزارن کەسی لە بەر دەرگای باڵوێزخانەی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەیڕەقیب" و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان بەرنامەکە دەستی پێ کرد.
پەیامی ئینگلیزیی ناوەندی هاوکاری لەلایەن "ئێدیسۆن فەرامەرزی"، پەیامی فارسی لەلایەن "گوڵاڵە سەلیمی" و پەیامی کوردیش لەلایەن "ناسر ڕاستین"ەوە خوێندرایەوە.

دواتر ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات هاوڕێ لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بەرەو دەرگای ژمارە دەی سەرۆکوەزیرانی بریتانیا وەڕێ کەوتن و لەوێ پەیامێک لەلایەن هاوڕێ "ئێدیسۆن فەرامەرزی"ـەوە پێشکەش کرا؛ دوایین بەرنامەی خۆپیشاندەران بەردەوامیی پشتیوانی لە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران بوو.

لە شارەکانی نیووکاسێل و کاردیێفیش خۆپیشاندان بۆ پشتیوانی لە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە وڵاتی ئوتریش خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان بەڕێوە چوو



**٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٢٨ی خەزەڵوەر، بەرانبەر بە ١٩ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، خۆپیشاندانێک لە گۆڕەپانی مافی مرۆڤ لە شاری "ڤییەن" بە بەشداریی سەدان کەس لە کورد و ئێرانییانی دانیشتووی وڵاتی ئوتریش بەڕێوە چوو.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو خۆپیشاندانەدا چالاکانە بە ئاڵای کوردستان و لۆگۆی حیزبەوە بەشدارییان کرد.

سەرەتا ڕێکخەرانی بەرنامەکە وتارێکیان پێشکەش کرد؛ لە وتارەکەدا لەسەر خۆپیشاندانەکانی نێوخۆی وڵات و کوشتاری خەڵکی بێتاوان بەتایبەت منداڵان لەلایەن جینایەتکارانی کۆماری ئیسلامییەوە باس کرا.

لەو خۆپیشاندانەدا داوا لە وڵاتی "ئوتریش" کرا هەر چەشنە وتووێژێک بەتایبەت وتوویژ لەسەر بەرنامەی ناوکی لەگەڵ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمی ئێران ڕابگیرێت و باڵوێزخانەی ڕێژیم لە شاری "ڤیەن" دابخرێت و فەرمانبەرانی باڵوێزخانەش لەو وڵاتە دەربکرێن.

هەروەها داوایان کرد کە دەبێ ماڵ و دارایی کاربەدەستانی ڕێژیم لەو وڵاتە دەستی بەسەر داگیرێت و ئەژماری بانکییان دابخرێت؛ ڕێژیمی ئێرانیش بە زووترین کات لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەر بکرێت.

لەو گردبوونەوەیەدا لەلایەن نوێنەرانی پارلمانی ئوتریش سەر بە حیزبی سەوزەکانی ئوتریش و حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئوتریش و لاوانی سەر بە حیزبی سۆسیال دێموکراتی ئەو وڵاتە و چەند کەسێکی ترەوە وتار پێشکەش کران.

پارلمانتارە "ئۆتریش"ییەکان سەرەڕای ستایشی بەشداریی زۆری خەڵک لە خۆپیشاندانەکەدا باسیان لە کۆبوونەوەی ڕۆژی پێشتری ئەندامانی پارلمانی ئوتریش سەر بە کلووبی هەموو حیزبەکانی پارلمان لەگەڵ نوێنەرانی خۆپیشاندەران و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بڕیارنامەیەک کرد کە لە کۆبوونەوەکەدا پەسند کراوە.

"

محەممەد فەقێعەلی" بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە وڵاتی ئوتریش وەک نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانێکی بەرین لە شاری "برووکسێڵ"ی وڵاتی بێلژیک بەڕێوە چوو



۲۸ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۱۹ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

ڕۆژی شەممە ۲۸ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ی هەتاوی، خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران و مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران و یەک لەوان جینایەتی خەزەڵوەری ۹۸، لە ژێر ناوی "دادخاهی ئابان" لە شاری "برووکسێڵ"ی پایتەختی وڵاتی بێلژیک بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندانەکە لە نزیک پارلمانی ئورووپا دەستی پێکرد و هەتا بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران لەو وڵاتە درێژەی هەبوو و سەرەڕای ساردبوونی هەوا، خەڵکێکی بێئەژمار بەشدارییان کرد و دەنگی خەڵکی کوردستان و ئێرانیان بە گوێی کۆمەڵگای بێلژیک گەیاند.
لەو خۆپیشاندانەدا چەندین کەسایەتیی سیاسیی بێلژیکی و ئێرانی یەک لەوان خاتوو "دەریا سەفایی" پارلمانتاری بە ڕەچەڵەک ئێرانیی پارلمانی بێلژیک بەشدار بوون.

ئەو خۆپیشاندانە، چوارەمین گەورە خۆپیشاندانی گەورەی کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی بێلژیکە کە لەلایەن کۆمیتەیەکی هاوبەشی پارت و لایەنە ئێرانییەکان بەڕێوە دەچێت و کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی بێلژیک دەوری کاریگەری لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا هەبووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە نۆرویژ خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو




**٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

بە مەبەستی پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی کوردستان خۆپیشاندانێکی بەربڵاو لە وڵاتی نۆرویژ بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردی ڕۆژهەڵات و بەشێک لە ئازادیخوازانی بەلووچستان و ئێرانییانی دانیشتووی وڵاتی نۆرویژ خۆپیشاندانێک لە گۆڕەپانی وێستگەی قەتاری شاری ئۆسلۆ بەڕێوە چوو.

لە خۆپیشاندانەکەدا بەشێک لە لایەن و چالاکانی سیاسی بۆ پشتیوانیکردن لە خەڵکی ناڕازی و وەزاڵەهاتووی ئێران وتاریان پێشکەش کرد؛ پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە وڵاتی نۆرویژ، بۆ مەحکوومکردنی هێرشی مووشەکیی سپای تێرۆریستیی پاسدارانی ڕێژیم بۆ سەر بنکەکان و بنەماڵەکانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردی لە باشووری کوردستان پێشکەش کرا.

پەیامی خەڵکی بەلووچستان بۆ مەحکوومکردنی کوشتاری خەڵک لە بەلووچستان و ئێران بەگشتی، پەیامی نوێنەری



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بنەماڵەی شەهیدانی خەزەڵوەری ساڵی ۱۳۹۸ی هەتاوی و پەیامی نوێنەری بنەماڵەی قوربانییانی فڕۆکە ئۆکرانیییەکە کە بە دەستی سپای تیرۆریستیی پاسداران ۱۷٦ کەس بوونە قوربانی، لەو خۆپیشاندانەدا خوێندرانەوە.

لە بەشێکی دیکەی خۆپیشاندانەکەدا هونەرمەند" شێرکۆ مەریوانی" بە سروودێکی شۆڕشگێڕی بەشداریی لە خۆپیشاندانەکەدا کرد و خۆپیشاندەران بە وتنەوەی چەندین دروشم دژی ڕێژیم بە زمانەکانی کوردی، فارسی و نۆرویژی پشتیوانیی خۆیان لە خۆپیشاندەران لە نێوخۆی وڵات دەربڕی.

**لە کۆتاییدا بڕیارنامەی خۆپیشاندانەکە خوێندرایەوە کە ئاماژە بە چوار خاڵی سەرەکی کرابوو کە ئامانجی خۆپێشاندانەکە بوو:**

۱. پشتیوانی لە ڕاپەرینی گەلانی ئێران بەگشتی
۲. مەحکوومکردنی هێرشی درۆنی و مووشەکبارانی سەر بنکە و بنەماڵەکانی هێزە سیاسییە کوردییەکان لە قووڵایی خاکی عێراقدا
۳. ئازادکردنی بێ مەرجی هەموو بەندکراوانی سیاسی

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# خۆپیشاندانێک لە شاری "نۆرنبێرگ"ی وڵاتی ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو



**٢٨ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٩ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی شەممە ٢٨ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ١٩ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، ئەندامان و لایەنگرانی دوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە ناوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە و لە کۆمیتەی "نۆرنبێرگ"ی وڵاتی ئاڵمان لەگەڵ ناوەندی کولتووریی کورد و ئاڵمان و ڕێکخراوی خوێندکارانی ئێرانی لەو شارە دژ بە ڕێژیمی ئێران و بۆ پشتیوانی لە خەباتی سەرتاسەریی گەلانی ئێران خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان لەو شارە بەڕێوە برد.

کوردانی شاری "نۆرنبێرگ" بە ئاڵا و هێمای نەتەوایەتیی گەلی کورد بەشدارییان لەو خۆپیشاندانەدا کرد و ڕۆڵێکی بەرچاویان گێڕا.

پاش بەخێرهاتنی ئامادەبووان لەلایەن دەستەی بەڕێوەبەرییەوە، پەیامی کوردانی نۆرنبێرگ لەلایەن "پەروا دێهلەقی" ئەندام لە ڕێکخراوی جیهانیی کوردەوە پێشکەش کرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

پاشان پەیامی ئێرانییانی دانیشتووی نۆرنبێرگ لەلایەن "مائیدە سوڵتانی" ئەندام لە ڕێکخراوی خوێندکارانی نۆرنبێرگ بە زمانی ئاڵمانی پێشکەش کرا.

دواتر "عارف تاشدلن" نوێنەری حیزبی(SPD) و سکرتێری حیزبی(SPD) لە ئیالەتی "بایرن" لە پەیامێکدا پشتیوانیی خۆی بۆ گەلانی ئێران دەربڕی.

هەروەها "کۆدیا همرباکر" وتەبێژی لاوانی سەوز لە (حیزبی سەوز) بە پێشکەشکردنی وتارێک پاڵپشتیی خۆی بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران دەربڕی.

لە نێوئاخنی پێشکەشکردنی پەیامەکاندا سێ کورتە شانۆ لەژێر ناوی: "پێکەوەبوو"، "سووتانی پەپوولە"، "خواوەندی نوور" لەلایەن لاوانی دیموکراتەوە پێشکەش کران و دروشمەکانی "ژن، ژیان، ئازادی"، "جمهوری اسلامی نمی‌خوایم"، "جمهوری اسلامی نابود باید گردد"، "این آخرین پیامه، هدف کل نظامه"، "کوردستان کوردستان، گورستان فاشیستان"یان وتەوە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## لە سەد وڵاتی گەورەی جیهاندا پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران دەکرێ




۲۸ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۱۹ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ۲۸ی خەزەڵوەر، ڕەوندی ئێرانی بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران لە شاری ئۆکلەند لە وڵاتی نیووزلەند ڕێوڕەسمێکی بەڕێوە برد.

لەم ڕێوڕەسمەدا وێنەی شەهیدانی ڕاپەڕینی کوردستان و ئێران پیشان درا و چەند ئەندام پارلمانی سەر بە پارتی سەوزیش لەو ڕێوڕەسمەدا قسەیان کرد.

هەروەها "جەلال خەڵخاڵ" بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات وتارێکی پێشکەش کرد.

"خەڵخاڵ" لە پەیامەکەیدا وتی: بوونتان لێرە هێز بە خەڵکەکەمان لە نێوخۆ دەبەخشێ و سێبەری نگریسی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی خەریکە دەڕواتە نێو زبڵدانی مێژووەوە.

"خەڵخاڵ" باسی لەوە کرد کە یەکگرتوویی ئێمە پەیامێکی ڕوونە بە کۆماری ئیسلامی کە ئێمە پێکەوە چەندە بەهێز و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جوانین. ئەو پەیامەش بە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران دەدات کە ئەوان تەنیا نین و ئێمەش پشتیوانیانین و دەنگی ئەوان بە جیهان دەگەیینین.

ناوبراو باسی لەوەش کرد ڕاپەڕینی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان و ئێران دەبێتە هۆی ڕزگاری و ئازادیی خەڵکی کوردستان. ئێران کاتێک دەبێتە وڵاتێکی ئەمن و هاوبەش کە هەموو نەتەوەکان مافی خۆیان هەبێت و ڕێز بۆ ویستی یەکتر دابنێن.

"خەڵخاڵ" باسی لەوەش کرد ئێمە دانیشتووانی نیووزلەند باوەڕمان بە فرەچەشنی و مافی نەوەتەکانی کورد، بەلووچ، تورک، فارس و عەرەب هەیە.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## فینلاند، بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بۆ مەحکوومکردنی قەتڵی ژینا ئەمینی و پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانەکانی ئێران و کوردستان




۲۹ی خەزەڵوەری ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۲۰ی نۆڤەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

لە شاری تورکووی وڵاتی فینلاند کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی بۆ شەرمەزارکردنی کوژرانی ژینا ئەمینی بە دەستی جەنایەتکارانی کۆماری ئیسلامی و هەروەها پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکانی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی سێشەممە ۲۹ی خەرمانان، بەشێکی بەرچاو لە کوردستانیان و ئێرانییەکانی دانیشتووی شاری تورکوو لە وڵاتی فینلاند، کۆبوونەوەیکی بەرینیان بۆ شەرمەزارکردنی کوشتنی خاتوو ژینا ئەمینی و پشتیوانی لە ڕاپەڕینەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بەڕێوەبرد.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، بەڕێوەبەرانی بەرنامەکە بە سێ زمانی کوردی، فارسی و فینلاندی ئامانجی کۆبوونەوەکەیان خستە ڕوو، هەروەها پەیامێک ڕوو بە دەوڵەتی فینلاند لە سەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە زمانی فینلاندی پێشکەش کرا.

بەشداربووان لە درێژەی بەرنامەکانیاندا، بە زمانی کوردی و فارسی چەندین دروشمی پشتیوانی لە ژنانی کوردستان و ئێران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و هەروەها  دژ بە کۆماری ئیسلامییان وتەوە.

لە بەشێکی دیکەی بەرنامەکەدا سەید ئەحمەد حوسێنی وتارێکی بە زمانی کوردی پێشکەش کرد، ناوبراو ئاوڕی لە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و ئێران دایەوە و ڕایگەیاند گەلی کورد هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمەوە "نا"ی، بە کۆماری ئیسلامی وتووە کە تا ئێستاش درێژەی هەیە.

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا باسی لە چۆنییەتی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی کرد کە زۆر بێبەزەییانە لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا گیانی لە دەست داوە.

بەشێکی دیکەی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ هۆنراوە و سروودی شۆڕشگێری کە لەلایەن بەشدارانەوە پێشکەش کران.

کۆتا برگەی ئەم کۆبوونەوەیە بە سروودی ئەی شەهیدان کۆتایی پێهات.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانێک لە وڵاتی ئوتریش بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو



**٢٩ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٠ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٩ی خەزەڵوەر بەرانبەر بە ٢٠ی نۆڤامبری ٢٠٢٢ی زایینی، خۆپیشاندانێک دژی پەلاماری هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر شاری مهاباد و بە مەبەستی پاڵپشتیکردن لە خەڵکی ئەو شارە و شەرمەزارکردنی ئەو هێرشە لە بەر دەرکی باڵەخانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها بەشێک لە ئێرانییانی دانیشتوو لە شاری "ڤییەن"ی وڵاتی ئۆتریش بەڕێوە چوو.

سەرەتا دوکتور "حەسەن نایب هاشم" وەک ڕێکخەری خۆپیشاندانەکە بە ناوی "پاڵپشتی لە بزووتنەوەی ناڕەزایەتی لە ئێراندا" کە ماوەی زیاتر لە دوو مانگە لەو شوێنە بەردەوامە بەخێرهاتنی بەشداربووانی کرد و بەکورتی لەسەر هێرشی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر شاری مەهاباد و پێویستیی پاڵپشتی لە خەڵکی ئەو شارە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

پاشان دوکتور "خوسرەو بەهرامی"، "حوسەین خاڵخاڵ"، "وەهاب" و "محەممەد" بە پێشکەشکردنی وتار لەسەر هێرشی درندانەی ڕێژیمی ئێران بۆ سەر شارەکانی کوردستان بە تایبەت شاری مەهاباد و بەربەرەکانێی قارەمانانەی خەڵکی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان دژ بە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئێران، جیاوازیی هەڵسوکەوتی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە کوردستان و لە بەشەکانی ناوەندی ئێران، کەڵکوەرگرتن لە هەموو چەشنە چەکێک بۆ سەرکوتکردنی خەڵک لە کوردستان و هەروەها سەردانی "ئیسماعیل قائانی" فەرماندەی تێرۆریستی سپای قودسی ڕێژیم لە عێراق و باس لەگەڵ دەوڵەتی عێراق سەبارەت بە ئەحزابی کوردستانی ئێران و پەلامار بۆ سەر حیزبە کوردستانییەکان، بەشداریی هەموو چین و توێژەکانی کوردستان لە شۆڕشدا بە پێچەوانەی بەشی ناوەند کە زیاتر لە خوێندکاران و قوتابییان پیکدێت، پێویستیی بەشداریی زیاتری خەڵک لە ناوەند و پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان، هێنانە بەر باسی جیاوازیخوازی لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ تێکدانی یەکڕیزیی نێوان گەلانی ئێران و چەندان فڕ و فێڵی تری کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو مەبەستە وتاریان پێشکەش کرد.

لەو خۆپیشاندانەدا بە دەیان دروشم دژی کۆماری  ئیسلامیی ئێران دووپات کرایەوە.

خۆپیشاندانی بەر دەرکی باڵەخانەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هەموو ڕۆژێ لە کاتژمێر ٤ بۆ ٦ی ئێوارە بەڕێوە دەچێت.

ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە زۆرتر لە بواری مافی مرۆڤدا کار دەکەن و ئامانجیان ئەوەیە کە گوشار بخەنە سەر ڕێکخراوی مافی مروڤی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پێکهێنانی کۆبوونەوەی تایبەت لەسەر ئێران و پێکهێنانی هەیئەتێکی لێکۆڵەر لەسەر جینایەتەکانی ڕێژیم و هەروەها بەردەوامیی خۆپیشاندانەکە تا ئەو کاتەیە کە خەڵک لە ئێران لە شەقامدایە، بۆیە ئێمەیش داوا لە هاووڵاتییانی کوردی دانیشتووی ئوتریش بەتایبەت ئەندامانی حیزب دەکەین کە لە خۆپیشاندانەکاندا بە پێی کاتی دیاریکراو بەشدار بن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بۆ پشتیوانیی لە سەرهەڵدانی جەماوەری لە کوردستان، لە وڵاتی ئاڵمان خۆپیشاندانێک بەڕێوە چوو



**٣٠ی خەزەڵوەری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢١ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی چوارشەممە ٣٠ی ڕەزبەری ١٤٠١، خۆپیشاندانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران لە شاری "هامبۆرگ و برێمن"ی وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی ئاڵمان بە هاوبەشی لەگەڵ ناوەندی چالاکانی ڕێگەی ئازادیی ئێران لە شاری هامبۆرگ، ئەو خۆپیشاندانەیان بەڕێوە برد.

لە سەرەتادا "کەماڵ حەسەنپوور" بەرپرسی بەشی تەشکیلاتی کۆمیتەی حیزب پەیامی کۆمیتەی حیزبی بەو بۆنەوە بە زمانی فارسی پێشکەش کرد.

لە پەیامەکەدا باس لە شەهیدکرانی ژینا ئەمینی و دەسپێکردنی سەرهەڵدانی سەرتاسەری لە کوردستان و ئێران و هەروەها باس لەو مانگرتنە کرابوو کە ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو و خەڵک بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان، بێزاری و نەفرەتی خۆیان دژی ڕێژیم نیشان دا.

هەروەها لە پەیامەکەدا باس لە سەرهەڵدانی خوێندکاران لە زانکۆکان و یەکگرتوویی هەموو نەتەوەکانی نێو ئێران و هەموو حیزب و لایەنەکان کرابوو کە بۆ ڕووخاندنی ڕێژیم لە هەوڵدان.

لە درێژەدا "شەهریار نەقشبەندی" قسەی بۆ بەشداران کرد.

ناوبراو سەرەخۆشیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی بە هەموو بنەماڵەی شەهیدانی ڕاپەڕین ڕاگەیاند و هیوای چاکبوونەوەی بۆ بریندارانی خواست و وێڕای مەحکوومکردنی تاوانەکانی ڕێژیمی ئێران، وتی کە هەوڵەکانمان بۆ ڕووخانی ڕێژیم چڕتر دەکەینەوە.

هەر لەو پەیوەندییەدا داوای لە کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، وڵاتە ئازاد و دێموکراتیکەکان و سەرجەم ئازادیخوازان کرد کە دژی ڕێژیمی ئێران بوەستنەوە و باسی لەوە کرد کە ڕێژیمی ئێران نەک کوردستان بەڵکوو هەموو ئێرانی کردووەتە زیندان بەتایبەت بۆ نەتەوەکان.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## مانگی سەرماوەز = نۆڤەمبەر و دێسەمبەر

## خۆپیشاندانی کوردانی دانیشتووی وڵاتی سویس بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران



١ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٢ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

بەمەبەستی پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی کوردستان خۆپیشاندانێکی بەربلاو لە وڵاتی سویس بەڕێوە چوو.

لەماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە شاری "زوریخ" بە بەشداریی هەزاران کەسی کوردستانی، ئێرانی و سویسییەکان خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورە بۆ پشتیوانیکردن لە شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی کوردستان بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندەران بە ڕێپێوانێک بە ناو شاری زوریخدا دەستییان بە خۆپیشاندان کرد و بە وتنەوەی دروشم بە زمانەکانی کوردی و ئاڵمانی و فارسی درێژەیان بە ڕێپێوانەکە دا؛ خۆپیشاندەران پاش یەک کاتژمێر ڕێپێوان، گەڕانەوە بۆ مەیدانی "هێلڤێتیا پلاتس" لە ناوەندی شاری زوریخ و لەوێدا کۆمەڵێک وتار پێشکەش بە بەشداربووان کرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە سەرەتادا "زاهیر قادر حاجی" بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سویس وتارێکی پێشکەش کرد.

"قادر حاجی" لە وتارەکەیدا ئاماژەی بە دۆخی ئێستای شارەکانی کوردستان کرد و داوای لە هاووڵاتییانی کورد و ئێرانیی نیشتەجێی سویس کرد لە بەر ئەوەیکە ئێمە یەک دوژمنی هاوبەشمان هەیە ئەویش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، پێویستە بە یەکگرتووانە و وێڕای هەر جیاوازییەکی فیکری و سیاسی بەشداری لە خۆپیشاندانەکاندا بکەین.

خۆپیشاندانەکە دوای پێشکەشکردنی چەند وتار و کاری هونەری کۆتایی پێ هات.

---

## خۆپێشاندانێک بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو




٢ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٣ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٢ی سەرماوەز لە بەردەم باڵەخانەی شارەوانی کۆپێنهاگ خۆپێشاندانێکی جەماوەری بەرفراوان بەڕێوە چوو.

ئەم خۆپێشاندانە هاوکات بوو لە گەڵ ٦٨ەمین ڕۆژی خۆڕاگری و بوێریی خەڵکی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوەندی هاوکاری بە هەستکردن بە بەرپرسیایەتی لەهەمبەر ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەئارادایە و ڕۆژ نییە لە شارەکانی کوردستان خوێنی خەڵکی بێدیفاع نەڕژێ، لە هەمان کاتیشدا حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات نەکەونە بەر ڕەهێڵەی مووشەک و هێرشی درۆن لە وڵاتی دانمارک خۆپێشاندانێکی بەڕێوەبرد.

سەرەتا لەلایەن پێشکەشکارانی ئەم خۆپیشاندانە "نەزیرە" و "ئەحمەد ڕەحمانی" بە زمانی کوردی و فارسی بەخێرهاتنی بەشدارانی خۆپێشاندانەکە کرا و مەبەست لەم گردبوونەوەیان خستە ڕوو.

بەرنامەکانی ئەم خۆپێشاندانە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو:

- پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانی کوردی لەلایەن "عەلی میرخانی"
- پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانی فارسی لەلایەن "حوسێن مەحموودی"
- پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانی دانمارکی لەلایەن دکتۆر "سەعید سووڵتانپوور"
- پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە زمانی ئینگلیسی لەلایەن "بێریڤان بەدری"

لە درێژەی ئەم خوپێشاندانەدا وتاری ئەم لایەنانەش خوێندرانەوە؛

- وتاری حیزبی خەڵکی بەلووچستان لەلایەن "محەممەد کەدخودایی"
- وتاری حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لەلایەن "ئەسعەد خزری"
- وتاری کۆمیتەی پشتیوانی لە زیندانییانی سیاسی لەلایەن "عەلی ئازاد"
- وتارێک بە زمانی دانمارکی لەلایەن ڕەئوف حەسەنزادە چالاکی سیاسی
- وتاری کمیتە پشتیبانی از انقلاب ایران در دانمارک لەلایەن خاتوو لیدا
- وتاری پارتی ئازادیی کوردستان لەلایەن بیژەن



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بەڕێوەچوونی سمینارێک لەسەر شۆڕشی ژینا لە فینلاند




**٣ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٣ی سەرماوەز سمینارێک لە ژێر ناوی "ڕاپەڕینی ئێران بە چ هۆیەک" لەلایەن سۆسیال دێموکراتەکانی شاری "تورکوو"ی فینلاند بەڕێوە چوو.

لەو سمینارەدا کە بە بەشداریی ژمارەیەک لە خەڵکی فینلاند و کوردانی دانیشتووی تورکوو بەڕێوە چوو سەرەتا لە لایەن بەڕێز "میکا ماسکۆلا" سەرۆکی سۆسیال دێموکراتەکانی هەرێمی تورکوو کرایەوە و بە کورتی وێڕای باسی کوژرانی ژینا ئەمینی لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە کورتەباسێکی لەسەر ڕاپەڕینی نەتەوەکانی ئێرانی پێشکەش کرد.

دواتر وتارێک لەلایەن جەلال فاتمی جێگری پێوەندییەکانی نێونەتەوەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە فینلاند پێشکەش کرا.
فاتمی لە وتاری خۆیدا وێڕای ئاماژە بە شۆڕشی ژینا، کورتەباسێکی لەسەر ویست و داخوازەکانی خەڵکی کوردستان و خەباتی گەلی کورد لە پێناو دێموکراسی و دیاریکردنی مافی نەتەوایەتی لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فێدراڵدا پێشکەش کرد.



https://serchawe.com

بەشی دیکەی سێمینارەکە بریتی بوو لە پێشکەشکردنی وتارێکی زانستی لەمەڕ هۆیەکانی شۆڕشی ژینا لەلایەن دوکتور "مەجید حەقی"یەوە.

ناوبراو لە وتاری خۆیدا سەرەتا ڕۆژژمێری سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ژینای هێنایە بەرباس و دوایە بە وردی لە سەر ئاپارتایدی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دژی نەتەوە بندەستەکان و ژنانی هێنایە بەر باس و بە شیکردنەوەی ماددەکانی یاسای بنەڕەتیی ئێران و فتواکانی خومەینی و خامنەیی هۆیە مێژوویی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییەکانی شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادیی شی کردەوە.

ناوبراو لە بەشی کۆتایی وتارەکەیدا لەو بڕوایەدا بوو کە "ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەبێتە هۆی گەڕاندنەوەی ئاشتی و سەقامگیری لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و دەبێتە کۆتایی تێرۆریزم و ئیسلامی سیاسی لە چەشنی ڕێژیمی ئێران." و "شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و لەوانەیە لە جیهان یەکەم شۆڕشی فێمینیستی و ژنانەیە کە ئامانجەکەی وەدیهێنانی یەکسانی، ژیانێکی شکۆمەندانە و ئازادی و ڕێزگرتن لە شکۆی مرۆڤە." و "کۆماری ئیسلامی نە تەنیا مەترسییە لەسەر نەتەوەکانی ئێران بەڵکوو بەهۆی پشتیوانی چالاکانەی ئەو ڕێژیمە لە شەڕی ڕووسیە دژی ئۆکراین و فرۆشی درۆنەکان هەڕەشەیەکی جیددییە دژی یەکیەتیی ئورووپاش ."

دوای قسەکانی ناوبراو بەشداران بە پرسیار و سەرنجەکانی خۆیان ناوەرۆکی بەرنامەکەیان دەوڵەمەند کرد.

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بەشداریی ئەندامانی حیزب لە ڕێوەڕەسمی ٢٥ی نۆڤامبر لە شاری سۆفیای بولغاریا



**٤ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە وڵاتی بولغاریا، بەشدارییان لە ڕێوەڕەسمی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان کرد.

ئێوارەی ڕۆژی هەینی ٤ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٢٥ی نۆڤامبر، کاتژمێر ٦:٣٠ خولەکی ئێوارە، بە هەوڵی ڕێکخراوەکانی بەرگریکاری مافی ژنانی بولغاریا، ڕێوەڕەسمی ڕۆژی جیهانیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە ژێر ناوی «ژن، ژیان، ئازادی» بە بەشداریی چالاکانەی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سەنتەری شاری سۆفیا، بەرانبەر بینای دادگای گشتیی ئەم وڵاتە بەڕێوە چوو.

لەم ڕێوەڕەسمەدا ژمارەیەکی زۆر لە چالاکانی مافی ژنان و کەسایەتییە سیاسییەکانی وڵاتی بولغاریا و لەوانە "کیریل پێتکۆف"، سەرۆکوەزیرانی پێشوو بەشدار بوون و ١٦ کەس لێدوانیان دا.

دوای پێشکەشکردنی پەیامی بەڕێوەبەریی ڕێوەڕەسمەکە، خاتوو "فەرەنگ محەممەدی"، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێران، باسێکی سەبارەت بە شۆڕشی ژینا، پێشینەی دروشمی ژن، ژیان ئازادی، خەباتی ژنانی کورد و مێژووی دامەزراندنی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێشکەش کرد و باسی لەوە کرد کە خەباتی یەکسانیخوازی هەمیشە بەشێک لە خەباتی نەتەوەیی گەلی کورد بووە.

پاشان خاتوو "هانا بەهرامی"، ئەندامی حیزب، باسێکی سەبارەت بە دۆخی ژنان لە ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا کرد. بەهرامی باسی لە پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی ژنان لەلایەن یاسا و سیستەم و دەسەڵات و هەروەها هەڵاواردن و ستەم بەرانبەر بە ژنان  لە ئێران و کوردستان کرد و وتی: خەباتی ژنان بەرەو پێشە و تا وەدیهاتنی مافەکانی ژنان بە تەواوەتی درێژەی دەبێت.

---

## بەردەوامی و درێژەی خۆپیشاندانەکان لە وڵاتی بریتانیا



٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، خۆپیشاندانێکی بەربڵاو لە شارەکانی بریتانیا بەڕێوە چوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژی شەممە ٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات و بەشێک لە ئازادیخوازانی بەلووچستان و ئێرانییانی دانیشتووی وڵاتی بریتانیا، خۆپیشاندانێک لە شارەکانی لەندەن، نیووکاسێل و مەنچێستێر بەڕێوە چوو.

لە شاری لەندەن لە مەیدانی تافالگاری ئەو شارە خۆپێشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو. لە شاری نیووکاسێل خۆپێشاندانێکی بەرین لە بەردەم بینای "بی بی سی"ی ئەو شارە بەڕێوە چوو و هەروەها لە شاری مەنچێستێریش خۆپیشاندانێک لە سەنتەری شار بەڕێوە چوو.

جێگای ئاماژەیە کە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەش بە بێ جیاوازیی ئاڵا و تەنیا بۆ پشتیوانی لە ئێران و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

---

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندان لە شارەکانی ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی کوردستان و ئێران



٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٥ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

لە درێژەی خۆپیشاندانەکان لە دەرەوەی وڵات بۆ پشتیوانیی لە شۆڕشە مەزنەکەی کوردستان و ئێران لە چەندین شاری وڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئاڵمان، خۆپیشاندانی بەربڵاو دژی ڕێژیمی ئێران بەڕێوەچوو.

ڕۆژی شەممە ٥ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، لە درێژەی خۆپیشاندانەکانی دەرەوەی وڵات، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە هاوکاریی چەند حیزب و چالاکانی سیاسیی ئێرانی و ئاڵمانی لە شارەکانی هامبۆرگ، برێمن و فرانکفۆرت بە مەبەستی پشتیوانی لە سەرهەڵدانەکانی کوردستان و ئێران کە نزیک بە سێ مانگە درێژەی هەیە، خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد و پەیامی ناوەندی هاوکاری بە بۆنەوە خوێندرانەوە.

لەو خۆپیشاندانەدا بە هەزاران کەس لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرجەم هێزە خەباتکارەکانی نەتەوە جیاجیاکانی ئێران بەشدار بوون و پشتیوانیی خۆیان بۆ خەباتی ڕەوای گەلانی ئێران و بەتایبەت کوردستان و بەلووچستان دووپات کردەوە.

لە شاری هامبۆرگی ئاڵمان پەیامی ناوەندی هاوکاری لەلایەن کەماڵ حەسەنپوور ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە. لەو پەیامەدا وێڕای ئاماژەدان بە خۆپیشاندانەکان لە کوردستان و ئێران، ئەنجامدانی تاوانی شەڕ لەلایەن هێزە تێرۆریستییەکانی ڕێژیم لە کوردستان و بەلووچستان و مێلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان، باس لە دەستدرێژییەکانی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە بۆ سەر حکوومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق و پەلاماری بنکە و کەمپەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کرابوو.

لە بەشێکی دیکەی پەیامی ناوەندی هاوکاریدا، یەکگرتنەوەی هەر دوو حیزبی سەرەکیی کوردستان واتا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێرانی لەخۆ گرتبوو و هەروەها هاتبوو کە:" لە کاتێکدا ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی قارەمانی کورد تووشی شکست بووە و بۆ داپۆشینی شکستەکانی لەلایەک بە مووشەک و درۆن هێرش دەباتە سەر حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەلایەکی دیکەوە بە تۆمەت لێدان لە حیزبەکان و سەرکوتی خەڵکی ڕاپەڕیو و مێلیتاریزەکردنی کوردستان هەوڵ دەدات، کە گەلی کورد لە ناوخۆی وڵات، لەسەر شەقام وڵامی پێویستی پێ داوەتەوە. هەروەها لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا و لە ٢٦ـەمین کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستی جیهانی، ڕێز لە خەباتی بێوچانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران گیرا، یەکگرتنەوەی دوو حیزبی سەرەکی، پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لە ناوەندی هاوکاری و ڕێزگرتن لە خەباتی حیزبی دێموکرات وڵامێکی شیاون بۆ فڕوفیشاڵە درۆیینەکانی ڕێژیمی تیرۆریستیی کۆماری ئیسلامی."



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## لە ڤانکۆڤێری کانادا پشتیوانی لە ڕاپەڕینی کوردستان و ئێران کرا



٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی ٦ی سەرماوەز لە ڤانکۆڤێری کانادا خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەرینی گەلانی ئێران و بەتایبەت گەلی کورد بەڕێوە چوو.

کومیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یەکێک لە بەڕێوەبەرانی سەرەکیی ئەم بەرنامەیە بووە.

خاتوو "شادی" بە وتنەوەی چەندین دروشمی کوردی و فارسی بەرنامەکەی دەست پێ کرد و پاشان "سوهراب کەریمی" وتارێکی لەسەر ئێران بە گشتی پێشکەش کرد.

بەشی دووهەمی بەرنامەکە بە ژەنینی چەند پارچە موزیکی کوردی لەلایەن "سابات خان" و خوشکی دەوڵەمەندتر کرا.

"کەیومەرس بەیگی" بابەتێکی لەسەر دۆخی کوردستان و خۆڕاگریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بە بەشداربووان کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

چەندین پەیام لەلایەن لاوانی خوێنگەرمی کورد، هەڵمەت، فایزە و ژینۆ بۆ خەڵکی بەشداربوو لەم بەرنامەیە خوێندرایەوە.

کۆتایی بەرنامەکە بە دروشمدان دژی ڕێژیمی جینایتکاری ئاخوندی و بۆ خوڕاگریی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان گوترایەوە.

---

## خۆپیشاندانی کورد و ئێرانییانی دانیشتووی کانادا بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران



٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

کورد و ئێرانییانی دانیشتووی بریتیش کۆلۆمبیای کانادا، بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی، لە بەردەم ئارتگەلەریی ڤانکۆڤێر، خۆپیشاندانی ناڕەزایەتییان بەڕێوە برد.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی کانادا، بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و ئێران، لە ئارت گەلەریی ڤانکۆڤێر کۆبوونەوە و بە خوێندنەوەی چەند وتارێک داوای پشتگیری لە خۆپێشاندەرانی ئێران و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد و پشتیوانیی خۆیان بۆ شۆڕشی سەرانسەریی گەلانی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی دەربڕی.

لەو خۆپیشاندانەدا، زۆربەی ئەوانەی وتاریان پێشکەش کرد، بە جلوبەرگی کوردییەوە داوای پاڵپشتیی زیاتریان لە ئەندامانی پارلەمان و حکوومەتی کانادا کرد بۆ خۆپیشاندانەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دواتر خۆپێشاندەران بە هاوکاریی پۆلیسی شاری ڤانکۆڤێر ڕێپێوانێکی بەربڵاویان بەڕێوە برد و و بەردەوام داوای پاڵپشتییان لەو وڵاتە کردووە کە پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان بکەن.

---

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی بە مەبەستی پشتیوانی لە شۆڕشە مەزنەکەی کوردستان لە وڵاتی سوئید



٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٦ی نۆڤەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

لەدرێژەی خۆپیشاندانەکان دژی ڕێژیمی ئێران لە دەرەوەی وڵات و پشتیوانی لە شۆڕشە مەزنەکەی گەلانی ئێران بەتایبەتی کوردستان، خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتیی بەربڵاو لە شاری "ستۆکهۆڵم"ی وڵاتی سوئید بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژی یەکشەممە ٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، لە شاری ستۆکهۆڵم بە دەستپێشخەریی ژنانی کورد لە تاراوگە و یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە کوردستانییەکان، ڕێپێوانێکیان بۆ مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەرحەق بە خەڵکی مافخوازی ئێران و کوردستان بەڕێوە برد.

شایانی باسە ڕێپێوانەکە لە کاتژمێر یەک و سی خولەکی پاشنیوەڕۆ لە گۆڕەپانی (هومێل گۆردن) بە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی، مردن و نەمان بۆ دیکتاتۆر، بەرەو (سیرگێلس تۆری) بەڕێکەوتن و لەوێش چەندین پەیام و وتە لەلایەن نوێنەرایەتیی هێزە سیاسییەکانی کوردستانی و سوئیدی و هاوکات ئەندامێکی پارلەمانی سوئیدەوە پێشکەش کران.

---

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی بەربڵاو لە وڵاتی ئۆسترالیا بۆ پشتیوانیکردن لە شۆڕشی گەلانی ئێران



١٢ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتی ئوسترالیا بەمەبەستی پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران، خۆپیشاندانێکیان لەو وڵاتە بەڕێوە برد.

لەو خۆپیشاندانەدا وێڕای دانانی دەیان وێنەی شەهیدانی ڕاپەڕینی "ژینا" چەندین سروودی کوردی و فارسی و وتار بە



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

زمانەکانی ئینگلیزی، فارسی و کوردی پێشکەش کران.

چەند سێناتۆر و پارلمانتاری پارلمانی ئۆستralیا هاتنە ناو خۆپیشاندانەکە و وتاری کورتیان پێشکەش کرد و لە وتارەکانیاندا بە ڕاشکاوانە ڕایانگەیاند کە دەوڵەتی ئۆستralیا دەبێت بە زووترین کات هەنگاوی پێویست بە دژی ئێران هەڵبگرێت و گەمارۆی ئابووری بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران.

**ئەو سێناتۆرانەی کە لەو خۆپیشاندانەدا وتاریان پێشکەش کرد بریتی بوون لە:**

تیم وەتس یاریدەدەری وەزارەتی دەرەوەی ئۆستralیا لە حیزبی کار
سێناتۆر کلێە چاندڵە لە حیزبی لیبڕاڵ
سێناتۆر سایمێن بیریمانگهەم لە حیزبی لیبڕاڵ
سێناتۆر دەیڤید ڤەن لە حیزبی لیبراڵ
سێناتۆر ئەلیشا پێین لە حیزبی کار
سێناتۆر دەیڤید شۆبریج سەربەخۆ
سێناتۆر کیلیا تینک سەربەخۆ
هەروەها وتاری خاتوو تارا فاتحی و شەهلا پەیرەوان بە ئینگلیزی پێشکەش کرا.

لە درێژەی پەیامەکاندا کیژی ١١ ساڵە میلیسا سەراجی پوور، بابەتێکی بە زمانی کوردی و ئینگلیزی پێشکەش کرد و پاشان خۆپیشاندەران بەرەو باڵویزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کانبێرا وەڕێ کەوتن و کاتژمێر ٣ی دوانیوەڕۆ تا ٥ی ئێواریٚ لەبەر دەرگای باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی خۆپیشاندانێکی گەورەیان بەڕێوە برد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕێپێوانێک لە نیووزلەند بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا بەڕێوە چوو



**١٢ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کوردان و ئێرانییانی دانیشتووی وڵاتی نیووزلەند بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا و دڵگەرمیی خەڵک بۆ بەردەوامبوون لە خۆپیشاندانەکان ڕێپێوانێکیان بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە ١٢ سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، بە هاواهەنگیی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەندێک لە ڕێکخراو و ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتی نیووزلەند لە شاری "ئۆکلەند" ڕێپێوانێکی بەرین بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو.

لەو ڕێپێوانەدا جەلال خاڵخاڵ بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی نیووزلەند وتارێکی کورتی پێشکەش بە بەشداربووان کرد. ناوبراو ئاماژەی بە دروشمی شۆڕشی ژینا، واتە "ژن، ژیان، ئازادی" کرد کە لە کوردستان و گوتاری ئازادیخوازانەی کوردەوە سەرچاوەی گرتووە و پێداگرە لە سەر پاراستنی مافی ژیان و ئازادی بۆ هەموو مرۆڤەکانی ئێران بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەشداربووان بە هەڵگرتنی ئاڵای کوردستان و ئاڵای باقی نەتەوەکان ئازادانە لەو ڕێپێوانەدا کە ٢ کاتژمێری خایاند پشتیوانیی خۆیان بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران دەربڕی.

---

## بەڕێوەچوونی چالاکییەک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە دانمارک




**١٢ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

"یەکگرتوویی پشتیوانی لە ڕابوونی گەلانی ئێران" بۆ پشتیوانی لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا کە لە چەند مانگی ڕابردوو لە کوردستان و سەرانسەری ئێراندا دەستی پێ کردووە چالاکییەکیان بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە ١٢ی سەرماوەز بەرانبەر بە ٣ی دێسامبری ٢٠٢٢ی زایینی، کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ چالاکییەک لە ناوەندی شاری ئارهووسی وڵاتی دانمارک بە مەبەستی ناساندنی زیاتر و ڕاکێشانی بیروڕای گشتیی هاووڵاتییانی دانمارکی بۆ پشتیوانیی لە شۆڕشی گەلانی ئێران بە بەشداریی ئەندامانی بەڕیوەبەریی یەکگرتوویی پشتیوانی لە ڕابوونی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو.

سەربەست ئورمییە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ئەم چالاکییە مەبەستی سەرەکیی ئەم چالاکییەی بەرفراوانکردنی بەستێن بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چالاکییەکانی داهاتوویان، تێگەیاندن و هاندانی بیرورای گشتیی هاوڵاتییانی دانمارک بۆ پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان ناو برد و وتی بۆ ئەوەی کە لە هەر دەرفەتێکدا کە بۆیان دەرەخسێت و بە شێوەیەک کە لە تواناییاندا بێت، بتوانن بۆ پشتیوانیکردنیان ببن بە دەنگی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران، کوردستان و بەلووچستانی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی تێرۆریستیی ئیسلامیی ئێران.

هەر بۆیەش هەوڵیان داوە کە بە ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی بروشورێک بە زمانی دانمارکی، ڕاپۆرتێکی گشتی لەسەر ڕەوشی گەلانی ئێران لەژێر سێبەری دەسەڵاتی ڕێژیمی ئاخوندیدا و هۆکاری سەرهەڵدانی گەلان لە دژی ئەم ڕێژیمە، پێشکەش بە شارۆمەندانی هەرێمی چالاکییەکەیان بکەن.

لەو بروشورەدا باس لە ئاستی دڕندەیی و سەرکوتی خەڵکی ناڕازی لەلایەن ڕێژیمەوە کراوە و ئاماژە بە ڕێژە و ڕەگەزی شەهیدانی ئەم سەرهەڵدانە بەتایبەتی و ڕێژەی شەهیدانی کەم تەمەن بە جیا کراوە. هەروەها لە بەشێک لە ڕاپۆرتەکەدا کۆمەڵێک ڕێکار بۆ پشتیوانیی هاوڵاتییانی دانمارکی لەم سەرهەڵدانە پێشنیار کراون.

لەو چالاکییەدا بە دانانی تابلۆیەک لە وێنەی شەهیدانی سەرهەڵدان، هەوڵ دراوە کە ڕا و سەرنجی شارۆمەندان زیاتر ڕابکێشرێت.

لە درێژەی ئەم چالاکییەدا وێڕای بڵاوکردنەوەی بروشوری ئامادەکراو لەنێو خەڵکدا، هەوڵ درا کە بە شێوەیەکی ئامانجدار و بەگوێرەی پێویست وڵامی پرسیارەکانی هاووڵاتییان بدرێتەوە و داوایان لێ بکرێت کە لە چالاکییەکانی داهاتوودا پشتیوان و هاودەنگی یەکگرتوویی پشتیوانیی لە ڕابوونی گەلانی ئێران بن.

لەنێوئاخنی چالاکییەکەدا بەشداربووان کۆمەڵێک سروودی دانمارکییان وتەوە.

چالاکییەکە بە پێشکەشکردنی شانۆیەک لەلایەن گرووپی شانۆکارانی ناڕازی کۆتایی پێ هات.


سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لە وڵاتی فەرانسە بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی گەلانی ئێران




١٣ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

خۆپیشاندانێک لەسەر بانگهێشتی ناوەندی پشتیوانی لە خەباتی گەلی ئێران . پاریس بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە شاری پاریسی پێتەختی وڵاتی فەرانسە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی "ناوەندی پشتیوانی لە خەباتی گەلی ئێران - پاریس" کاتژمێر ٣ی پاشنیوەڕۆ لە شاری پاریس لە گۆڕەپانی ڕێپوبلیک خۆپیشاندانێکی نارەزایەتی دژ بە درندەییەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و بۆ پشتگیری لە شۆڕشی گەلانی ئێران بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بەڕێوە چوو.

لەم خۆپیشاندانەدا نوێنەرانی چەپ و حیزب و ڕێکخراوە دێموکراتەکانی فەرانسە پێکەوە پەیامی پشتیوانی لە داخوازییەکانی گەلانی ئێرانیان بە زمانی فەرانسەوی خوێندەوە و هەروەها وتارێکی تێروتەسل لەلایەن نوێنەری ئامنێستی ئینتێرناسیۆناڵ پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لە درێژەی خۆپێشاندانەکەدا سەرجەم ئەو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانەی کە بۆ ئازادی، دێموکراسی و یەکسانی خەبات



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکەن وێڕای پشتیوانیی دووبارە لەو بانگەوازە خوازیاری هەڵوێستی سیاسی و دێموکراتیکیان لە هەموو ئەو هاونیشتمانیانە کرد کە پابەند بە ڕزگاری بۆ گەلانی ئێرانن.

هەروەها داوا کرا بە بەشداریکردن لەم جۆرە ڕێپێوانانەدا دەنگی خەڵکی ئێران بن و کوشتار و تاوانکارییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیاتر زەق بکەنەوە.

ئەم حیزب و لایەنانەی کە لەم خۆپێشاندانەدا بەشداربوون بریتین لە:

- "ناوەندی پشتیوانی لە خەباتی گەلی ئێران،
- حیزبی چەپی ئێران (فدائیان خلق) - فەرانسە،
- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران - فەرانسە،
- ڕێکخراوی ئیتحادی فدائیان خەلق ئێران - فەرانسە،
- کۆمەڵەی کوردانی پاریس، فەرهەنگسەرای پوویا - پاریس.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەڕێوەچوونی سێمینارێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە نۆرویژ



۱۳ی سەرماوەزی ۱٤۰۱ی هەتاوی = ٤ی دێسەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

کلیسای ئاشتی و دۆستایەتی لە ئۆسلۆ سێمینارێکی بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندانی گەلانی ئێران بەڕێوە برد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ۱۳ی سەرماوەزی ۱٤۰۱ی هەتاوی، کلیسای "ئاشتی و دۆستایەتی" لە ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆرویژ سێمینارێکی بۆ پشتیوانی لە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران و مافی مرۆڤ بەڕێوە برد.

لەو سێمیناردا بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی، ئێرانی و نۆرویژی بەشدار بوون و پشتیوانییان لەو هەنگاوەی کلیسای "ئاشتی و دۆستایەتی" کرد.

ئامانجی سەرەکیی کلیسای "ئاشتی و دۆستایەتی" لە پێکهێنانی ئەو سێمینارە کە یەکێک لە کلیسا سەرەکییەکانی ئۆسلۆیە بریتی بوو لە: "ڕاگرتنی ئێعدام و کوشتنی منداڵان لە ئێران، ڕاگرتنی ڕەشبگیری و کوشتاری بێڕەحمانەی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بەتایبەتی لە کوردستان و بەلووچستان، کۆتاییهێنان بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، ئازادکردنی هەموو دەسبەسەرکراوانی خۆپیشاندان و زیندانییانی سیاسی لەنێو زیندانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پشتیوانی لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مافی ژنان و دروشمی ژن، ژیان، ئازادی."

لەو سێمینارەدا ژمارەیەک کەسایەتی و ڕێکخراوی مەدەنیی نۆرویژی بەشدار بوون و بەو بۆنەوە پەیام و لێدوانیان دا کە ناوەرۆکی هەموو باسەکان لەسەر شۆڕشی ژینا، پشتگیری و پشتیوانی و هاودەردی لە گەلانی ئێران بەتایبەتی دوو گەلی کورد و بەلووچ بوو.

لە درێژەی باسەکانیاندا وێڕای مەحکووم‌کردنی جینایەتەکانی ڕێژیم لە ئێران بەگشتی و لە کوردستان و بەلووچستان بەتایبەتی داوای ئازادکردنی دەسبەسەرکراوان و زیندانییانی سیاسییان کرد.

ئەو کەسایەتی و ڕێکخراوانەی کە پەیامیان پێشکەش کرد بریتی بوون لە:

- سەلیم حەقیقی، باوکی شەهید میلان حەقیقی کە لە شنۆ شەهید بوو.
- ڕەیحان ئەعزەمی، خوشکی شەهید جەماڵ ئەعزەمی کە لە جوانڕۆ شەهید بوو.
- ئاننە مای گراسۆس، کەشیشی کلیسا
- پەیامی کۆمیتەی نۆرویژی ـ ئێرانی و حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی لەلایەن ئەوین ڕۆستەمی
- پەیامی حامید ئیسماعیلیوون، نوێنەری بنەماڵەی کوژراوانی فڕۆکەی ئۆکراینی کە بە مووشەکی سپای تێرۆریستیی پاسداران کەوتە خوارەوە.
- جمعیت ایرانیان نۆرویژ لەلایەن بێهروز ساکی
- ڕێکخراوی منداڵپارێزی نۆرویژ لەلایەن مونیکا سیگۆرد
- کۆمیتەی هێلسینک کە بۆ مافی مرۆڤ کار دەکا لەلایەن بێرحت هاگێن ئاگۆی.

لەو سێمینارەدا چەند سروودی کوردی و فارسی پێشکەش کران کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی بەشداربووان بەرەوروو بووەوە. هۆڵی کلیسا بە وێنەی بەشێک لە شەهیدانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران ڕازابووە کە سەرنجی بەشدارانی نۆرویژی ڕاکێشابوو. لە کۆتایی سیمینارەکەدا بەشداربووان بە هەڵکردنی مۆم، یادی شەهیدانی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانیان بەرز ڕاگرت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە کانادا بەڕێوە چوو



١٣ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

کۆمیتەی حیزبی دێموکرات و ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتی کانادا، خۆپیشاندانێکیان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و هەروەها دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە برد.

ڕۆژی یەکشەممە ١٣ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاریی نەتەوەکانی دیکەی ئێران نیشتەجێ لە وڵاتی کانادا و لە شاری ڤانکۆڤێر، خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان بەمەبەستی پشتیوانی لە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و بەتایبەتی کوردستان و هەروەها دژی ڕێژیمی ئاخوندی بەڕێوە برد و چەندین پەیام و وتاریان لە خۆپیێشاندانەدا پێشکەش کرد.

ئێرانییەکان و بەتایبەت کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی کانادا بە دروشمدان و ڕێپێوان لە شوێنی خۆپیشاندان تا ناوەندی شار و گەڕانەوە بۆ شوێنی سەرەکیی بەڕێوەچوونی بەرنامەکە بە خەڵکی کانادایان نیشان دا کە ئەوان لە دەرەوەی وڵات پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دەکەن.

بەشێکی دیکەی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ خەڵکی ئۆکراین، بۆ پشتیوانی لە ڕاپەرین لە ئێران و بۆ مەحکوومکردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە بە ناردی درۆن و مووشەک بۆ ڕووسیە بووەتە هۆی کوشتنی خەڵکی مەدەنیی لەو وڵاتە.

لەو خۆپیشاندانەدا چەندین کەسایەتیی کانادایی بە خوێندنی وتار پشتیوانیی خۆیان بۆ خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران دەربڕی. بەرنامەکە بە وتنەوەی دروشمی دژی ڕێژیم و بەتایبەت بۆ پشتیوانی لە خەڵکی کوردستان بە وتنەوەی سروودی ئەی شەهیدان لەلایەن  کوردانی بەشداربوو کوتایی پێهات.

---

## لە زانکۆیەکی وڵاتی دانمارک باس لە خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێران کرا




**١٧ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە یەکێک لە زانکۆکانی شاری کۆپێنهاگی وڵاتی دانمارک باس لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و دوو نەتەوەی ڕاپەڕیوی کورد و بەلووچ بەتایبەتی کرا و هەروەها  تیشک خرایە سەر پەیوەستبوون و ڕۆڵی ژنان لەو ڕاپەڕینەدا.

ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٧ی سەرماوەز بەرانبەر بە ٨ی دێسامبری ٢٠٢٢ی زایینی، لە یەکێک لە زانکۆکانی شاری کۆپێنهاگی وڵاتی دانمارک لەلایەن ڕاسموس ئێلینگ پرۆفیسۆری یاریدەدەر لەو زانکۆیە و هەژار دەشتی ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات و هەروەها بەرپرسی بەشی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزبی دێموکراتی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستانی ئێران لەو وڵاتە، لەسەر خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێران گفتوگۆیەک پێک هات.

سەرەتا بەیار ڕزگار لەلایەن ڕێکخراوی "سیلبا" کە ڕێکخراوێکی ناحکوومی بۆ پشتیوانی لە پرۆسەی دێموکراسییە وێڕای بەخێرهێنانی هەر دوو کۆڕگێڕ، ئامانج لە پێکهێنانی ئەم کۆڕەی بۆ بەشداربووان خستە ڕوو و هەروەها تیشکی خستە سەر دوایین ڕووداوەکانی ئێران و کوردستان.

دواتر ڕاسموس ئیلینگ پرۆفیسوری یاریدەدەر لە زانکۆی کۆپێنهاگ باسێکی لەسەر شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی پێشکەش کرد و وێڕای شیکردنەوەی جیاوازییەکانی ئەو ڕاپەریندە لەگەڵ ڕاپەرینەکان و خۆپێشاندانەکانی پێشوو وتی، لەمە بەدواوە ئیتر لە ئێران سیاسەت وەک سێ مانگ لەمەوپێش بەڕێوە ناچێت.

لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بە ڕۆڵی ژنان و هەروەها بەهێزبوونی ڕاپەرینی خەڵک لە کوردستان و بەلوچووستان کرد. ناوبراو بەهێزبوونی ڕاپەرینی خەڵکی لە کوردستان و بەلووچستان بۆ خەباتی لەمێژینەی ئەو دوو نەتەوەیە گەڕاندەوە.

دواتر هەژار دەشتی لەسەر ڕاپەرینی نوێی گەلانی ئێران و بەتایبەتی شارەکانی کوردستان باسێکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە باسەکەیدا وێڕای ناساندنی حیزبی دێموکرات و خەباتی هێز و لایەنە سیاسییەکان لە کوردستان ئاماژەی بە ڕۆڵ و کاریگەریی ئەو حیزب و لایەنانە کرد کە بوونەتە هۆی ئەوەیکە ئەو ڕاپەرینە لە کوردستان زۆر بەهێزتر بێت.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی باسەکەیدا ئاماژەی بە ئاماری شەهید و برینداربووان و هەروەها دەسبەسەرکراوان لە کوردستان کرد کە ئەو ئامارە لە کوردستان بەنیسبەت شارەکانی ناوەند زۆر زیاترە.

هەژار دەشتی لە وتەکانیدا باسی لەوە کرد کە ئامانجی کوردەکان ئەوەیە کە مافی نەتەوایەتییان لە چوارچێوەی ئێرانێکی فێدراڵی دێموکرات دابین بکرێت و هەروەها ئاماژە بە گرینگیی هاوخەباتی نەتەوەکانی ئێرانی بۆ سەرخستنی ئەو شۆڕشە کرد.

لە بەشی کۆتاییدا هەر دو کۆڕگێڕ بە تێروتەسەلی وەڵامی پرسیاری بەشداربووانی ئەو کۆڕەیان لەسەر دوایین ڕەوشی ئێران و کوردستان دایەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لەشاری"ئارهووس"ـی وڵاتی دانمارک



**١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

یەکگرتوویی پشتیوانیی لە ڕابوونی گەلانی ئێران، بە مەبەستی پشتیوانیی لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ئێران و کوردستان خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان لە شاری ئارهووس لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە برد.

دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە، ١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپیشاندانێک لەلایەن یەکگرتوویی پشتیوانیی لە ڕابوونی گەلانی ئێران لە شاری ئارهووس لە وڵاتی دانمارک بە مەبەستی پشتیوانیی لەگەلانی ڕاپەڕیوی ئێران بەڕێوەچوو.

سەرەتای خۆپیشاندانەکە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

پاشان بە دانی دروشمی شۆڕشگێڕی لەلایەن هەژار دەشتی و خاتوو لەیلا حیسام شەریعەتی بەرنامەی کاری و مەبەست لە خۆپیشاندان بە زمانەکانی کوردی، فارسی و دانمارکی ڕاگەیاندرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دواتر پەیامی یەکگرتوویی پشتیوانیی لە ڕابوونی گەلانی ئێران بە زمانی دانمارکی لەلایەن خاتوو هۆنیا ئازەربار و بە زمانی ئازەری لەلایەن شاهین سادقی خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم خۆپیشاندانەدا لەلایەن سەربەست ئورمیە بە زمانی کوردی و مێهرداد ڕەزایی بە زمانی فارسی پەیامی یەکگرتوویی پشتیوانیی لە ڕابوونی گەلانی ئێران پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی کەمپەینی پشتیوانیی لە زیندانییانی سیاسی کورد کە چارەنووسیان لە سیاچاڵەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ناروونە، لەلایەن خاتوو لەیلا حیسام شەریعەتی پێشکەش کرا.

لە بڕگەی کوتاییدا لەلایەن بەڕێوبەریی خۆپێشاندانەوە ڕێز لە کاک شەهاب ئەحمەدی گیرا کە بۆ پشتیوانیی لە شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی، مەودای ٥٥ کیلۆمیتر تا شوێنی بەڕێوەچوونی خۆپێشاندان بە هەڵاتن هاتبوو.

نێوئاخنی خۆپێشاندان بە پارچە شێعرێک لەلایەن "نەورۆز کوردستانی" و سروودێکی شۆڕشگێڕی لەلایەن" یەدی چراغی" و هەروەها چەندین سروودی شۆڕشگێڕی و موزیک بە زمانەکانی کوردی، ئازەری، فارسی، لوڕی و بەلووچی خەملێندرابوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## لە نۆرویژ خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانیی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو



**١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٠١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی نۆرویژ خۆپیشاندانێک بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپیشاندانێکی جەماوەری لە گۆڕەپانی شارەوانیی شاری ئوسلۆ بۆ پشتیوانیی لە شۆڕشی ژینا و مەحکوومکردنی جینایەت، گرتن و کوشتنی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران بەرانبەر بە خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران بە گشتی و کوردستان و بەلووچستان بە تایبەتی بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندانەکە هاوکات بوو لەگەڵ ڕۆژی جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێورەسمی بەخشینی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل لە شارەوانیی ئۆسلۆ.

لە کاتی خۆپیشاندانەکدا میوانەکانی ئەو ڕێورەسمە بە بەردەم خۆپێشاندەراندا تێپەر دەبوون کە بریتی بوون لە باڵوێزی وڵاتان، کەسایەتییە سیاسی و جیهانییەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خۆپیشاندەران خوازیاری کۆتاییهێنان بە ئێعدام و کوشتنی خەڵکی ناڕازی و هەروەها ئازادکردنی هەموو بەندکراوانی سیاسی بە تایبەتی ئەو کەسانەی کە لە ماوەی ئەو سێ مانگە و لە درێژەی خۆپیشاندانەکاندا دەسبەسەر کراون.

بەشێک لە دروشمی بەشداربووانی گۆڕەپانەکە بۆ داکۆکیکردن لە دوو هونەرمەندی ڕەپێر بە ناوەکانی توماج ساڵحی و سامان یاسین و هەروەها زیندانییانی سیاسی بوو کە مەترسیی ئێعدامیان لە سەرە و داوای ئازادییان بۆ دەکرا.

لە بڕیارنامەی خۆپیشاندانەکەدا، وێڕای مەحکوومکردنی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لەلایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، داوا لە وەزارەتی دەرەوەی نۆرویژ کرا، کە زۆر بە توندی دژی دەرکردنی حوکمی ئێعدامەکان بە تایبەتی بەڕێوەچوونی حوکمی ئێعدامی لاوی ٢٣ ساڵە مۆحسێن شکاری هەڵوێست بگرێ و مەحکومی بکەن.

لە بەشێکی دیکە لە بڕیارنامەکەدا داوا لە وڵاتی نۆرویژ کرابوو کە پێوەندییە ئابووری و دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی ئێران ڕابگرێ و باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئاخوندی لە وڵاتی نۆرویژ دابخرێ کە بووەتە بنکەیەکی تێرۆریستی.

بانگەوازی هێزە کوردییەکان بۆ ئەو خۆپێشاندانە، لەلایەن بەشێکی دیکە لە هێزە سیاسی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی سیاسیی کورد و ئێرانیەوە پشتگیری لێ کرا.

خۆپیشاندانەکە سەرنجی بەشێکی زۆر لە خەڵکی نۆرویژی بۆ لای خۆی ڕاکێشا و بڕیارنامەی خۆپیشاندەران بە شێوەی نووسراوە بە زمانی نۆرویژی ئامادە کرابوو کە لەنێو ڕێبواران و نۆرویژییەکاندا بڵاو دەکراوە.

بەشداریی ژنان و لاوانی ئازادیخواز لەو خۆپیشاندانەدا خاڵێکی دیکەی بەهێزی ئەو خۆپیشاندانە بوو.

**حیزبە سیاسییەکانی ڕێکخەری ئەو خۆپیشاندانە بریتی بوون لە:**

- حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
- کۆمەڵە، ڕێکخراوی کوردستانیی حیزبی کۆمونیستی ئێران
- کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
- پژاک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانێک لە شاری "ئاڵبۆرگ" ـی دانمارک



**١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە وڵاتی دانمارک لە شاری ئاڵبۆرگ خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانیی لە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، لە شاری "ئاڵبۆرگ"ـی وڵاتی دانمارک گردبونەوەیەک لەلایەن کۆمەڵێک لە کوردستانیان و ئێرانیان، هەروەها ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی ( AMNESTY) و ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و دانیشتوانی ئەو شارە بۆ پشتیوانیی و دڵگەرمیی خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران و کوردستان لە ناوەندی شارەکە بەڕێوە چوو.

ئەم چالاکییە لە درێژەی چالاکییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ پشتیوانیی لە گەلانی ئێران و ئەو بەرخودان و بوێرییەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران لە ئارا دایە و نزیکەی سێ مانگە ئەم شۆڕش و ڕاپەڕینە بەردەوامە و خوێن بووەتە پێناسە بۆ قارەمانیەتی بەتایبەت بۆ خەڵکی بوێری ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لەم گردبونەویەدا سەرەتا لەلایەن "پیا کلاوسن" ئەندامی دەستەی بەڕێوبەریی شاروانی شاری ئاڵبۆرگەوە وتارێک بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پشتگیری لە گەلانی ئێران پێشکەش بە بەشداربووان کرا، پاشان لەلایەن بەرپرسی لقی ئاڵبۆرگی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی (هانس هیتە) پەیامێک بە زمانی دانمارکی پێشکەش بە بەشدار بووان کرا، پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەلایەن ئایدا مەنووچەهری خوێندرایەوە.

هەروەها خاتوو فەرەح سەبووری وەک ئیرانییەکی ئازادیخواز پەیامێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

---

## بۆ پشتیوانیی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، خۆپیشاندانێکی جەماوەریی لە سوید بەڕێوە چوو




١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

خۆپیشاندانێکی گەورە بۆ پشتیوانیی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و ڕیسواکردنی جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران بە بەشداریی هەزاران کەس لە کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتی سوید، لە شاری ستۆکهۆڵمی پێیتەختی ئەو وڵاتە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپیشاندانێکی جەماوەریی بە بەشداریی کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتی سوید لە سەر داوای عەلیرەزا ئاخوندی ئەندامی پارلەمانی سوید لە سەر لیستی پارتی ناوەڕاست و پشتگیری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵێک لە چالاکی سیاسی و مەدەنی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کۆمیتەی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە گۆڕەپانی نۆرابان تۆریەت ( Nora Bantorget)بەڕێوە چوو.

گرینگی ئەو خۆپیشاندانە جەماوەرییە لەوەدا بوو کە ئەو ڕۆژە هاوکات بوو لەگەڵ ٧٤ـەمین ساڵەوەگەڕی ڕاگەیاندنی جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ و بەڕێوەچوونی ڕێورەسمی خەڵاتی نۆبێل لە ستۆکهۆڵم کە تێیدا سەدان کەس لە کەسایەتییە سیاسی، ئەدەبی و زانا و پرۆفیسۆرە گەورەکانی جیهان تێیدا بەشدار بوون.

خۆپیشاندانەکە کاتژمێر ٤ی پاشنیوەڕۆ بە کاتی سوید بە دانی دروشمی جۆراوجۆر بە زمانەکانی فارسی کوردی، سویدی و ئینگلیزی دەستی پێ کرد و دواتر چەندین کورتە وتار لەلایەن بەڕێوبەرانی خۆپیشاندانەکە خوێندرانەوە.

دواتر چەندین گۆرانیبێژی ئێرانی و کورد و ئۆکراینی گۆرانی و سروودی شۆڕشگێڕانەیان پێشکەش کرد کە دەکرێ لەنێو هونەرمەندە کوردەکاندا ئاماژە بە هونەرمەندان پێدرام شەهلایی و فەریبۆرز کەرەمی بکرێ.

لە بەشێکی دیکەی ئەو خۆپیشاندانەدا عەلیرەزا ئاخوندی وەک ڕێکخەری سەرەکی ئەو کۆبوونەوەیە لە وتارێکی تێروتەسەلدا بە زمانی سوید باسی لە مەبەستەکانی بۆ ڕێکخستنی ئەو کۆبوونەوەیە کرد و لە وتەکانیدا باسی لە شەپۆلی نوێی ئێعدام و کوشتنی بەندکراوانی خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییانە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە کرد و داوای لە جیهانی ئازاد، ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، حکوومەت و پارلەمانی سوید و هەموو میوانەکانی ڕێورەسمی دابەشکردنی خەڵاتی نۆبێل کرد کە بەپەلە بە هانای بەندکراوانی سیاسی و بە تایبەت گیراوانی ئەم دواییانەی ئێرانەوە بچن.

پێویست بە ئاماژەیە کە هەزاران کەس لە تێکۆشەرانی کورد و ئێرانی لە سەرانسەری سوید و سەرەڕای کەش و هەوای ساردی ١٠ پلەی ژێر سفر، لە سەر بانگەوازی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە و کۆمیتەی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی سوید لەو خۆپیشاندانەدا بەشداریان کرد.

شایانی باسە کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان و بە ئیرادەی پۆڵایین بەشدارییەکی بەرچاویان گێڕا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانیی لە گەلانی داپەڕیوی ئێران لە وڵاتی نۆرویژ




**١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٠ی دیسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

بە مەبەستی پشتیوانیی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و هەروەها مەحکوومکردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە خەڵکی ناڕازیی لە ئێران و بە تایبەتی سەپاندنی حوکمی ئێعدام بە سەر خۆپیشاندەراندا، لە شاری بێرگن لە وڵاتی نۆرویژ خۆپێشاندانێک بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ١٩ی سەرماوەز لە شاری بێرگن کۆمیتە ناوچەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو شارە بۆ پشتیوانیی لە شۆڕشی ژینا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە گشتی خۆپێشاندانێکیان بەڕێوە برد.

خۆپێشاندەران بە بەشداریی بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە ناوەندی شاری بێرگن بە وتنەوەی دروشمی نا بۆ ئێعدام و چەندین دروشمی دژی ڕێژیمی ئاخوندی لە ئێران جینایەتەکانی ڕێژیمیان دەرهەق بە خەڵکی ناڕازی لە ئێراندا مەحکووم کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک لە شاری کلاگنفۆرت لە وڵاتی ئوتریش بە بەشداریی ئەندامانی حیزبی دێموکرات




**١٩ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٠ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

خۆپیشاندانێک کە لەلایەن NGO و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی شاری کلاگنفۆرت و شارەکانی سەر بە پارێزگای کرنتنی وڵاتی ئوتریش ڕێکخرابوو، بە بەشداریی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەو وڵاتە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەز، بەرانبەر بە ١٠ی دێسامبری ٢٠٢٢ی زایینی لە ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤدا بەشێک لە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خۆپیشاندانێکدا کە لەلایەن NGO و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆیی شاری کلاگنفۆرت و شارەکانی سەر بە پارێزگای کرنتنی وڵاتی ئوتریش ڕێکخرابوو بەشدارییان کرد.

لە خۆپێشاندانەدا هاووڵاتییانی ئوتریشی، ئۆکراییني، کورد و ئێرانی تێیدا بەشدار بوون.

لەو خۆپیشاندانەدا سەرەتا لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە لەسەر ڕۆژی جیهانیی مافی مرۆڤ و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە وڵاتان وتاریان پێشکەش کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پاشان لەلایەن خەبات حوسێنی بە نوێنەرایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وتارێک بە زمانی ئاڵمانی پێشکەش کرا.

حوسێنی لە وتارەکەیدا سەرەڕای ئاماژە بە قەدەغەبوونی زۆر شتی ئاسایی لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بۆ وێنە ناوی خەبات و هەروەها کوژرانی خێزانەکەی خۆی لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بە تاوانی بەرگریکردن لە مافی ژنان، باسی لە دۆخی ئێستای ئێران و دۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران کرد.

لە پێوەندی لەگەل دۆخی ئێستای ئێران، خەبات حوسێنی ئاماژەی بەو دایک و باوکانە کرد کە لە کاتی دەرچوونی منداڵەکانیان لە ماڵ بۆ ئەرکێکی ئاسایی ڕۆژانە، بە تەمای ئەوە نین کە منداڵەکانیان بە تەندروستی بگەڕێنەوە ماڵ و هەر بۆیە ماڵاوایی لە منداڵەکانیان دەکەن.

لە بەشێکی تری وتەکانیدا ئاماژەی بە چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئەو چەک و چۆڵەی کرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگای فرۆشتنی نەوتەوە و لە مامەڵەکردن لەگەل وڵاتانی ئورووپایی دەستی دەکەوێت، بۆ وێنە ئاماژەی بەو چەکانە کرد کە ڕێژیم بۆ سەرکوتکردنی داوای ڕەوای خەڵکەکەی خۆی لە خۆپێشاندانەکاندا کەڵکی لێ وەردەگرێت.

لە کۆتاییدا حوسێنی داوای لە وڵاتانی ئورووپایی کرد کە خەڵکی خۆپێشاندەری ئێران بە تەنیا نەهێڵن و پاڵپشتیی لە خۆپیشاندەران بکەن.

لەو خۆپیشاندانەدا ئەندامانی حیزبی دیموکرات بە ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشدارییان کرد و هەروەها دروشمی دژی ڕێژیمیش لەلایەن بەشداربووانەوە دووپات دەکرایەوە.

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ پشتیوانیی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران خۆپیشاندانێک لە کانادا بەڕێوە چوو




**٢٠ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

بۆ پشتیوانیی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و هەروەها مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ئەو ڕێژیمە خۆپیشاندانێک لە ڤانکۆڤێری کانادا بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، ٢٠ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە هاوکاریی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێران خۆپیشاندانێکی بەرینی جەماوەریان بۆ مەحکوومکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڕێوە برد.
خۆپێشاندانەکە بە بەشداریی هەزاران کەس لە ناوەندی شاری ڤانکۆڤێر بۆ وتنی "نا" بە حوکمی ئێعدام و مەحکوومکردنی ڕێژیمی پەت و سێدارە بەڕێوە چوو.

کۆمیتەی حیزبی دێموکرات وەک ئەندامی سەرەکی لیژنەی بەڕێوەبردنی خۆپێشاندانەکان ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە پەیام و درووشمەکان کە ڕەنگدانەوەی شۆڕشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پەیامێکی ئینگلیزی لەلایەن ژینۆ کەریمی  لەسەر ڕەوشی کوردستان و بەتـایبەت ئێعدام و گرتنـی لاوانی کـورد پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

کوردان و بەتـایبەت لایەنگرانی حیزب بە لەبەرکردنی جلی کوردی و هەڵگرتنـی ئـاڵای کوردسـتان پیشـانیان دا کە پشـتیوانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن.

خۆپێشاندانەکە بە ڕێپێوان و و درووشم دژی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێران کۆتایی پێ هات.

---

## خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانیی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە نیوزلەند بەڕێوە چوو



٢٠ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

بۆ پشتیوانیی لە خۆپیشاندانەکانی کوردستان و ئێران و هەروەها مەحکوومکردنی جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتی نیوزلەند خۆپیشاندانێکی بەرین بەڕێوە چوو.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٠ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، کاتژمێر ١١ بە کاتی نیوزلەند ڕەوندی ئێرانی بە بەشداریی سەدان کەس و ئەندامی حیزبی دێموکرات بۆ ماوەی دوو کاتژمێر خۆپیشاندانیان بۆ پشتیوانیی لە شۆڕشی خەڵکی ئێران و مەحکوومکردنی ئێعدامی مۆحسێن شکاری بەڕێوە برد.

لەم خۆپیشاندانەدا بەیاننامەی بنەماڵەی زیندانییان بە دوو زمانی ئینگلیزی و فارسی پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.

لە خۆپیشاندانەکەدا جەلال خەڵخاڵ بەرپرسی کۆمیتەی حیزبی دێموکرات لە نیوزلەند وتارێکی پێشکەش کرد و باسی لەوە کرد هەمووومان دەزانین لە دوای بە تاڵانبردنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٥٥٧دا لەلایەن خومەینی و دەستەکەی حوکمی ئێعدام هەموو ڕۆژێک لە ئێراندا بەڕێوە چووە و هەر وەک نەوید ئەفکاری وتی ئەو دەسەڵاتە نگریسە بۆ تەنافەکانی بەدوای ملی خەڵکدا دەگەڕێت.

خەلخاڵ باسی لەوە کرد خامنەیی خۆی بە نوێنەری خودا دەزانێت و دژبەرانی خۆی بە موحاربە مەحکووم دەکات و هەر دەنگێکی نارەزایەتی بە دڕندانەترین شێوە کپ دەکات.

ناوبراو وتی کە نەتەوەی کورد وێڕای هەموو سەختی و نەهامەتییەکانی ئەو حوکمانەشی زۆر بەسەردا سەپاوە و لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا تا ئێستا ١ هەزار و ٨٢٠ چالاکی سیاسی لە کوردستان لە بێدادگانی ڕێژیمی ئێراندا ئێعدام کراون.

خەڵخاڵ وتیشی ئەمڕۆش لاوەکانمان بە گوللەی بەکرێگیراونی خامنەیی شەهید دەکرین و ئێستاش دەیانهەوێ ئەوانەی لە زیندان دان ئێعدامیان بکەن.

بەرپرسی کۆمیتەی حیزب وتی، ئێعدامی مۆحسێن شکاری کارێکی نامرۆڤانەیە و ڕاگەیاندنی شەڕی ئاخوندەکان لەگەڵ خەڵکی ئێرانە و ئەگەر خەڵک پاشکەشە بکات بە مانای ئەوەیە گیانی خۆشەویستەکانمان دەکەوێتە مەترسی و ئەگەری ئێعدامیان هەیە.

ناوبراو لە کۆتاییدا جەختی کردەوە کە ئەو ڕێگایە گەڕانەوەی تێدا نییە و هەتا ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران ڕاناوەستین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## لە نۆرویژ خۆپیشاندانێک دژ بە سەرکوتی خەڵکی ناڕازی لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەڕێوە چوو




٢٢ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٣ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشێک لە هێزە کوردییەکان و چالاکانی سیاسیی دانیشتوو لە "ئۆسلۆ"ی پێتەختی وڵاتی نۆرویژ سەبارەت بە سەرکوتی خۆپیشاندەران لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمی ئێران و پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە برد.

ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشێک لە هێزە کوردییەکان و چالاکانی سیاسی لە ئۆسلۆ لە بەردەم وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نۆرویژ خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتییان دژی سەرکوتی گەلانی ئێران و بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا بەڕێوە برد.

گرینگیی ئەو خۆپیشاندانە لەوەدا بوو کە وەزارەتی دەرەوەی وڵاتی نۆرویژ باڵوێزی ڕێژیمی ئێرانی بانگهێشت کردبوو، تا بەم شێوەیە ناڕەزایەتیی خۆی لەمەڕ سەرکوت و ئێعدامی خەڵکی ناڕازی لە ئێران و بەتایبەتی سەپاندنی حوکمی ئێعدام



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەسەر بەشێکی زۆر لە دەسبەسەرکراونی شۆڕشی ژینادا پێ ڕابگەیەنێت.

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەوری سەرەکیی لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئەو خۆپیشاندانەدا هەبوو و ئەندامانی حیزبی دێموکرات لەو خۆپیشاندانەدا بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەشدار بوون.

خۆپیشاندەران بڕیارنامەیەکیان بە زمانی نۆروێژی ئامادە کردبوو کە بۆ ئامادەبووان خوێندرایەوە و دەقی ئەو بڕیارنامەیەش ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی نۆروێژ کرا.

خۆپیشاندەران بە زمانەکانی کوردی، فارسی و نۆروێژی دژی سیاسەتە سەرکوتکەرانەکەی ڕێژیم دروشمیان دا.

---

## خۆپیشاندانی کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بریتانیا



**٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز و پشتیوانی لە خۆپیشاندانی گەلانی ئێران لە شاری بیرمێنگام لە وڵاتی بریتانیا خۆپیشاندانێکی بەڕێوە برد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژی شەممە ٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، کۆمیتەی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ناوەندی شاری بیرمێنگام لە وڵاتی بریتانیا بەبۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان و هەروەها پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و ئیدانەکردنی لەسێدارەدانی خەڵکی ئازادیخواز و بەتایبەتی لاوان، خۆپیشاندانێکی بەڕێوە برد . خۆپیشاندانەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێ کرد.

خۆپیشاندەران دژی ڕێژیمی ئێران دروشمی "کورد و بەلووچ و ئازەری . ئازادی و بەرابەری، برووخێت کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین بۆ کوردستان گیانفیداین و نا بۆ سێدارە"یان وتەوە.

خۆپیشاندانەکە بە وتنەوەی سروودی "ئەی شەهیدان" بۆ ڕێزگرتن لە خوێنی پاکی شەهیدانی ڕێگای ئازادی کۆتایی پێهات.

---

## بۆ پشتیوانیی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران، خۆپیشاندانێک لە دانمارک بەڕێوە چوو



٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

"یەکگرتوویی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران"، بە مەبەستی پشتیوانی لە شۆڕشی "ژن، ژیان، ئازادی" لە ئێران و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان لە شاری "ئارهووس" لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە ٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپیشاندانێک لەلایەن "یەکگرتوویی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران" لە شاری "ئارهووس" لە وڵاتی دانمارک بەڕێوە چوو، ئەو خۆپێشاندانە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

پاشان بە دانی دروشمی شۆڕشگێڕی لەلایەن هەژار دەشتی بەرنامەی کاری و مەبەست لە خۆپێشاندانەکە ڕاگەیەندرا.

دواتر پەیامی یەکگرتوویی پشتیوانی لە ڕابوونی گەلانی ئێران بە زمانی دانمارکی لەلایەن خاتوو فەریبا ئەمینی و بە زمانی فارسی لەلایەن خاتوو "ئاسیە مورواریدی"یەوە خوێندرایەوە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم خۆپیشاندانەدا لەلایەن کەریم محەممەدی پارچە ئاوازێک بە ئامێری شمشاڵ لە سەر شەهید ژینا پێشکەش کرا.

دواتر پەیامی یەکگرتوویی پشتیوانی لە ڕابوونی گەلانی ئێران بە زمانی کوردی لە لایەن" فاخر مەولوودی"یەوە پێشکەش کرا.

هەروەها لەو خۆپێشاندانەدا پیشانگایەک بۆ وێنەی شەهیدانی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەهیدانی شۆڕشی ژینا ڕێکخرابوو کە لەلایەن خۆپیشاندەران و هاووڵاتیانی دانمارکییەوە پێشوازیی لێ کرا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا ڕێپێوانێک لە وڵاتی فینلاند بەڕێوە چوو




۲٦ی سەرماوەزی ۱٤۰۱ی هەتاوی = ۱۷ی دێسەمبەری ۲۰۲۲ی زایینی

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای دانیشتووانی ئێرانیی وڵاتی فینلاند لە شاری هێلێنسکی، ڕێپێوانێکیان بۆ پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە ٢٦ی سەرماوەزی ۱٤۰۱ی هەتاوی، بە بەشداریی دەیان کەس لە کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی وڵاتی فینلاند، ڕێپێوانێک لە شاری هێلسینکی، پێتەختی وڵاتی فینلاند بە مەبەستی پشتیوانی لە شۆڕشی ژینا و گەلانی ئێران بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێپێوانەکە بە کۆبوونەوە لە وێستگەی شەمەندەفەری هێلسینکی و بە سروودی "ئەی شەهیدان"و چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد و پاشان بەشداربووان بە ڕێپێوانێکی هێمنانە بەرەو بەردەم بینای پارلمانی فینلاند وەڕێ کەوتن و لەوێ کۆ بوونەوە.

بەڕێوەبەرانی ئەم ڕێپێوانە داخوازیی بەشداربووانیان باس کرد و داوایان لە دەوڵەتی فینلاند و وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا کرد کە بە مەبەستی پشتیوانی لە مافەکانی مرۆڤ و شۆڕشی سەرانسەریی نەتەوەکانی ئێران، باڵوێزەکانی خۆیان لە تاران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بانگ بکەنەوە و هەروەها باڵوێزەکانی ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتەکانیان دەر بکەن.

شایانی باسە لە نێوئاخنی ئەم ڕێپێوانەدا، دروشمی پشتیوانیی لە شۆڕشی ژینا و ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زمانەکانی کوردی، فارسی، فینلاندی و ئینگلیزی خوێندرانەوە.

---

## باباعەلی مێهرپەروەر: شانازیی بڕیاری بایکۆتی ڕێفراندۆمی ساڵی ١٣٥٨ پێش هەمووان بۆ حیزبی دێموکرات و پێشمەرگەی هەرگیز نەمر دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە




٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەز بە بەشداریی بەشێکی زۆر لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ناوەندی قازی لە شاری ستڕۆمێن ڕێوڕەسمی ٢٦ی سەرماوەز بەڕێوە چوو.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی "ئەی ڕەقیب" و خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد.

لە سەرەتای سێمینارەکەدا دەریا بابیل پێشکەشکاری بەرنامەکە چەند کۆپلە شێعری پێشکەش کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دواتر خوسرەو قادری جێگری بەرپرسی گشتیی کۆمیتەی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ پەیامی کۆمیتەی پێشکەش کرد.
پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی لاوان و ژنان لەلایەن مۆژدە چاوشینی پێشکەش کرا.

لە نێوئاخنی بەرنامەکاندا هێدی قادری سروودێکی شۆڕشگێریی بە هاوکاریی کۆڕی هونەری پێشکەش کرد.

دواتر بابا عەلی مێهرپەروەر وتارێکی لە پێوەندی لەگەڵ ٢٦ی سەرماوەز و ڕۆژی ئاڵا پێشکەش کرد.

مێهرپەروەر لە سەرەتای وتارەکەیدا بەبۆنەی ڕۆژی ئاڵا و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، پیرۆزبایی لە هەموو ئەندامان و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

ناوبراو باسی لەوە کرد پێشمەرگە و ئاڵای کوردستان دوو سەمبولی بەگژداچوونەوەی دوژمنانی کوردستانن. دوژمنانی کورد هەموو کات هەوڵی زۆریان داوە کە ناوی پیرۆزی پێشمەرگە خەوشەدار بکەن و لە گەورەیی پێشمەرگە کەم بکەنەوە، بەڵام گەورەیی و خۆنەویستیی پێشمەرگە وای کردووە کە هەموو کات خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بێت.

مێهرپەروەر لە پێوەندی لەگەڵ شۆڕشی ژینادا ئاماژەی بەوە کرد کە خەڵکی کوردستان لە شۆڕشی ژینادا پێشەنگی هەموو خۆپێشاندانەکەن. لەو ڕاپەڕینەدا دروشمی "ژن ژیان ئازادی" نە تەنیا کوردستان و ئێران بەڵکوو دنیاگیر بووە، ئەوەش هۆکارێک بوو کە دنیای دەرەوە گرینگیەکی تایبەتی بەو شۆڕشە بدات و هاوکات لەوە تێبگەن کە پێشێلکردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە ئێراندا چەندین ساڵ بەردەوام بووە. تەنانەت لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا ئەو ڕێژیمە بۆ چاوترسێنکردنی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو جۆرە چەکێک بەر بووەتە گیانی خەڵکی کوردستان.

ناوبراو وتی، ئەو شۆڕشە لەگەڵ هەموو تاڵی و ناخۆشییەکانی دەرەتان و دەرفەتێکی باشی بۆ گەلی کورد خولقاند کە نەتەوەکانی دیکە ڕەوایی بدەن بە خەبات و تێکۆشانەکانیان. خەڵکی ئێران بیریان هاتەوە کە خەڵکی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ بە تێکڕا دەنگی "نا"یان بە ڕێفراندۆمی حکوومەت وت و شانازیی ئەو بڕیارە پێش هەمووان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و پێشمەرگەی هەرگیز نەمر دوکتور قاسملوو پێشەنگی ئەو بڕیارە مێژووییە دەگەڕێتەوە.

ناوبراو باسی لەوە کرد دوژمنانی کوردستان چ لە سەردەمی حکوومەتی پێشوو و چ لە ڕێژیمی ئێستادا بۆ ڕەواییدان بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوشتنی کوردەکان، خەڵکی کوردستانیان بە "تەجزیەتەڵەب" پێناسە کردووە هەر ئەوەش دەستی ئاوەڵا کردوون بۆ سەرکوتی خێڵەکی لە کوردستان.

باباعەلی مێهرپەروەر باسی لەوە کرد کە خامنەیی هەموو کات شۆڕشەکان و نارەزایەتییەکانی خەڵکی نێوخۆ بە جۆرێک پێناسە دەکات کە خەڵک لەلایەن دوژمنانی دەرەوە هان دەدرێن بۆ شێواندنی ئێران و هەر بۆیەش وەکوو دوژمن لەگەڵ خەڵکی نارازی لە ئێران بەگشتی و خەڵکی کوردستان بەتایبەتی هەڵسوکەوت دەکات.

باباعەلی لێکنزیکبوونەوەی هێزە کوردییەکانی وەک زەرورەتێک باس کرد و ئاماژەی بە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات کرد کە جیا لە بەهێزتربوونی حیزبەکەمان، لە نێوخۆشدا هۆکارێک بوو کە خەڵک یەکیان گرتەوە و ئەوەی خەڵک باشتر لە جاران بە دەنگ بانگەوازی حیزبەکانەوە بێن بۆ مانگرتنەوەکان.

ناوبراو لەو هەڵومەرجەی ئێستا جیا لەوەی ئاواتی بۆ یەکگرتنەوەی هێزەکانی دیکەی کوردستانیش خواست ئاماژەیان بەوە کرد کە پێکهێنانی بەرە زۆر پێویستە و کورد دەتوانێ باشتر دەنگی خۆی بە دنیای دەرەوە و هێزەکانی دیکەی ئێرانیش بگەیەنێت.

مێهرپەروەر وتی؛ لە ئێستادا وڵاتان بەگشتی گرینگی بە پرسی ژنان و خەڵکی نێوخۆی ئێران دەدەن و هەروەها هاوکاریی ئێران لەگەڵ رووسیە لە دژی ئۆکراین هۆکاریکی دیکەیە کە وڵاتانی ئورووپایی دژی حکوومەتی ئێران هەڵوێست بگرن.

باباعەلی مێهرپەروەر وتیشی کە خەریکە لەسەر ئەو پرسانە بازنەیەکی سیاسی بۆ گوشار لە دژی ئێران پێک دێ کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ رووبەری ئەو بازنە تەنگتر دەبێ و زیاتر گوشار بۆ ئێران دێنێ.

کۆمیتەی لێکۆڵینەوە هەوڵ دەدا کە جینایەتەکانی ڕێژیم بەڵگەمەند بکات و هەروەها دەرکردنی ڕێژیم ئێران لە کۆمیتەی پێگەی ژن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یەکێکی دیکە لە هەنگاوەکانی وڵاتانی دەرەوە بوو کە دەنگی خەڵکی نارازیی ئێرانیان بیستووە و ئاگاداری ئەو زوڵم و نایەکسانییەن کە دەرهەق بە ژنان دەکرێت.

ئەوەی جێگای ئۆمێدە ئەوەیە کە ڕێژیم سەرەرای هەموو دڕندەییەکەی بە درێژایی تەمەنی نگریسی خۆی قەت بە قەدەر ئەو ماوەیە زەبوون و داماو نەبووە بە دەست خەڵکی ئێرانەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە ساڵۆنی سێمینارەکە یەکیەتیی لاوان پیشانگایەکی وێنەی هەموو شەهیدانی شۆڕشی ژینایان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردبووەوە کە لەلایەن بەشداربووانەوە پێشوازیی لێ کرا.

---

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران لە وڵاتی کانادا



٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

خۆپیشاندانێکی جەماوەری بە بەشداریی هەموو ڕێکخراوە کوردی و ئێرانییەکان، بە مەبەستی پشتیوانی لە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران لە وڵاتی کانادا بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، ٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، کوردانی دانیشتووی وڵاتی کانادا بە هاوکاریی ڕێکخراوە ئێرانییەکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان بە مەبەستی پاڵپشتیکردن لە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران لە شاری ڤانکۆڤێری کانادا بەڕێوە برد.
خۆپیشاندانەکە لەبەر دەرکی "ئارت گەلەری" دەستی پێ کرد و بە ڕێپێوان بە نێو شەقامەکانی ناوەندی ڤانکۆڤێر درێژەی کێشا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردەکان بە جلی کوردی و ئاڵای کوردستانەوە بەشداری خۆپیشاندانەکە بوون و سەرەڕای دەربڕینی پشتیوانیی خۆیان لە خۆپیشاندەرانی کوردستان و ئێران، ئێعدامی دەسبەسەرکراوانی خۆپیشاندانەکانیان لەلایەن دەزگای قەزایی ڕێژیمی ئێرانەوە مەحکووم کرد.

لەو خۆپیشاندانەدا جاگمیت سینگ، سەرۆکی حیزب NDP، لە پەیامێکدا بەڵێنی دا کە لە پارلمانی کانادا هەوڵی خۆی بدا بۆ دەرکردنی ئێرانییەکانی سەر بە ڕێژیم لە کانادا و دەست بەسەر ملک و ماڵیاندا لەو وڵاتە بگیرێت.

ناوبراو هەروەها وتی کە هەموو هەوڵی خۆم دەدەم کە سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران وەکوو ڕێکخراوێکی تێرۆریستی لە پارلمانی کانادا بناسێندرێت.

شایانی باسە کە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک یەکێک لە ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەریی خۆپیشاندانەکان ڕۆڵی سەرەکیی لە ڕێکخستنی ئەو خۆپیشاندانەدا هەبووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# گردبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی دژی لەسێدارەدان لە ئێران لە وڵاتی فەرانسە بەڕێوە چوو



**٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٧ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لەسەر بانگهێشتی سەندیکای پارێزەرانی پاریس، کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایەتی دژ بە لەسێدارەدان لە ئێران، بە بەشداریی کوردان و ئێرانییانی دانیشتوو لە شاری پاریسی پێتەختی وڵاتی فەرانسە و هەروەها ئەنجومەنی دێموکرات - پاریس (بۆ پشتیوانی لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان لە ئێران) پێکهاتوو لە کۆمەڵێک ڕێکخراو و بزووتنەوە ئۆپۆزیسیۆنە دێموکرات و کۆماریخوازەکان لەو شارە بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٦ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، لەسەر بانگهێشتی سەندیکای پارێزەرانی پاریس، گردبوونەوەیەک دژی لەسێدارەدان لە ئێران لە گۆڕەپانی باستیلی ئەم شارە بەڕێوە چوو.

ڕێکخراو و بزووتنەوە ئۆپۆزسیۆنە دێموکرات و کۆمارییەکان کە پێشتر پشتیوانییان لە بانگەوازی کۆمەڵەی پارێزەران دەربڕیبوو، ئەمجارەش لەو گردبوونەوەیەدا یەکگرتوو بوون لە ئاشکراکردنی جینایەتەکانی ڕێژیمی دژەگەلیی ئاخوندەکان و داوای ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتەیان کرد و هاوسۆزیی خۆیان لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێڕانە و ڕاپەڕینی گەلان لە نێوخۆی ئێران دەربڕی.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لە گردبوونەوەکەدا سەرەتا پەیامی هاوپشتیی پارێزەران لەگەڵ بزووتنەوەی داواکاریی گەل، لە دژی سیاسەتەکانی سەرکوت و لەسێدارەدانی ئازادیخوازان لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە خوێندرایەوە.

دواتر نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی فەرانسە، لەوانە پارتی سۆسیالیست "فەرانسەی بێ خویندرایەوە چەواشەکار"، پارتی سەوز و هەروەها نوێنەری پارتی دەسەڵاتداری سەرۆککۆمار "ئیمانوێل ماکرۆن" چەند وتەیەکیان پێشکەش کرد و بەتوندی ئیدانەی سیاسەتی سەرکوتکارانە و دژەگەلیی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانیان کرد.

کۆبوونەوەی سپێکترۆم و ڕەوتی سیاسی و مەدەنیی جیاواز لە دژی ڕێژیم لە پاریس، سەرەڕای کەشوهەوایەکی سارد، ئەمجارەش بە کەشێکی پڕ لە یەکریزی و ئیرادە بۆ ڕووخاندنی ئەم دەسەڵاتە کۆتایی پێهات.

بەشداربووان دژایەتیی توندی خۆیان بۆ هەر جۆرە ڕەوتێک دەربڕی کە پێچەوانەی خواستی شۆڕشگێڕانەی خەڵک بێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ئوسترالیا بەڕێوە چوو



**٢٧ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٨ی دیسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

کوردان و ئێرانییانی دانیشتوو لە وڵاتی ئوسترالیا بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و هەروەها پشتیوانی لە زیندانییانی سیاسی و دژ بە ئێعدام، لە گۆڕەپانی "کۆنسێرت هۆڵ"ی شاری پێرت لەو وڵاتە کۆبوونەوەیەکی نارەزایەتییان بەڕێوە برد.

ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٧ی سەرماوەزی ١٤٠١ی هەتاوی، خۆپیشاندانێک بە بەشداریی کوردان و ئێرانییان، بۆ پشتگیری لە سەرهەڵدانەکانی کوردستان و ئێران بەگشتی و پشتیوانی لە زیندانییانی سیاسی و دژ بە ئێعدام بەتایبەتی، لە گۆڕەپانی "کونسێرت هۆڵ" لە شاری پێرت لە ڕۆژاوای ئوسترالیا بەڕێوە چوو.

لەو خۆپیشاندانەدا سەرەتا پەیامێک بە زمانی فارسی لەلایەن مەسعوود سەمەدی ئەندامی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئوسترالیا پێشکەش کرا.

لەو پایەمەدا هاتبوو کە کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی جینایەتکار و مرۆڤکوژ، هەر لە ڕۆژەکانی سەرەتای



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەسەڵاتی خۆی دەستی بە کوشتوبڕی دژبەرانی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ئەم جینایەتانە کرد، دادگای شۆڕشی ئیسلامیی دامەزراند و دادوەرەکانی شەرعی(حاکمان شرع) خۆی وەک خەڵخاڵی بەرەو کوردستان و شوێنەکانی دیکەی ئێران ڕەوانە کرد.

هەروەها ئەو ڕێژیمە ئێعدامی دژبەران، بەتایبەتی لاوانی کوردستان و باقی نەتەوەکانی بندەستی لە درێژەی تەمەنی خوێدا وەک یەکێک لە نامرۆڤانەترین جۆرەکانی سەرکوت و کوشتن بەکار هێناوە.

لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا هاتبوو: "ئێمە دانیشتووانی دەرەوەی وڵات، هەتا داخستنی باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران و بڕینی پێوەندیی وڵاتی ئوسترالیا لەگەڵ ئەو ڕێژیمە درێژە بە خۆپێشاندانەکانمان دەدەین."

کۆبوونەوەکە بە دروشمدان و ڕێپێوان بە چەند شەقامی شاردا دوای دوو کاتژمێر کۆتایی پێهات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## مانگی بەفرانبار = دێسەمبەر و جانێوێری

### بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێک بۆ پشتیوانیی لە سەدەمین ڕۆژی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە کانادا



**٣ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لە درێژەی خۆپیشاندانی هاووڵاتییان لە دەرەوەی وڵات، خۆپێشاندانێک بۆ پشتیوانیی لە سەدەمین ڕۆژی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ئازادی، لە ڤانکۆڤێری کانادا بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٣ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، کوردان و ئێرانییانی دانیشتوو لە شاری ڤانکۆڤێری وڵاتی کانادا بۆ پشتیوانیی لە سەدەمین ڕۆژی شۆڕشی ژینا لە ئێران بە گشتی و کوردستانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی خۆپیشاندانێکیان لەو شارە بەڕێوە برد.

لەو خۆپیشاندانەدا کە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران تێیدا بەشدار بوو، چەندین پەیام لە ڕاستای ڕاپەڕین و مەحکوومکردنی ڕێژیمی ئێران سەبارەت بە سەرکوتی خەڵکی خۆپیشاندەر لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی ئاخوندی خوێندرایەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە بەشێکی دیکەی خۆپیشاندانەکەدا چەندین سروود و پارچە موزیک پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

خۆپیشاندانەکە بە دروشمدان دژی ڕێژیمی پەت و سێدارە کۆتایی پێهات.

---

## خۆپیشاندانێک دژی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو



٣ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٤ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی

خۆپیشاندانێک بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات، پارتی ئازادیی کوردستان و نوێنەرانی نەتەوەکانی بەلووچ و عەرەب دژ بە جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە شاری هامبورگی ئاڵمان بەڕێوە چوو.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٣ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و پارتی ئازادیی کوردستان لەگەڵ چەند کەس لە نوێنەرانی نەتەوەی عەرەب و بەلووچ دژ بە سەرکوت و شەهیدکردنی ئازادیخوازانی شۆڕشی ژینا و بوردمانی بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەلایەن سپای تێرۆریستی پاسداران لە بەردەم باڵوێزخانەی ڕێژیمی ئێران لە شاری هامبورگی ئاڵمان خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە برد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

سەرەتای خۆپیشاندانەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی "ئەی رەقیب" و ڕاگرتنی ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاک شەهیدانی ڕێگای ئازادیی کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەلایەن کەماڵ حەسەن پوور خوێندرایەوە.

دواتر پەیامی نەتەوەکانی بەلووچ و عەرەب لەلایەن نوێنەرانی ئەو نەتەوانە، جەواد بەلووچ و هادی یوونسی خوێندرایەوە.

لەئێوئاخنی بەرنامەکاندا خۆپیشاندەران بە زمانەکانی کوردی، ئاڵمانی و فارسی دژی ڕێژیمی ئێران دروشمیان وتەوە و هەروەها بە خوێندنەوەی سروودی شۆڕشگێڕی لەلایەن محەممەد تاهوو درێژەیان بە خۆپیشاندانەکە دا.

لە بەشی کۆتایی خۆپیشاندانەکەدا غەزەڵ ئیلامی پەیامی پارتی ئازادیی کوردستانی خوێندەوە و بە وتنەوەی لەلایەن بەشداربووانەوە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات.

---



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بەڕێوەچوونی کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران - کۆمیتەی فینلاند




**٨ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٢٩ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

ڕۆژی ٨ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، بە بەشداریی هەیئەتی نوێنەرانی حیزبەکان و بە میوانداریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران_ کۆمیتەی فینلاند بەڕێوە چوو.

سەرەتا جەهانبەخش خالیدی، سەرپەرەستی هەیئەت و جێگری بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە فینلاند، بە نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە سەرۆکی دەورەیی ناوەندی هاوکاری بووە پیرۆزبایی یەکگرتنەوەی کۆمەڵەکانی لە هاوڕێیانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن.

دواتر بەپێی خشتەی کاریی دیاریکراو، خالیدی وەک دەستپێک باسێکی لەسەر بارودۆخی هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵگای مەدەنی لە فینلاند و گرینگیی ناوەندی هاوکاری وەک ئۆرگانێکی شوێندانەر و بەهێز پێشکەش کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناوبراو لە باسەکەیدا پیداگری لەسەر پەرەپێدانی پێوەندی لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکان بە مەبەستی یەکیەتی و یەکدەنگی لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکان و بەتایبەتی لایەنە کوردستانییەکان و کاریگەرییەکانی تەبایی و لەیەک تێگەیشتن و یەکدەنگی کرد.

لە پێوەندی لەگەڵ باسەکانی نوێنەری کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەم هاوڕایی هەبوو هەمیش بۆ هەموو ئەگەرەکان بڕیار درا کە ئامادەیی و یەکگرتوویی ناوەند و هاوکاریی لە هەموو بوارەکاندا زۆرتر بکرێ و پێوەندیەکانمان تۆکمەتر بکرێ.

دواتر نوێنەرایەتی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە بەشداریی چالاکانەیان لە باس و بابەتەکانی کۆبوونەوەکەدا و قسەکردن لەسەر خاڵە لاواز و بەهێزەکان لە کاری پێکەوەیی ناوەند، وەڵامی ڕەخنە و تێبینیەکانیان دایەوە و ڕێگاچارەش بۆ کەم و کۆڕییەکان دانرا.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەسەر داواکاریی ژمارەیەک چالاکوانی مەدەنی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دیدار لەگەڵ ناوەندی هاوکاری کرا.

لایەنەکان پاش دەربڕینی ڕاوبۆچوونی خۆیان وەک سیاسەتی ناوەند، جەختیان کردەوە کە دەبێ ئەولەویەت بۆ دیالۆگ لەگەڵ ئەو لایەنانە بێ کە هاوڕا و پشتیوانی داخوازییەکانی پرسی کوردن و خاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی و جەماوەرین.

لەم پێوەندییەدا بڕیار درا کە هەنگاوی جیددیتر لەو بوارەدا هەڵگیرێ و هەمووان پێشوازییان لە دیالۆگ لەگەڵ لایەنە ئێرانییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران کرد، بۆ ئەو مەبەستەش دوو هەیئەت دیاری کرا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران خۆپیشاندانێک لە کانادا بەڕێوە چوو




**١٠ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٣١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

هاووڵاتییانی کورد و فارس و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانیی نیشتەجێ لە وڵاتی کانادا بە مەبەستی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە ڤانکۆڤێری وڵاتی کانادا خۆپیشاندانێکیان بەڕێوە برد.

ڕۆژی شەممە، ١٠ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، لە دوایین ڕۆژی ساڵی ٢٠٢٢ی زایینیدا بە بەشداریی هەزاران کەس لە نەتەوەکانی ئێران بە مەبەستی پشتیوانی لە گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران، خۆپیشاندانێک دژی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە شاری ڤانکۆڤێری وڵاتی کانادا بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندانەکە بە بەشداریی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە ئاڵا و جلی کوردی کە بۆ ١٧هەمین حەوتوو بوونە دەنگوڕەنگی خەڵکی ڕاپەڕیو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستی پێ کرد.

ئەو خۆپیشاندانە چەندین برگەی وەکوو پەیام، شێعر و مورزیک و دورشمدان بە زمانەکانی کوردی، فارسی و ئینگلیزی دژی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕێژیمی تێروریستیی کوماری ئیسلامیی ئێرانیان لەخۆ گرتبوو کە بە ڕێپێوان بە نێو شەقامەکان و گەڕانەوە بۆ شوێنی سەرەکیی خۆپیشاندانە کۆتایی پێهات.

جێگای ئاماژەیە کە کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، یەکێک لە ڕێکخەرانی ئەم خۆپیشاندانانەیە کە هەموو ڕۆژانی شەممە لەنێو شاری ڤانکۆڤێری کانادا بەڕێوە دەچێت.

---

## خۆپیشاندانێک لە ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بەڕێوە چوو



**١٠ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٣١ی دێسەمبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکرات و ناوەندی چالاکانی خۆپیشاندانەکانی هامبورگ بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران خۆپیشاندانێک بەڕێوە چوو.

ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ١٠ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، لەسەر بانگەوازی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ناوەندی چالاکانی خۆپیشاندانەکانی هامبورگ، خۆپیشاندانێک بە مەبەستی مەحکوومکردنی سەرکوت و کوشتنی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان و ئێران بەڕێوە چوو.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

لەو خۆپیشاندانەدا کە بە سەدان کەس تێیدا بەشدار بوون، خۆپیشاندەران بە خوێندنەوەی وتار، پەیام و دروشم پشتیوانیی خۆیان بۆ خەبات و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران دەربڕی.
لە خۆپیشاندانەکەدا پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەلایەن کەماڵ حەسەن پوورەوە خوێندرایەوە.

لە درێژەی خۆپیشاندانەکەدا یادی شەهیدی تازەی جوانڕۆ شەهید بورهانی ئەلیاسی کرایەوە.
خۆپیشاندەران بە وتنەوەی دروشمی "جوانڕۆ، جوانڕۆ، مەڵبەندی شێرانی تۆ" و هەروەها "ژن، ژیان، ئازادی، ئیتر بەسە بێدادی" کۆتاییان بە خۆپیشاندانەکە هێنا.

---

## خۆپیشاندانێک لە ئاڵمان بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو




**١٧ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٧ی جانێوێری ٢٠٢٣ی زایینی**

هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خۆپیشاندانێک کە بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران لە شاری بۆن بەڕێوە چوو، بەشداریی کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٧ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرەستیی سوڵتان گوڵابی،


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئەندامی کۆمیتەی حیزب و بەرپرسی بەشی پێوەندییەکانی حیزب لە وڵاتی ئاڵمان لە خۆپیشاندانێک لە شاری بۆن کە لەلایەن گرووپی "فراو، لیبن، فرایهایت بۆن" (Frau Bonn- Freiheit Leben) ڕێک خرابوو، بەشدارییان کرد.

لەو خۆپیشاندانە جگە لە کۆمەڵێک کەسایەتیی سیاسیی ئێرانی و کورد و میدیا ئێرانی و ئاڵمانییەکان، ژمارەییەکی زۆر لە کەسایەتیی ئاڵمانی و ئەندامانی پارلمانی ئاڵمان، لەوانە خاتوو جێسیکا ڕۆزنتال لە حیزبی سوسیال دێموکراتی ئاڵمان و خاتوو کاترین ئوولیش لە حیزبی سەوزەکان بەشدار بوون.

ڕێوڕەسمەکە لەلایەن هۆمایوون، وتەبێژی ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکە کرایەوە و دواتر لەعلا کەیخوسرەوی ئەندامی شاندی حیزب بە زمانی ئاڵمانی وتارێکی تێروتەسەلی لەسەر دۆخی کورد لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵکی کورد پێشکەش کرد.

کەیخوسرەوی لە قسەکانیدا ئاماژەی بە هێرشی تێرۆریستیی سپای پاسداران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی تری ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان کرد و ئاماژەی بە ڕێژەی شەهیدانی کوردستان لە شۆڕشی ژینا کرد.

ناوبراو لە کۆتایی وتارەکەیدا داوای لە دەوڵەتانی ڕۆژاوایی و بە تایبەت حکوومەتی ئاڵمان کرد کە سەرەڕای پشتیوانی لە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران، سپای تێروریستیی پاسداران بخەنە نێو لیستی تێرۆری یەکیەتیی ئۆرووپا و وڵاتی ئاڵمان و بایکۆتی زیاتر بخەنە سەر ڕێژیمی تاران.

پاش وتەکانی خاتوو لەعلا، هەژار خادمی، ئەندامی شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەر دوو زمانی فارسی و کوردی وتارێکی پێشکەش بە بەشداربووان کرد.

ناوبراو سەرەتای قسەکانی بە وتەیەکی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو دەست پێ کرد، کە هەر نەتەوەییەک ئازادیی بووێ، دەبێت نرخی ئەو ئازادییەش بدات. دواتر بەڕیزیان وێڕای باس لە دۆخی شارەکانی کوردستان و بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی چلەی شەهیدانی خۆپیشاندانەکان، ئاماژەی بە ڕۆڵی گرینگی دایک و باوک و بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان کرد کە چۆن لەسەر مەزاری ڕۆڵە شەهیدەکانیان دژی ڕێژیمی داگیرکەری ئێرانی دەوەستنەوە و پێداگری لەسەر مافی نەتەوەیی خۆیان و گەلەکەیان دەکەنەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خادمی سەرەڕای پێداگری لەسەر خواستەکانی گەلی کورد ئاماژەی بە دۆخی خراپی شارەکانی کوردستان و بە تایبەت شاری جوانڕۆ و ڕێژەی زۆری گیراوان و شەهیدانی ئەو شارە کرد.

خادمی سەبارەت بە بانگەواز بۆ کۆبوونەوە لەسەر مەزاری شەهیدانی ڕاپەڕین، باسی لەوە کرد کە بست بە بستی کوردستان مەزاری شەهیدێکە و بە ئاماژەدان بە شەهیدکرانی ڕێبەرانی گەلی کورد لە ڤییەن و بێرلین، داوای لە حکوومەتی ئاڵمان کرد کە بە خستنە لیستی تێرۆری سپای پاسداران وڵامێکی گۆنجاو بە کردەوەکانی ئەو ڕێکخراوە تێرۆریستییە بداتەوە.

لە درێژەی ئەو ڕێوڕەسمەدا چەندین چالاکوانی ئێرانی، ئۆکراینی و ئاڵمانی باسی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئێرانیان کرد و هۆنەرمەندی ئاڵمانی . ئێرانی خاتوو دەریا بە گۆرانییەکی ئینگلیزی یادی شەهیدانی خۆپیشاندانەکانی ئێرانی کردەوە.

خۆپیشاندانەکە بە وتاری هەردوو پارلمانتاری ئاڵمانی خاتوو جێسیکا ڕۆزنتال و خاتوو کاترین ئوولیش کۆتایی پێ هات. ئەو دوو خاتوونە لە قسەکانی خۆیاندا بەتوندی لەسێدارەدانی گیراوانی خۆپیشاندانەکانی ئێرانیان شەرمەزار کرد و پشتیوانیی خۆیان بۆ گەلانی ڕاپەڕیوی ئێران دەربڕی.

سەبارەت بە خستنە نێو لیستی تێرۆری سپای پاسداران، خاتوو ڕۆزنتال ئاماژەی بەوە کرد کە ئێستا هەم لە ئاستی پارلمانی ئاڵمان و هەمیش لە ئاست یەکیەتیی ئورووپا بە پێداگرییەکی بێوێنەوە تێدەکۆشرێت کە ئەو ڕێکخراوە بخرێتە نێو لیستی تێرۆرەوە.

سەبارەت بەو باسە خاتوو ئوولیش ئاماژەی بەوە کرد کە ئەوانیش لە فراکسیۆنی حیزبی سەوزەکان بە چڕی سەرقاڵی ئەوەن تا دژی ڕێژیم هەڵوێستی گۆنجاویان هەبێت و بتوانن لە کۆتاییدا سپای پاسدارانیش بخەنە نێو لیستی تێرۆری یەکیەتیی ئورووپا.

ئەو خۆپیشاندانە، بە وتنەوەی دروشم و ڕێپێوانێک لەنێو شاری بۆن و چوونە سەر گۆڕستانی یەکێک لە قوربانییانی تێرۆریزمی دەوڵەتی ڕێژیمی ئێران لە شاری بۆن کۆتایی پێ هات.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## سێمینارێکی تایبەت بە نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان لە ئاڵمان بەڕێوە چوو



**١٧ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٧ی جانێوێری ٢٠٢٣ی زایینی**

سێمینارێک بۆ نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان لەلایەن "یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان - سووریە" لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو کە تێیدا جەخت لەسەر پشتیوانی لە شۆڕشی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرایەوە.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ١٧ی بەفرانبار سێمینارێک بۆ نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان لەلایەن "یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان - سووریە" لە وڵاتی ئاڵمان پێک هات کە لەو سێمینارەدا ژمارەیەکی زۆر لە نووسەر و ڕۆشەنبیرانی هەر چوار بەشی کوردستان بەشدار بوون.

حیسام ئەحمەدی، نوێنەری کومێتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ئاڵمان لەو سیمینارەدا بەشدار بوو.

ناوبراو لەو سێمینارەدا وێڕای بەرز نرخاندنی ڕۆڵی نووسەر و ڕۆشنبیرانی کوردستان، جەختی لەسەر هەڵوێستی نەتەوەییانە لە دژی دوژمنانی کورد و بەرپرسیاربوونی ئەو توێژە گرینگەی کوردستان لەهەمبەر ڕووداوەکانی پێوەندیدار بە کورد و کوردستاندا کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

نوێنەری کومێتەی حیزب ئاماژەی بەوە دا کە ڕەخنە و ڕەخنەگری لە جێگرکردنی کولتووری دواکەوتووانەی دوژمنان لە کوردستان بەشێکی دانەبڕاوە لە ئەرکی ڕۆشنبیرانی کورد و نابێ لەو ئەرکەیاندا کەمتەرخەم بن .

ئەحمەدی ئاماژەی بە گرتن، کوشتن و سەپاندنی حوکمی سێدارە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بەسەر خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات کرد و هاوکات باسی لەوە کرد کە لەو دۆخە هەستیارەدا کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونی هەیە، ڕێورەسمی جێگای سەرسوڕمان بۆ تێرۆریست قاسم سلێمانی لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەرێوە دەچێت کە دەبێ ڕووناکبیر و نووسەرانی کورد لە ئاستیدا بێهەڵوێست نەبن.

لە کۆتاییدا بەشداربووانی سێمینارەکە و بە تایبەت یەکیەتیی نووسەرانی کوردستان - سووریە پێداگر بوون لەسەر پشتیوانیی بەردەوام و هاوخەباتیان لەگەڵ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە شۆڕشێکی مافویستانەیان دژ بە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەست پێ کردووە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خۆپیشاندانێک دژی جینایەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتی بێلژیک بەڕێوە چوو




**١٨ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی جانێویری ٢٠٢٣ی زایینی**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە مەبەستی پشتیوانی لە ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و قوربانییانی فڕۆکە ئۆکراینییەکە خۆپیشاندانێکی نارەزایەتییان لە وڵاتی بێلژیک بەڕێوە برد.

لە درێژەی کار و چالاکییەکانی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران لە وڵاتی بێلژیک، ڕۆژی یەکشەممە ١٨ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، بەبەشداریی سەدان کەس خۆپیشاندانێکی بەرین بەمەبەستی لەقاودانی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوو و بەتایبەتی لەقاودانی سێ ساڵەی جینایەتی خستنەخوارەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی لەلایەن سپای پاسدارانەوە، بەڕێوە چوو.

سەرەتای خۆپیشاندانەکە لە ناوەندی شار "گێنت" لە وڵاتی بێلژیک بە خوێندنەوەی پەیامی ڕێکخەرانی خۆپیشاندان دەستی پێ کرد و بەوردی باسی هەموو جینایەتەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتداریی ئەو ڕێژیمە جینایەتکارە کرد.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر لەو ڕاپۆرتەدا باسێک لەسەر فتوای جیهادی خومەینی هەر لە سەرەتای بە دەسەڵاتگەیشتنیەوە تا ئێعدامە بەکۆمەڵەکانی خەڵخاڵی لە کوردستان وەکوو یەکەمین دیاریی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردستان کرا.

پاشان پەیامی ئەنجومەنی بنەماڵەی قوربانیانی فڕۆکەی ئۆکراینی پێشکەش بە بەشداربووان کرا.

لە بەشێکی دیکەی خۆپیشاندانەکەدا ڕێپێوانێکی گشتی لە ناوەندی شارەوە بە دروشمی دژ بە ڕێژیمی ئێران دەستی پێ کرد و بە دانانی تاجە گوڵینە لەسەر وێنەی قوربانییانی فڕۆکەی ئۆکراینی کۆتایی بە خۆپیشاندانەکە هات.

---

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی کورد و ئێرانی لەگەڵ سەرۆکوەزیرانی هولەند



**٢٠ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی = ١٠ی جانێوێری ٢٠٢٣ی زایینی**

هەیئەتێک لە کورد و ئێرانی بە سەرپەرستیی "بێری شەڵماشی"، لەسەر بارودۆخی کوردستان و ئێران، سەردانی سەرۆکوەزیرانی "هولەند"یان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی بەفرانباری ١٤٠١ی هەتاوی، هەیئەتێکی کورد و ئێرانی، بە سەرپەرستیی "بێری شەڵماشی" چالاکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەدەنیی دانیشتووی وڵاتی هولەند، لەسەر دۆخی خۆپیشاندەرانی بەندکراو لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی و بە گشتی گەلانی ئێران، لەگەڵ "مارک ڕوتە" سەرۆکوەزیران و "هۆکسترا" وەزیری دەرەوەی هولەند، چاوپێکەوتنیان کرد و پێشلکارییەکانی ماڤی مرۆڤی ڕێژیمی ئێرانیان بۆ دەوڵەتی ئەو وڵاتە شی کردەوە.

لەمبارەوە بێری شەڵماشی بە "کوردستان میدیا"ی ڕاگەیاند کە لەو چاوپێکەوتنەدا لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەتی هولەند، باسیان لەوە کردووە کە هولەند چۆن بۆی دەکرێت لەگەڵ هاوپەیمانانی خۆی گوشاری توند بخاتە سەر کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی کۆتایی بە پێشێلکاری و سەرکوتی خوێناویی خۆپیشاندەران بهێنێت و هەروەها وتیشی: ئێمە پێداگریمان لەسەر ئەوە کردووە کە دەوڵەتی هولەند هەوڵ بدات سپای پاسداران کە ڕۆڵی سەرەکیی هەیە لە تێرۆر و کوشاری گەلانی ئێران، بخاتە لیستی ڕێکخراوە تێرۆریستییەکانەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا**

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**بەفرانباری ٢٧٢٢ی کوردی = جانێوێری ٢٠٢٣ی زایینی**

---






سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com